دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی نەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
● گۆبوونەوەی نەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ل٢ ٠
● جەماوەری دهۆك چەك هەڵدەگرن بۆ بەرگری لە سەربەرزی عیراق ل٧ ٠

● پێنج شەممە ١٩٨٣/١٢/٨ ژمارە ٧١٥ ● ٨ لاپەڕە ● بە ٥٠ فلسە ● الخميس ١٩٨٣/١٢/٨ العدد ٧١٥ ●

سەرەکی فەرمانده

ئەگەر نیشتمان لە دەست چوو ژیان و سەربەرزی و شەرەفمەندی بۆ بیاو نامێنێتەوە

بەرێز سەرەکی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان رۆژی دووشەممەی رابووردو مەدالیای ئازایەتی بەخشی بەلیوا روکن فەرماندەی ڕێز بەرامبەر ئازایەتی نموونەیی و هەڵوێستی سەرکردانەی بەرپرسیاریان لە بەرگری کردنیادا لە شەرەفمەندی نەتەوەو نابرووی ٠

دیسان بەرێز مەدالیای ئازایەتی بەخشی بە دەستەیەکی تر لە ئەفسەروجەنگاوەران بەرامبەر ئازایەتی نموونەییان لە بەرگری کردنیادا لە شەرەفمەندی نەتەوەو سەربەرزی دژی دەستدرێژی رژێمی قین لە دلی ئێران ٠

بەرێز سەرەکی فەرماندەدووپاتی کردەو ، کە پیاو ژیانی بێ سەربەرزی نابێ و پیاو ناتوانی پارێزگاری شەرەفمەندی خۆی بکات ئەگەر نیشتمانی لە دەست چوو ٠

ژمارەی داهاتوو دەقەی وتەکەی سەرەکی فەرماندە بڵاو دەکەینەوە ٠

سەرەکی فەرماندە : بەعسیەکان پێشمەرگەی قورباڵی دەکەن

بەرێز سەرەکی فەرماندەموهیب روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان دووپاتی کردەوە کە ڕێکخراوی بەعسی لە هێزە چەکدارەکاندا حالەتێکی دابراوانیە لە کاری رۆژانەی هێزە چەکدارەکان لە مەیداندا و بەڵکو حالەتێکی رۆژانەی پێوەیی بەستراوە

بەرێز سەرەکی فەرماندە رۆژی یەکشەممەی رابووردو لە کاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك جەنگاوەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست وەك ڕێز بەرامبەر بەوەی ئەرکی خۆیان نموونەیی جێبەجێ کردوە لە خرمەتی سوپاو نیشتماندا وتی : بەعسیەکان دەبێ لە پێشەنگی قوربانی دەران بن و دواین بن لە ئیمتیازو سوود وەرگرتن بە سوودی رەواو ئیمتیازی رەواشەوە ٠

دەقی وتەکەی سەرەکی فەرماندە لە ل ٢دایە ٠

جەنگاوەرانی سوپای ئازامان دەستی مەردانەی زیاتر لە دوژمن دەوەشێنن

هێزە جەنگاوەرەکانی سوپای مەردی عیراق بەردەوامە لە پاراستنی سنووری رۆژهەڵاتی وڵاتەکەیان و وەك شێری مەیدان بە رووی گەردەلوول ئەردو خەونە چەپەلەکانی خومەینی جادووگەردا وەستاوە ٠

لە ماوەی هەفتەی رابووردودا ، بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ، جەنگاوەرانمان لەماوەی دەوریەکانیەوەو ئەو کەرتانەی لەریزی پێشەوەی بەرەی جەنگن زیانی زۆریان لە دوژمن داوە ٠

هەفتەی رابووردوو فرۆکەیەکی هلیوکۆپتەری دوژمن لە کەرتی سەرو بەکوللەی هێزە ئازاکانمان خرایە خوارەوە

لە بەیاننامەی ژمارە ١٢٩٧دا هاتووە کە دەوریەکی جەنگاوەرمان لە کەرتی بەسرە هەڵمەتێکی ئازاو سەرکەوتوانەی بردۆتە سەر مۆڵگایەکی دوژمن و بەچەکی هەمەجۆر لێیداوەو کۆژراو بریندارێکی زۆری خستۆتە ریزی ئەو هێزەی دوژمن و خۆیان بەسەلامەتی گەراونەتەوە بنکەی خۆیان ٠

هەرهەمان دەستەوەشاندی مەردانە لەلایەن هێزەکانمانەوە لە کەرتی ناوەراست ئاراستەی سەرسەری دوژمن کراوەو جموجوڵی چاوکراوەو وریایی هێزەکانمان وای کردوە دوژمن نەتوانی لەجێی خۆی بجوڵی و ئەمەو بەردەوام سەربازەکانی دوژمن لەدەست جەوروستەم هەڵدین و لەم هەفتەیەدا ژمارەیەکی زۆریان هاتوونەتە ریزی هێزەکانمان و خۆیان تەسلیم کردوە، بەم جۆرە جەنگاوەرە مەردەکانی عیراق بەرگری لە سەربەستی و سەربەرزی عیراقی لونکە دەکەن و خەونەکانی خومەینی جادووگەر کۆڕدەکەن ٠

رۆژنامەکانی هیندستان :

عیراق بەردەوامە لە پتەوکردنی توانای

رۆژنامەی دیارتینی هیندستان دووپاتی کردۆتەوە کە عیراق بەردەوامە لە پتەوکردنی هێزو توانای خۆی لە رووی جەنگەوەو سوورە لەسەر ئەم ڕێگایەش تا حوکمڕاکانی تاران عاقل دەبن و تێدەگەن کە شەڕی دوژمنایەتی کاریان نایانگەیەنێتە هیچ و هەر دۆراو دەبن ٠

لە لایەکی ترەوە گۆڤاری لنیك مەر لە هیندستان نووسیویەتی دەڵێ پەلامارە نارەواکەی ئەم دواییەی خومەینی لە کەرتی باکور توشی نو شستیەکی وا بوو نیایدا بە بەنگ بوو ٠

هەروەها وتویەتی ئازایەتی و زوو هاتنە دەستی هێزەکانی عیراق پەلامارەکەی رژێمی ئێران بەسەر ئەو رژێمە خۆیدا شکانەوەو زیانی سەروماڵی زۆر لە ریزی هێزەکانی خومەینی دابوو ٠

تازە بوونەوەی شەڕ لە تەرابلس

رادیوی بەیروت بڵاوی کردەوە کە دوێنێ نیوەڕۆ لە شاری تەرابلس لە سەرووی لوبنان شەڕێکی توند رووی داوە کە چەکی ساروخی و "ئار. پی. جی" تیا بەکار هاتووەو ئەم شەرە ئارچەی قبەو حلولی و تابانەی گرتۆتەوە ٠

بەڵام دوایی راگەیەنرا کە لەسەعات ٥٫٣٠ پاش نیوەڕۆدا ، لایەنە بەیەکدا هەڵپژاوەکان گەشتنە ڕێکەوتنی شەروەستاندن ٠

رووداوەکانی رۆژانی رابووردوو

جدە :

دوێنێ سەرەکی نایجری سیتی کونتشی بە سەردانێکی رەسمی گەیشتۆتە سعودیە دوای تەواوبوونی سەردانەکەی لە میسرو گفتوگوکردنی لەگەڵ سەرەکی میسر حسنی مبارك ٠

رەبات :

ژەنرال ئەکسندر هێك وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمەریکا بەسەردانێکی چەند رۆژی بۆ مغرب گەیشتۆتە رەبات ، سەرچاوەکانی مغرب سەردانەکەیان بە تایبەتی باس کردوە ٠

ئەثینا :

پێشەواکانی وڵاتانی بازاری ناوکۆیی ئەوروپا لە ماوەی سێ رۆژی رابووردودا نەبانتوانی بگەنە ئەنجامێکی باش دەربارەی ئەو کێشە دارایی پەیوەندی بە باری بازرگانی ئەو وڵاتانەوە هەیە ٠

کینیا :

سەرەکی سودانی جعفر نمیری رۆژی شەممەی داهاتوو دەچێ بۆ کینیا بە سەردانی کە سێ سێ رۆژ دەخایەنێت ٠

بۆمبا گرتنە دەوریەیەکی زایونی

لە شاری تەرابلسی بەرەی رۆژئاوای داکیرکراودا بۆمبایەکی سوتێنەری مۆلۆتوف گیراوەتە دەوریەکی عەسکەری زایونی و قسەکەرێکی سوپایی دوژمن وای پروپاگەندە کرد کە هیچ زیانی نەبووە ٠ بەڵام هێزەکانی زایونی زوو کەمارۆی ئەو ناوچەیەیان داوەو جەندان لاوی شارەکەیان کرتووە ٠

لە لایەکی ترەوە یە هوی بە بەکا هەڵپژانی قوتابیان و هێزەکانی زایونیەوە لە شاری قدسی زەوتکراو باری شارەکە ئالۆزبوەو پولیسی زایونی بۆ بەڵاوە پێ کردنی قوتابیان بۆ مبهای فرمیسك ڕێژی بەکار هێناوە ٠

مەسەلەی فەلەستین لە بەردەم تونگرەی ئیسلامیدا

مەسەلەی فەلەستین لە بێشەوەی ئەو مەسەلانەدا دەبێت تونگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە ئیسلامیەکان لە ١٤ی ئەم مانگەدا لە پایتەختی بانگلادیش لە دکا باسی دەکات ٠

بەرپرسیارانی ٤١ دەوڵەتی ئیسلامی بەرنامەی کاری کونگرەکەیان داناوەو راشکەیەنرا کە لە مەسەلە گرنگەکانی تر کە باس دەکرین مەسەلەی شەڕی عیراق و ئێران و مەسەلەی قبرس و ئەفغانستان دەبێ ٠

شەڕ لە نێوان هێزەکانی فیتنام و بەرهەڵستکارانی کەمبۆدیا

لەم رۆژانەدا شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی فیتنام و بەرهەڵستکارانی کەمبۆدیادا لە ناوچەی سەرسنوور لە سەرووی کەمبۆدیا قەوماوە ٠

ئاژانسی دەنگوباسی تایلاندی رای گەیاندوە کە هێزەکانی فیتنام لە ناوچەی ئودارمێنشی لە سەرووی کەمبۆدیا پەلاماری هێزە چەکدارە بەرهەڵستکارەکانی داوە بەبێ ئەوەی درێژە بە مەسەلەکە بدات ٠

محاکەمە کردنی پێنج کەس لە «توده»ی ئێرانی

سێ شەممەی رابووردوو محاکەمە کردنی پێنج ئەندامی حزبی « توده » ی ئێرانی دەستی پێ کرد کە گوناهبار کراون بە بەر هەڵستکاری رژێمی خومەینی و بەشدارییان لە جۆرە بزوتنەوەیەکدا نیازی روخاندنی رژێم بووە ٠

رادیوی تاران وتی ئاذمیرال «بهرام الافضلی» سەرکردەی پێشوی هێزی دەریای ئێران لەناو ئەوانەدایە کە محاکەمە کراون ٠

بومەلەبەرزەیەك لە ژاپۆن

کۆکیۆ ـ ٥ ـ ئاژانسی دەنگوباسی عیراق بومەلەرزەیەك کە زۆر بە هێزنەبووە رۆژی پێنجی ئەم مانگە لە دوورگەی کیوتۆو شیکۆکۆ رووی داوە کە ئەکەونە خوارووی رۆژئاوای ژاپۆن ٠

گوشتنی چوارده بەرهەڵستکار لە گواتیمالا

گواتیمالا ـ ٥ ـ ئەب ـ لە پێکهەڵپژانێکدا لە نێوان هێزەکانی میری و هێزە بەرهەڵستکارەکاندا رۆژی شەممەی رابووردو چوارده بەرهەڵستکاو کوژراوە ٠

رۆژی چواری ئەم مانگە لە بەیاننامەیەکدا کە سوویا بڵاوی کردۆتەوە باسی کوشتنی دە بەرهەڵستکاری کردوە کە لە ناوچەی بلابا جراندی سەر بە ناوچەی کویش لە سەروی وڵاتو ئەوانی تر لەناوچەی بەعوبنبانجۆ کوژراون ٠

ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین تەقینەوەیەك لە قدس بەرپادەکات

کوشتن و بریندارکردنی ٥٠ زایۆنی

ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستین رای گەیاند کە ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بەو تەقینەوەیەی لە باسێکی زایونیەکدا لە قدس داگیرکراو رووی داو بوە هوی کوشتن و بریندارکردنی پەنجا زایۆنی ٠

بەپێی بەکی عەسکەری فەلەستینی کە ئاژانسی « وفا » وی کردەوە دەڵی بۆمبایەکمان لە پاسێکی عەسکەری زایونیدا تەقاندەوە کە زیاتر لە چل کەسی عەسکەری زایونی پێوەبووە ٠

زایونیەکان بەرامبەر بەم رووداوە کەوتنە گرتنی دەیان هاووڵاتی فەلەستینی بە بیانووی ئەوەی پەیوەندیان بە رووداوەکەوە هەیە ٠

سەرچاوەیەکی پۆلیسی زایونی ووتویە زوربەی برینداره‌کان حالیان مەترسی لێدەکرێ ٠

دیسان رای گەیاندن تەقینەوەکە باسەکەی پارچەپارچە کردوەو لە لایەکی تریشەوە یاساولی زۆر لە دەوری بالیۆزخانەی ئەمەریکا لە فەلەستینی زەوتکراودا دانراوە لە ترسی رووداوی هەڵمەتی فیدائیە فەلەستینیەکان ٠

ناردنایی دژی چەکی ئەتۆم

لە ئۆتایی ئەم هەفتەیەدا لە سێ پایتەختی ئەوروپای رۆژئاو خۆپیشاندانی ئارەزایی دەربرین دژی دانانی ساروخی مودامام ناوەندی ئەمەریکایی لە ئەوروپا رووی داوە ٠

لەئەلمانیای رۆژئاوا خۆپیشاندەران بەرژبنی بنکەی ئەمەریکایان شکاندوە لە بونانیش دە هەزار کەس لە ئاتینا خۆپیشاندانیان کردوە دژی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم لە ئەوروپا ٠

لە ئۆکەخانەی هیلینکوتیش هەزاران کەس بە ئارەزایی دەربین و هاوارکردن دژی دانانی ساروخی بیرشنگ بیشەزی بەشدارانی کونگرەی بازاڕی ناوکۆیی ئەوروپایان کرد ٠

Institut Kurde de Paris

دەق ووتەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین

لە کاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە دەستەیەك تێکۆشەری بەعسی

بەعسی بەتوانایەکی بێ هاوتا رابەرایەتی رەوت دەکەن

ئەو دەستەیەی کە لە بەردەمتانان و بە ناوی سەرکردایەتی یەکەوە سەربەرزیان دەکەین لە تێکۆشەرانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستن ئەو حزبەی کە بە تەواوی لە ٣٠ی تەمووزەوە بە توانایەکی ئاشکرا لای عیراقی یەکان و لای جیهان ڕەوتی شۆڕش دەبا بەڕێوەو بەگوێرەی بارودۆخی عیراق و نەتەوەی عەرەب شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەمووزی تەقاندەوە وەك دەیزانن و هەووان دەیزانن ٠

ئەمڕۆیش بە تواو کارامەیی بەوە ئەرکی بەرگری کردن دەبا بەڕێوە لە عیراقی مەزن و تازەکردنەوەی بڕوا بە دەروونی عەرەبی لە هەموو شوێنێکداو دەتوانێ بەرگری لە نیشتمانەکەی بکاو دەتوانێ وەك ئەوەی پێویستە پەیامی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی هەلگرێ ٠٠ ئەم تێکۆشەرانەی کە لە بەردەمتانان لەو پە حزبی یەدان کە لە دوای نووسینگای سوپایی ڕێکخراوەی هێزە چەکدارەکانەوە دێو سەربەرزکردنیان تا ئەمڕۆ دواکەوت بۆ دووپات کردنەوەی بیروباوەڕێکی سەرەکی کە لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئیستا پەیڕەوی کراوەو بریتی یە لەوەی کە بەعسی یەکان دەبێ لە پێشەوەی قوربانی دەدەن و دواترین کەس بن لەوانەی کە پێناوی بیروباوەڕدا کۆشش بکەن نەك لەبەر شتێکی ترو بەخشینی مەدالیای ئازایی پێیان هەر بەلگەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی پێناوابانا هات و بۆ ئەوەی ئا لەم شوێنەدا بە ئەمانەت ڕاستی یەکی مێژوویی لەبەردەم عیراقی یەکانا دووپات بکەینەوە دەڵێین پێوەندی یان هەبێ بە پاداشت و قازانجەوە بە قازانجی ڕەواو پاداشتی ڕەوابشەوە ٠

لە سێ سال زیاتر بەسەر شەڕدا تێپەڕبوو یانی شەڕ دەچێتە ساڵی چوارەمیەوەو هەموو گەلی مەزنی عیراق و دلێرانی هێزە چەکدارەکان دووپاتیان کردەوە کە وا دەتوانن بەرگری لە عیراق و لەو بیروباوەڕانە بکەن کە شۆڕشی تەمووز لە بەعسی یەکان لە پێشەوەی ئەوانەوەبوون کە قوربانی یان داوەو لە پێشەوەی ئەوانەوە بوون کە هەڵوێستە دیارەکانیان جێی ستایش بوە لە هەموو بارو دۆخێکی ئاڵۆزی ئاشکرای ئەم شەڕەدا بەتایبەتی پاش ئەوەی بوو بە شەڕێکی درێژ وەك ئەوەی دەیزانین و ڕێکخراوەی بەعسی لە هێزە چەکدارەکاندا بارێکی جیاکراوەیە لە کاری ڕۆژانەی هێزە چەکدارەکان لە مەبداندا بەلکو بارێکی وایە بە شێوەیەکی ڕۆژانە پێوەندی لە گەڵدایە لەو کاتەدا کە جیاوازە لێی لە شوێنیەوەو بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کە بە پێی یاسای ناوخۆی حزب دانراوە ٠

بەعسی یەکان لە پێشەوەی ئەوانەبوون کە هەڵوێستە دیارەکانیان جێی ستایش بووە

کە وابوو ئەو تێکۆشەرانەی لە بەردامانان هەموو بەشداری یان لە بەرەکانی شەڕدا کردوە بە لیوا ڕوکن فرۆکەوان عبد الجبار السودانی یشەوە کە لە ئەرکی پێکەوەژیاندا بەشداری کردوە بۆ چەند ماوەیەك بەو جۆرەی نووسینگای سوپایی دابنابوو و هەموویان لە هەمان بارودۆخدا ژیاون کە فەرماندەو پێشەواکانی هێزە چەکدارەکان نیا ژیاون بەپێی ئەرکو بارودۆخی ئەو هێزانەی کە لە گەلیانا ژیاون و لەگەل ئەوەیشدا سەربەرزکردنیان لە فەرماندەو پێشەواکان دواکەوت بۆ ئەوەی ئەو ڕاستی یە دووپات کاتەوە کە وا پێویستە بەعسی یەکان لە ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست بەجێ هێناوە هیوای سەرکەوتنم هەیە بۆ هەمووان و بەرزی بۆ عیراق و بلندی بۆ نەتەوەی پیرۆزی عەرەب و نەمری بۆ پەیامەکەی نەتەوەکەمان ٠

لەبەر ڕووناکی ڕووداوەکانا

خامنئی و ڕای گشتی جیهان

پێش ماوەیەك ٠٠ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەل ڕۆژنامەنووسە بێگانەکاندا خامنئی گەلێ تەنگەتاو بووەو نایەزایی خۆی بەرانبەریان دەربڕیوە ٠٠ چونکە هەروەك دەڵێ : بە تەواوەتی باسی ئێرانیان نەکردووەو بارودۆخی ئێرانیان دوای شا نەخستوونەتەڕوو ٠٠ ئەمەش ئەوە دەردەخات «قسە هەر بۆ خامنئی یە» کە بڵێین ئەم تاقمانە نەزانن و پێویستیان بە هوشیاری هەیە ٠٠

ئە تاوا بەگشت سادەیی و ئاسانیێك خامنئی لەگەل ڕۆژنامەنووسەکاندا قسەدەکات ٠٠ وەکو بڵێی لەگەل کۆمەڵەیەکدایە ئاگایان لە هیچ نەبێت و نازانن ئێستا لە ئێرانا چی ڕوودەدات ٠٠

خامنئی بەدڵشکاوی و تەنگەتاوی و نیگەرانیەوە باسی ئێرانی دەکرد ٠٠ چونکە هەروەك خۆی دووبارەی دەکردەوە : ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسەکانی جیهان لە هەقیقەت و باری ڕاستەقینەی ئێران تێنەگەیشتوون و هیچ نازانن دیسان دەیگوت : دەبوایە ڕۆژنامەنووسەکان شتێك دەرهەقی ڕژێمەکەیان بنووسن ٠٠٠

ئایا خامنئی چی ی گەرەکە دەربارەی ڕژێمە چەپەلەکەی بنووسرێت دەیەوێ ئەوانیش خۆیان کەڕبکەن و بڵێن ئێمە هیچمان نەبینیوەو نەبیستووەو خۆیان گێل بکەن و پەردە بەسەر ڕاستی و حەقیقەتدا دابنێن ٠٠

ئایا دەتوانرێت کارەساتی پڕلەخوێناویی خومەینی لە بیر ببرێتە وە دەتوانرێت باری نالەباری گەلانی ئێراندا بپۆشرێت ٠٠

خامنئی دەیەوێ : ڕەوشتی پیسی خومەینی و ڕژێمەخوێنرێژەکەی و کردەوە نامرۆڤایەتی و پڕ لە تاوانەکانیان باس نەکرێت ٠٠ ناوی کوشتن و بڕین و قاچاغچێتی و دزین و لەسێدارەدان و برسێتی نەبرێت ٠٠

خامنئی هەست بە ناڕەحەتی و تاڵی و شپرزەیی دەکات چونکە ئەو وێنەیەی لە مێشکی جیهانیدا دەربارەی ڕژێمەکەیان چەسپیوە وێنەیەکی تۆقێنەرو ترسێنەرە وێنەیەکی ناڕەسەن و بەدفەسالە، هەرگیز ناسڕێتەوە ٠٠ دەیەوێ باسی بەخشندەیی و پێشکەوتن و سەربەستی و کامەرانی بکرێت ٠٠٠

ئەی کوا کامەرانی ٠٠ !! کوا پێشکەوتن و بەخشندەیی ! جا وێنەی سەربەستی لە ئێراندا هەیە ٠٠ ؟

ئەوانەی لەم ماوەیەدا کە ژمارەیان لە ٣٠ هەزارکەس تێپەڕیوە لەسێدارە دراون گوناهیان چی بووە ؟

ئەی لەبەر چی کوردەکان لەوێ گوللە باران دەکرێن و خومینی خۆی فتوای کوشتینیانی داوەو ووتوویەتی کوشتنیان حەڵاڵە ، چونکە هەروەك دەڵێ ئەمانە کافرن و خوا نەناسن ٠٠٠ !

ئایا خومەینی خوا نەناسێ کاتێ مندالی شیرەخۆر ئەکوژێ و دەستو قاچی نافرەت ئەبڕێ و بە جۆرەها شێوە سزایان ئەدات ٠٠ !

خامنئی هەقیەتی شکایەت بکات ٠٠ ! چونکە گشت کردەوەکانیان بۆ سەرانسەری جیهان ئاشکرا ڕوون بۆتەوە ٠٠ هەقیشیە تەنگەتاو بێت و ناڕەزایی خۆی دەربڕێت ٠٠ ! چونکە ڕای جیهانی بەرانبەر بە ڕژێمەکەیان کەلێ خراپەو بە درندەو بەدفەسال و نابەسەند ناویان ئەبەن ڕۆژنامە نووسەکانیش هەقیانە باسی وەزعی ئێران بکەن ٠٠ و شکایەتی گەلانی ئێران بکەیەنە هەموو کون و قوژبێنێکی جیهان ، بە دڵسۆزی و هەستی مرۆڤایەتیەوە گشت پەژارەو کەماسی و هەژاری و چەرمەسەرییان بنووسن ٠٠

دوا پرسیارمان هەربۆ خامنئی خۆیەتی ٠٠ !

بۆچی ناڕەزایی و شکایەت لە ڕۆژنامەنووسەکان ٠٠! جا گوناه گوناهی ڕۆژنامەی جیهانیە یان گوناهی ڕژێمەکەی قوم و تارانە ٠٠ ! ؟

● فؤاد حسین ●

● شێرزاد عبدالرحمن :

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان

لە لقی هەولێرەوە :

ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دوپاتی دڵسۆزی و وەفاداری خۆیان کردەوە بۆ قوربانی دان و ڕاوەستانیان لەپاڵ سەرکردایەتی پارت و شۆڕش و سەرەکی فەرماندە تێکۆشەر صدام حسین دا ٠٠ ئەمەش لەو کۆبوونەوەدا کە ئەنجومەنی یاسادانان لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا بەسەرەکایەتی بەڕێز احمد عبدالقادر نەقشبەندی سازی کردو ئەمەش کۆبوونەوەی پێنجەمی ئەنجومەنە لە خولی نوێی دا ٠٠٠

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان ووتەیەکی خوێندەوەو تیایدا باسی ئەو بۆنە پیروزەی کرد کە ڕۆژی ـ شەهیدەـو تیایدا ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران گەورەترین تاوانێکی لەمێژوودا بەڕێـا کرد بەکوشتنی بەدیل گیراوەکان دوور لە هەموو یاساو ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی و بەمەش تاوانێکی نوێ ی خستە پاڵ تاوانە خیانەتکارەکانی ٠٠

هەروەها بەڕێزی لەووتەکەی دا ڕاوەستانی گەلی کوردمانی ڕوون کردەوە لە گەل ڕێبازە شۆڕشگێرانەکەی سەرکردایەتی پارت و شۆڕش و ئەو جەنگە چارەنووسیەی دەیگێڕێ بۆ بەرگری کردن لە خاك و هەق و ڕاستی و ئەمەش ئامادەی گەورەترین قوربانی و فیداکاری یە ٠٠

ئەنجامەست کرا بە گفتوگۆکردن لەسەر کاروبارەکانی کۆبوونەوەی پێنجەمی ئەنجومەن کە چەند بڕگەیەکی گرنەوە ، بەتایبەتی قسەکردن دەربارەی ڕاسپاردە کاروباری کۆبوونەوە، پێشووی ئەنجومەن و یەك هێنانی چەند لێژنەیەکی ئەردەوام بۆ ڕابەڕاندنی کاروبارەکانی ئەنجومەن ٠ ئەروەها ئەندامانی ئەنجومەن کەوتنە قسەکردن دەربارەی چەند لایەنێکی کاروباری هاوولاتیان و ئەوشتانەی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە لایەنی خزمەتگوزاری هەولێرو قەزاو ناحیەکانەوە هەبە و ئەنجومەن بەدرێژی لەو پێویستی یانە کۆلیەوە ٠٠

لەسلیمانی

گەرانەوەی جەنگاوەران لە بەرەیەکی جەنگ

پێری جەماوەری شاری سلیمانی پێشوازی دەستەیەك جەنگاوەری سوپای میلی کرد دوای بەشداربوونیان لە لەرۆنەکانی گەلی کوردە ـ ان جەنگی قادسیەی پیرۆزی صدام دا ٠

لەم پێشوازیەدا بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلیمانی و هاوڕێ ئەمین سری سەرکردایەتی لقی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کاربەدەستو ئەندامانی ڕێکخراوە پیشەیی و میلیەکان و جەماوەرێکی زۆرو کەس و کارانی جەنگاوەران بەشداریان کرد٠ جەنگاوەرە باڵەوانەکان و ئەو جەماوەرەی کە هاتبوون بۆ پێشوازیان خۆشەویستی خۆیان بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەربڕی و ئامادەییان پیشاندا بۆ ڕابەڕاندنی هەر ئەرکی پێیان بسپێردرێ ٠

ڕووداوەکان بە وێنە :

ئەوەی فەلەستینی خۆراگرتو

سەرەڕای ئەو هەموو پیلانو دەستدرێژیە نارەوایەی لەلایەن زایونیەکانو ئیمپریالیەوە لەلایەکو هەردوو ڕژێمی چەپەڵی ئەسەدو قەزافیەوە دژی کە لە فەلەستین دەکرێن بۆ ئەوەی ملی کەچ کات و خاوەن بڕیاری خۆی نەبێ بەڵام ئەوەی خۆراگرتوی فەلەستین لەوان بەهێزترەو خۆراگرتوو ، دوو وێنە لەسەرەی تەرابنوس ٠

Institut kurde de Paris

چۆن مۆکینبۆت لە ئازارەکانی رزگاردەکرێ ؟

مەغدید حاجی

جێگای خۆشحاڵیە کە بەشێك لە برا نووسەرو هونەرمەندەکانمان لە ماوەی ئەم سێچوار ساڵەی دوایی دا بایەخێکی هەستپێکراویان بە نووسینو ئامادەکردنی شانۆگەری خۆمانی ووەرگێرانی هەڵبژاردەی چاك لە شانۆیی جیهانی داوە .

هەر سێ گۆڤاری (رۆژی کوردستان) و (بەیان) و (کاروان) یش لەم ماوەیەدا سەرو ژمارەیەکی تێروتەسەلیان بۆ شانۆ تەرخانکردووەو لە ئەنجامی ئەم هەوڵە بایەخدارەشیاندا گۆمەڵێك دەقی شانۆیی خۆمانیو وەرگێڕدراو کەوتنە بەردەستی خوێندەواران و برا دەرهێنەرەکانمان .

دووا هەولیش لەم بوارە دا ژمارە نۆی گۆڤاری (کاروان) بوو کە (١١) دەقی شانۆیی بە خۆبەوە گرتووە کە یەکێکیان شانۆگەریەکی نووسەری جیهانی ناسراو (پیتر فایس) ە بە ناونیشانی (چۆن مۆکینبۆت لە ئازارەکانی رزگار دەکرێ ؟) .

نۆبەرەی تیپێکی شانۆیی نوێ :

تیپی شانۆی رۆشنبیری سەر بە بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سەر شانۆی هۆڵی جەماوەر لە شاری هەولێر لە رێکەوتی ١-٩-١٩٨٣ تا ٥-٩-٩٨٣ دا شانۆگەری [مۆرۆڤو ئازارەکانی] یان [چۆن مۆکینبوت لە ئازارەکانی رزگار دەکرێ ؟]ی پێشکەش کرد کە کاك عەبدوڵلا قادر محەمەد لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەو سەباح عەبدولرەحمانی هونەرمەندیش دەریهێناوە .

پیتەر فایسو دەقی شانۆگەریەکە :

هەڵبژاردنی دەرهێنەر بۆ ئەم دەقە جیهانیە خۆی لە خۆی دا هەوڵدانێکی داهێنەرانەیەو شایانی ریزلێنانەو هیوادارین لەمەولا زیاتر ئاشنایەتی لە نێوانی بینەرانمانو دەقە جیهانییە چاکەکان بەیدا ببێتو لە هەمان کاتیشدا بایەخی سەرەکی بە هەڵبژاردنو پێشکەشکردنی دەقی خۆمالی بدرێت .

نووسەر لە ئەلەمانیا لە دایك بووەو لە سەردەمی نازیەکاندا ناچاربووە لە گەل خێزانەکەیدا ئەلەمانیا جێبهێڵێو بەرەو سوید بڕۆن . پاش ئەوە نزیکەی ٢٧ ساڵ تەمەنی لە سوید بەسەربردووە .

گشت شانۆگەریەکانی بە زمانی ئەلەمانی نووسیوەو یەکسەر وەرگێڕاون بۆ سەر زمانی سویدی بۆ ئەوەی دەرهێنەری بەناوبانگ «ئەنگمان» بە زمانە سویدیەکەی خۆی دەریان بهێنی .

لە گەل ئەوەشدا «پیتەر فایس» نە وڵاتی ئەلەمانیاو نە وڵاتی سویدی بە نیشتمانی خۆی دانەناوە بەڵکو لە هەر شوێنێکدا بووبێ خەباتی مرۆڤایەتیانەی خۆی کردووەو بە هونەرەکەی دژی درندایەتی سەرمایەداریو چەوساندنەوەی مرۆڤ وەستاوەتەوە .

دەربارەی هەڵوێستی لە نووسیندا ، فایس لە لێدوانێکیدا گوتوویەتی «من بە رادەی یەکەم خۆم بە نووسەرێکی مولتەزم دەزانمو شانۆگەر بەکانیشم بە رادەی یەکەم هەڵوێستێکی فکریو سیاسیان تێدایە . گەر وا نەبووایە دەبوایە هەرگیز پێنووسم بە بە دەستەوە نەگرتبایەو وشەم نەخستبایەتە سەر کاغەز»(١)

مۆکینبوت پاڵەوانی سەرەکی شانۆگەریەکەیە .. لە سەرەتادا واقعە تاڵەکەی باش نە ناسیوەو لە مۆی سەرەکی ئازارەکانی ناگات .. مرۆڤێکی سادەی بێ تاوانە . بەڵام پێلاوەکانی بەراوەژوو لە پێ دەکاتو چاوێکیشی شووشەیەو ئەوبتریشیان زیخی تێدایە !! .

مۆکینبوت ، هێمایەکە بۆ ئەو مرۆڤانەی پەیوەندیەکانی رژێمی سەرمایەداریو داب و نەریتو یاسا کۆنەپەرستەکانی ئەم رژێمە دەیانپرووتێننەوەو تووشی ئەو پەرەی دەردەسەریان دەکەن . بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم بارە نالەبارەی کە مرۆڤی بیسا دەچەوسێندرێتەوە دەبێتە هۆیەکی کاریگەر کە گشت مۆکینبۆتەکان لە کۆتایی دا خۆیانی تیا بناسنەوەو رێگای رزگاربوون بدۆزنەوەو دۆستو دوژمنەکانیان لێکتر جیابکەنەوە .

ژیانی مۆکینبۆت لە بەندیخانەو لە دەرەوەی بەندیخانەدا هەمووی هەر ئازارەو وەك بەك وایە ،چونکە ئەم رژێمەی لە ژێر سێبەریا گوزەران دەکات لە بنەڕەتەوە دژی مرۆڤایەتیەو لە پێناوی پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتو مانەوەیشی مرۆڤە بێ تاوانەکان ، ئەوانەی دەیانەوێ بە سەربەستی بژێنو بێ هیچ هۆیەك لە کار دەرنەکرێنو کەرامەتو ژنو ئازادی بیروباوەڕیان لێ زەوت نەکرێت .. دەخاتە زیندان یا ژیانیان لێ دەکاتە بەندیخانە .

پیتەر فایس لە رێگای نووسینی ئەم شانۆگەریەیەدا یاساو یاساکاریو خوورەشتو دامودەزگاکانی لە ژێر سێبەری رژێمی سەرمایەداری دا ڕیسوا کردووەو رۆڵی هەموو لایەکیانیش لە ئازاردانو گوێ پێنەدانی مرۆڤدا روون کردۆتەوەو لە کۆتایی شانۆگەریەکەشدا دەڵێ :

«مۆکینبوت لە پاشان لە سەرەخۆو بە جوانی پێلاوی چەپە لە پێی چەپە دەکاو هی ڕاستەش لە پێی ڕاستە دەکاتو هەڵدەستێتەوە ، لە سەرەتا دا بەلادا دەچێو لە پاشان چەند هەنگاوێك بە ترس دەڕوا ، دەچێو ئینجا بە رێك وپێکی دەڕوا .. حەیف .. حەیف بێ بەختی ئەم کابرایە رێگا بۆ خەڵکی تر روونادەکاتەوە ، سەیر کەن سەیری ئەم بیاوە باشە کەن . کە چەریکە برانێ لە دەوروبشتیدا چی هەیەو وا خۆی دەناسێ دەبێ لە کۆتاییدا لە هەموو کارەساتەکانی رزگاریی بێ (٢) .

نووواندنو جوولانەوەی ئەکتەرەکان :

بەشداربوونی دەرهێنەری شانۆگەریەکەو هەندێك لە ئەکتەرەکان هەر لە رۆژانی پرۆڤەکردنیانەوەو لە ماوەی پێشکەشکردنی بەرهەمەکەشداو لە یەك کاتدا لە دوو شانۆگەریو بگرە زیاتریش دەبووە هۆی :

١ ـ ماندوبوونیان ، ماندوبوونەکەش بە سلبی رەنگی لە راهێنانەکانیان دەدایەوە .

٢ ـ ماوەی ئەوەیان نەبوو لە دەرەوەی کاتی پرۆڤەکردندا هەریەکەیانو بە دروستی دەورەکەی خۆی لە بەر بکات . هەندێك لە ئەکتەرەکان بە تایبەتی هونەرمەندان سەباح عەبدولرەحمانو جیهان احمد تاکو رۆژی جەنەرال پرۆڤەش دەورەکانی خۆیانیان بە گوێرەی پێویست لەبەر نەکردبوون بۆیە لە رۆژنی پێشکەشکردنی شانۆگەریەکە دا هەست بە لادات لە دەقەکەو خێراییو پچڕپچڕی حیوارو قسەکردنو زەبەتنەکردنی جوولانەوەی ئەکتەرەکان دەکرا .

٣ ـ هەروا لە ئەنجامی دەوربینینی ئەکتەرێکۆ لە یەك کاتدا لە دوو بەرهەمی شانۆیی هەندێك جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم ئەکتەرە لە یەکێکیاندا کەسایەتی ئەو دەورەی کە دەینوێنێت فەرامۆش بکات و لە گەل کەسایەتی لە بەرهەمەکەی تردا تێکەڵاوی بکات و بە پێچەوانەش .

● ماویەتی ●

Institut kurde de Paris

کورتە چیرۆك

ئەڤینەکا ڕاست

• صباح عبدالله بێدوهی •

ئێڤارە پیچەکا مای دێ رۆژ پەرێت خو تێك وەرکەت هێدی هێدی یا رێکێ دەتە تاریێ بهێتە شینا وێ یا دبێتە کارکەرا بخاترا هەوە . سیبەر ژی یا دافێت خو ● درا دچینیت مایەکێ هین بێ دبەرا دهێت . کارێ خو کر . پرچا خو شەکر چافێت خو کلدان یا لبەر پەنجەرێ راوەستایە .

ئەز چبکەم . بچم ... ئەکە بڕێڤە بابێ من . من بینیت ئەچم .. ژڤانێ دایە من ئەزا دترسم ئەکە تشتەك بسەرێ من بهێت . ئەڤە نزا چل من مات ئەفروکە ! هەرو ئەزا هوسا ئەبوم دێچم .. دەست هاڤێتە ئەئەکێ رێکا کانێ گرت . رێکا خو ڤەگوماست قەستا یارێ خوکر هێدی هێدی یا پێنگافا دهاڤێژیت دەنگەك هاتە گوها کیڤە نازدار! هو زڤری کو بابێ وێ یێ لهنداف سەری هەر وەکی ئێکی تەنەکەکا ئاڤێ بسەریدا کری زەرو پێتی بو دەست وپێت وێ لەرزین وەکی ئەو بیا دئاڤێدا دەڤێ وێ ئالزی . چ ئاخاخفتن ئەهاتنە بیرێ . ئەز یا هاتیمە ئاڤێ . ڤێ شەڤێ وناف؟ کانی لکیڤەو تولکیڤە بان تە رێکەکا دی یا لبەر ؟ ئەباب نە ...

چنگلێ وێ گرت بر کرە دمالڤە . هندی ی ردەکێ وێ خو هلاڤێت گوپال دانایێ تاکو بودیار کری ئەڤینا خو دگەل ... ژێهەلی ... راست رابوڤە دەستێ خو لگوپالی دا قەستا ژێهەلی کر لناف زەڤیێ . گەهشتە سەرێ زەڤیێ .

دەنگێ چەپ چەپەکێ هاتە گوها تاریە چ نابیت ژبلی رەشاتیەکێ بودیار بوهەر ئەو ژێهەلە وکەس دی نینە چەپ چەپێ دکەت . راست بەرێ خودایێو چویێ . گەهشتە هنداف سەری . ها یاراتە ئەهات چ دزڤریت کو بابێ نازداریە . دەڤ لێ ما بەش . م..م..ما ئەز ... ئەز ...

ـ هەی ئەخوش مروڤ کەفا گوپالی پەردا بنێ وی گرتو دابەر گوپالا . هەر دا ئاڤڤیت بەلێ رێك ئەدایێ . گوتێ تو هەر گوپالا دانەمن کچاتە حەژمن دکەت ئەژی حەژێ دکەم قوتان چجارا مەژێك ڤە ناکەت . مام ئەز هیڤی دارم تو خەلەتێ تێ گەهشتی ئەو هزرا تودکەی وەسا نینە . ئەڤینا مە یا راستە . ڤێچا وەنەکە دوودل بێ مراد بچنە بن ئاخێ نەبە ئاستەنگ بکەڤە رێکا وان بهێلە بلا بهێن کەنە نازادیێ پشتی فان گوتنا گوپال ژدەستی کەتە عەردی . هێدی هێدی ژکەرباخو هاتە خارێ . بەلێ کورێ من نەکو بچی لدیف نامیسا خەلکی بکەریێ . ئەڤە نە ئەوە ئەوا تو دبێژی . هەکە نوکە تو رازی بی دێ ئەف شەڤە نارداریێ خازین . ماهزرێت خوکرن گوتێ :ـ

بلا ئەز ئێکەمین کەس بەم رێ بدەمە دوودلا بگەهنە ئێك بلا ئەڤ تاریانی یە لناف مە رابیت دابژین بسەربەستی وەرە دەستێ من . من نازدار هەژی تەکر . خوتێ وەرکر ژکەیفادا گەش بو . راست رابوڤە وقەستا مالکر . راوەستە کیڤە تو هوسایێ بنەز؟ ئەز دێ چم مزگینێ دەمە نازداریێ .. دلێ خودا گوت دێ هەرە بەس ئەز باوەر ناکەم بشێت رابیتە ڤە هندی گوپالێت خارین . گەهشتە دەرێ خانی دابژور کەفیت دایکا نازداریێ گوتێ بزفرە هێشتا بابێ نازداریێ نەهاتی . تو بخوێ بزفرە . هەکە بێ بەلا ژتەڤە نابیت بلا خویندارى نەکەڤنە ناڤ بەبنا مە چ خویندارى چ بێ بەلا؟ تو دین بوی؟ نوکە ئەزێ ژدەڤ بابێ نازداریێ دهێم . یا هـ ...

نەترسە چ نەبویە . بەلێ پشی من هندەك گوپال خارین بێ ... من گوتە تە نەترسە رازیبو ئەزو نازدار بگەهینە ئێك .

هەکە خودێ حەزکەت دڤێ شەڤێدا خازگینی هێنە مالا وە هەما ژکەیفادا دەرسوکا خو ژسەرێ خوکر وخو هلاڤێت . دەنگێ نینیکی خوش کر . گوهێ نازداریێ بێ لێ راست رابوڤە خو د ژێهەلی وەرکر ..

هەڵبژاردەی هاوکاری

باڵندەکانیش کۆچیان کرد

ئەڵقەی ١٤

نووسینی بەشار کەمال / احمد محمد اسماعیل
گردوویەتی بەکوردی

منو درێژ یێدەنگ چاومان لە ئاگرەکە بڕی . پاش ماوەیەکی کە سلیمان ووتی :

« ئەزانی کاکە ... برادەرێکت هەیە . محمودی ناوە . لێرەبوو ، قسەیە زۆرمان کرد پێکەوە .. پرسیاری پەلەوەرەکانی لێکردین . چەند پیاوی چاکە ... »

«محمود پیاوی چاکە .. پیاوی وا هەرنابێتەوە»

«تەماشاکە کاکە .. » وای گووتو دەستی پێکرد ، وا بە پەلە قسەی دەکرد وایدەزانی قسەکانی لەدەم دەرفێنن : « ئاخ خۆ باڵندەکەی تۆمان نەگرت .. پەلەوەرەکان لێمان تۆراون ، ئەوەندە هاتنو ئێمە قاومان دان ، ئەوەندە هاتنو ئێمە نەمانگرتنو ئەم پەلەوەرە بچووکانەمان کرت، ئەوانیش بۆ خۆیان تۆرانو تاربوون ، لە داخی ئێمەو ئەم خەڵکەدا سەری خۆیانیان هەڵگرتو ڕۆیشتن . تۆش بوایەیت هەر وات دەکرد . هەموو رۆژێ بێیتو بکەون لێتوقاوت بدەن ، تۆش ببی سەری خۆت هەڵدەکریو دەڕۆی ، وا نییە ؟ وا نییە کاکە ؟ . »

ووتم « راستە ، وایە »

« بەم جۆرە پەلەوەرەکانیش هەڵفڕین »

« دەرۆن ، گوێ مەدەرێ »

« تەماشاکە کاکە .. بڕوات بەخوا هەبێ ، لەگەڵ خەیریدا ڕەنگە سەد داومان بۆ نایەوە ... »

خەیری بێئەوەی سەر هەڵبڕێ ، قسەکانی درێژی سەڵماند :

« سەد داو »

« رۆژێکیان لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە حەوت دانە لەم مەلانە بەسەر سەرمانەوە بوون ، لەویانە باڵەکانیان کردبوەوەو سنگی خۆیانیان دابووە بەر باکە بە ئاسمانەوە راوەستان . ئێمەش هەر پەلەوەرەکانمان پێنیشان دەدات بەڵام دەنگووت هەر لەگەڵ ئەوانمانیشا نییە . بۆچی یەکێکیان چاوی لار کردەوە ، تەماشایەکیان کردین ، خوا ئەکات ، یەکێکیان چییە نزم ئەبوەوە ، هەر دەریات ئەخست کە نیازی دایەزینیان هەیە .. ئەمە حاڵمان بوو تا دوای نیوەڕۆ .. ئیتر خەیری خۆی ئەگرت » لەگەڵ ووتی خۆی ئەکرت چاوی بریبە چاوم تا بزانی قسەکانی بەلای منەوە چی دەگەیەنێ من چی دەڵێم . منیش ووتم « خۆی ناگرێ »

درێژ درێژەی پێدا .. خەیری چاوی بریبە خەیری هەستایە پێ ، هەردوو قۆڵی بڵاوکردەوە :

« ئەناوا دادەبارێتە سەر تۆڕەکان منیش ئەناوا هەموویان دەگرم »

خەیری وەك شتەکە ئێستا بێ .. چۆن پەلەوەرەکان دێنە سەر داوو تۆڕەکان ، چۆن پەتی داوەکە رادەکێشنو هەڵەکە چۆن چۆنی دەگرێ ، چۆن کاتێ لە قەفەسی دەتاروومەتی دەرووشێنێ ، بەم جۆرە وەك ئەکتەر دەجوڵایەوە .. دواجا کپ بووو هاتە جێگاکەی خۆیو دانشتەوە .

سلیمان : « بمان بەخشە کاکە کە هەڵەکەمان بۆ نەگرتی .... دەگەڕێتەوە ، کە کەرایەوە ئێمەش .... »

« پەلەوەر زوو شت لە بیر دەکات .. دەگەڕێتەوە »

خەیری بە توڕەییەوە :

« دەگەڕێنەوە . »

« ئێمەش دەیانگرین »

« گویی مەدەنێ .. نەشیگرن چیدەبێ ؟ »

خەیری : « نایێ .. نایێ کاکە نایێ .. خۆ ئێمە دەرووزەکەر یا مەڵگێر نیمان » بە دەنگێکی بەرز ناوای گوت .

درێژ : « نەخێر ئێمە ئەوانە ینن »

« بێقەزابن ئێوە دەڵێن چی .. ئەمە چۆن قسەیەکە ؟ »

درێژ قسەکەی بەلایەکی تردا بادایەوە :

ووتی «کاکە محمود ...»

هەرچەندە خەیریم باش نەدەدی ، بەڵام نازانم چۆن زاتیم خەیری دڵێ خۆش بوو ؟ .

درێژ رۆیشت ، لە ژێر دەم تەڵبەندەکەوە ، باوەشێ پووشو پەڵاشی هێناو فرێی دایە ئاگرەکەوە، ئاگرەکە خۆش بوو . خەیریش رۆیشت کۆتکە دارێکی هێناو گەڕایەوە . کۆمەڵێ سووتەمەنی کەیان لە پاڵ ئاگرەکەوە کۆمەڵە کردبوو .

«ئەناوا باشە» .. هەرسێکمان لەبەر گڕی ئاگرەکە هەریەکەو پیری بۆ شتێك رۆیشت ،زۆری نەبرد سلیمان دەمی داپچڕا ، خەیریە کەم دووەکەش وەنەوز بردیەوە .. ئەم کەم دووانە هەندێ جار دەمیان بکرێتەوە ئیتر نایبڕنەوە .

لەبەر رووناکی بەیانییەکە ، ناوی دەرباکە دەبریسکایەوە . دار چمارەکانی پێش بلاجی شارەوانی نیشك گردبوونیەوە ، لەوێشەوە دەشنایی یەکە رووناك ببووەوە . بان ئەستەموول سوور هەڵگەڕابوو ، کۆمەزەکات بریقو باقیات بوو ، لەو لاوە ، لە

بڕوانە ل ٧

ستراناسی ئەزنکەرێ ئەحمەد عاشقم

نفستیبوم ... عبدالله محمد عبدالله

د خەوێدا ژ من پرسین ،
وان هەفلا
هەمی گافا هەر تو د بێژی
ئەز عاشقم ... ئەز عاشقم
تا نابێژی
تو عەفدالێ
کیش د لەبەرێ کەزی زەرێ ؟
من بەرسڤداو من گوت وانا
ئەز نوکەژی هەر عاشقم
لێچو جارا ژوێ ڤینێ لێڤە نابم
ئەز عەفدالێ بەژنا دار بەروبەکا ...
چیایێ مەتینا مە
ئەز عەفدالێ کانیکەکا
بن ڕەفەزێت وا کەفرامە
ئەز عاشقێ چاننکەکا
ناخا عەردێ وڵاتێ خوەمە
ڤێ ئەڤینا ژ دلێ خوە
بێکو دلی بژارتی بخوە
ئەز ناکوهڕم
ب هەمی جوانو چاف نێرگزێن
بەژن بلندو نافبنەنگ زراف

* *

ڕۆژەهای ڕۆژ

شیعری : محمد عمر عثمان

ڕۆژەهای ڕۆژ .. گەڵای زەردی نیگاکانی ..
بەسەر لەشی سڕ و تەزیوما .. باریوە
ڕۆژەهای ڕۆژ . دارستانی چاوەکانی ..
بۆ غەریبیم .. گەڵای ئەشکی لێوەریوە

* * *

ڕۆژەهای ڕۆژ .. ڕۆژانێ بوو
نازانم چۆن گڕ و گەرمیی ئەو ڕۆژانە ..
لە زستانێکی دوورییا ...
بوو بە هەڵم و لەچاوەکانی ئاوابوو

* * *

نازانم بۆ زەرد هەڵگەڕاوە ڕەنگ و بۆی
بۆ جاوانی نیگاکانم ئاگرێنە خۆی؟!
بۆچی نایەت تربەی دڵی ..
لەگەڵ ترپەکانی دڵما تێکەڵ بکا؟!
هەتا گیانمان دابگیرسێ و
ئەم گەردەلولە ڕابکا !

* * *

خۆزگە ئێستا نەبووم بە تەم
هەتا باوەشی پیاکەم و
لە هەناسەما .. نوقمی کەم!

دوانەکەی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین بۆ رۆژنامەنووس ابراهیم نافع سەرنووسەری رۆژنامەی «الاهرام»ی میسری لە ٢٦/١١/١٩٨٣دا

کۆنگرەی سەرانی‌عەرەب دەگرن ئەوەیە کە سووریاو لیبیا نایانەوێ کۆنگرەی داهاتووی سەرانی عەرەب ببەسترێ بەلام ئایا دروستە کۆنگرەی داهاتووی سەرانی عەرەب هەر بەردەوام بێ لە نەبەستنا چونکە لیبیاو سووریا نایانەوێ ببەسترێ ؟ ئێمە دەڵێین ناء .. بەو گوێرەیەی کە عەرەبین ڕەنگە هەوڵی ئەوە بدەین هەموو عەرەب ئامادەی هەر کۆنگرەیە لە کۆنگرەکانی عەرەب بین‌و پێویستیشە لەسەرمان کارێکی وا بکەین هەموو عەرەب ڕازی بین بەو بڕیارانەی کە بە شێوەی کەمترین پلە بڕیاریان لەسەر دەدرێ وەك فەرمووت بەلام چونکە ئەمە هەمیشە نایەتە دی ئێمە حەز لەوە دەکەین کە بڕیارە عەرەبییەکان بە زۆری بن بەم ، پێیە ئەوانەی باوەڕیان پێیانە رەفتاری پێ بکەن . لامان وایە پەیمانەکانی کۆمەڵگای عەرەب دەبێ بەم شێوەیە چاك بکرێن .

ڕۆژنامەنووس :

ئاشکرایە جەنابتان بەوە ڕازی نابن کە کەمایەتی بەسەر زۆربەی عەرەبدا دەستەڵات بگرێ .

سەرەکی بەرێز :

بەڵێ .. من لام وا نیە کە بڕیارەکانی کۆمەڵگای عەرەب‌و بەڵکو پەیمانەکەیشی مەبەستیان ئەوەنیە کە نەهێڵین عەرەب کۆببنەوە بە زۆربەیان بۆ ئەوەی بڕیاری وا دەرکەن کە بەسەر ئەم زۆربەیەدا جێبەجێ بکرێ ئەگەر کەمایەتی‌یەکە نەیویست ئامادە بێ ..

بەلام کە عەرەب هەموو هاتن داوای ئەوە دەکەین بڕیارەکان بە کۆمەڵ بن‌و کە عەرەبی سەرکێش پەیدابوون لەسەر هەموو شێوەیەکی عەرەبی دروست نیە پەکی بڕیاری عەرەبەکانی تر بخەین‌و بڕیارەکان لەم بارەیەوە هەر خۆیان بگرێتەوە .

ڕۆژنامەنووس :

بەرێزتان ڕای چییە دەربارەی ئەوەی لە لوبناندا روو دەدات‌و رێگەی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی لوبنان چونە ؟ هەڵوێستتان چۆنە بەرامبەر بە جموجوڵی سووریا لە لوبنان ؟ چ ڕەنگدانەوەیەکی هەیە لە مەسەلەی فەلەستیندا ؟

سەرەکی بەرێز :

لەم بابەتەوە، ئێمە بە گرنگییەکی زیاتر دەڕوانینە ئەنجامی دەست خستنە کاروباری لوبنان لە لایەن سووریاو هی دیکەشەوە ، چونکە لیبیاش دەست دەخاتە ناو کاروباری لوبنان‌و کاروباری فەلەستین بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە ، ئێمەش ئەنجامی ئەم کارە وەنەبێ هەر لە چوارچێوەی تێڕوانینی ڕاستەوخۆدا دابنێین بەڵکو لە چوارچێوەی ئەوەشدا کە لە قوناغەکانی هاتوودا بۆ عەرەب چی ڕوو دەدات .

ئێمە سەیری مەترسییەکانی دابەزین‌و ڕووخانی ڕەووشت لەبڕیاردا لە ئاستی دەوڵەتانی عەرەبەوە بەم چۆنیەتیە سەیر دەکەین زیاتر لەوەی سەیری باری مادیی ڕاستەوخۆی کارەکە بکەین .

ئەوەی سووریاو لیبیا دەیکەن ، تەنانەت لە مێژووی خراپی عەرەبیشدا ئەمان خوێندۆتەوەو ئەگەر هاتوو ئەم بارە بەردەوام بێت وەکو بارێك کە عەرەب هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن خۆ ئەگەر لە لایەنی ڕەووشت‌و خووشەوە پەسەندیان نەکرد هەر بە کارێکی مەترسیدار دادەنرێت .

ئەوەی دەست بخاتە کاروباری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی‌یەوەو جۆرە سەرکردەیەکی بە سەردا بسەپێنێ هەروەکو خۆی دەیەوێ لە گۆشەنیگای کۆمەڵەیەکی دەوڵەتان یان تاکە دەوڵەتێکەوە .. ئەوەیش کە دەست دەخاتە کاروباری هەرێمێکی دراوسێی عەرەبەوە بۆ ئەوەی بارێکی سیاسی وای بەسەردا بسەپێنێ بەو چۆنیەتیەی کە خۆی ئارەزوویەتی ، لە تواناشیدایە دەست بخاتە ناو کاروباری دەوڵەتانی دوورییش‌و ڕێکخراوەی تری جگە لە ڕێکخراوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینیش ئەگەر لێ توژینەوەیەکی بەڕاستی عەرەبی تووش نەهات ، تا ئێستاش لەم بابەتەوە لێ توژینەوەیەکی بەڕاستیی عەرەبی نییە . شتێکی سەروشتییە ئێمە ئەم بارە بەسەند نەکەین‌و بە کارێکی دوور وبێگانە لە ڕەووشتی عەرەب‌و بەرژەوەندی عەرەبی دابنێین . چونکە ئەگەر ئەوە ببێتە باو کە عەرەب شەڕ لەگەڵ برای خۆی بکات‌و رژێمەکەی بگۆڕێت‌و کاربەدەستانی بگۆڕێت بەو شێوەیەی کە ڕوودەدات یان ئەوەی سووریا بە پلەی یەکەم‌و لیبیا بە پلەی پاشکۆی هاوکار دەیانەوێ ڕووبدات ئەوا باوو نەریتێکی وەها نیشتمانی عەرەب پارچە دەکات .

ڕۆژنامەنووس :

ئەوەی سووریاو لیبیا دەیکەن ، بێگومان یاریدەی لە ناو بردنی مەسەلەی فەلەستینی دەدات .

سەرەکی بەرێز :

ڕاستە ، بڕوانە کۆمەڵی دەوڵەتانی ئێستا ، چۆن دەتوانی داوا لە کۆمەڵی دەوڵەتان بکەیت کە لە ڕووی سیاسییەوە لەتەك فەلەستینییەکان بڕوەستێت لە کاتێکدا عەرەبەکان خۆیان فەلەستینییەکان دەکوژن ، لەبەر هیچیش نا لەبەر ئەوە نەبێت کە (وەرەفەی) فەلەستین لە سنووری حیساباتی سیاسیی ناوچە پەرستی‌ی خۆیاندا بەکار بهێنن ، کەوا بێت شتێکی سروشتی‌یە کە ئەنجامی ئەم کارە ئەگەر هاتەدی لە ناوبردنی مەسەلەی فەلەستینی بێت .

ڕۆژنامەنووس :

عیراق لایەنگری سەرکردایەتی‌یە ڕەواکە دەکات.

سەرەکی بەرێز :

بەڵێ ، بەبێ دوو دڵی‌و بە گەرمی لایەنگری سەرکردایەتی‌یە ڕەواکە دەکەین .

ڕۆژنامەنووس :

قسەیەك هەیە دەربارەی پێویستیی دەستکردنەوە بە وتوێژ لە نێوان مەلیك حسین‌و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی یان ئەوەی لێی ماوەتەوە بۆ دۆزینەوەی چاکترین ڕێگە بۆ گێڕانەوەی کەنارو غەززە ، پاشان دیاری‌کردنی پەیوەندیی نێوان ئوردن‌و فەلەستینی‌یەکان لە دوا ڕۆژدا ، ئەی ڕای ئێوەی بەرێز لەم بابەتەوە چییە ؟

سەرەکی بەرێز :

هەر کاتێك وتوێژ لە نێوان فەلەستینی‌یەکان‌و ئوردنییەکان‌دا بکرێت ئێمە بە چاوێکی سروشتیانە سەیری ئەم شتە دەکەین ، بەڵکو بە چاوێکی پێویستی بینی‌یەوە ، واتا ئێمە وەنەبێ هەر بە تەنیا بارێکی سروشتی سەیری بکەین بەڵکو بە پێویستیش چونکە ئوردن وولاتێکە لە لایەن جوغرافیاوە لە سەر هێڵی ڕوو بە ڕوو بوونی (ئیسرائیل) کەوتووە لەبەر ئەوەش کە ناری ڕۆژاوا بەشێکە لە ئوردن‌و فەلەستینییەکان بۆ مافی خۆیان تێدەکۆشن ، ئەوا شتێکی سروشتی‌یە کە کار ڕێك بخەن لەگەڵ هەموو ئەو هەرێمە عەرەبیانەی لەسەر هێڵی ڕوو بە ڕوو بوونن‌و بە تێڕوانینێکی تایبەتیش سەیری باری ئوردن بکەن لە سۆنگەی پەیوەندی تایبەتی نێوان فەلەستینی‌و ئوردنیەکان ، جا هەر شتێکی بە کەلك لە نێوان ئوردنی‌و فەلەستینی‌یەکان ڕوو بدات ئێمە لایەنگیری دەکەین .

ڕۆژنامەنووس :

ئاشکرا تر .. ئایا ئێوە دەبنە بەرهەڵست ئەگەر هاتوو ئوردنی‌و فەلەستینی‌یەکان لەسەر بنەڕەتی وتوێژکردن ڕێك کەوتن ؟

سەرەکی بەرێز :

نامەوێ پێش ڕووداو بکەومەوە وەلام لەسەر شتێك بدەمەوە کە هێشتا بەدی نەهاتبێت بەلام وەکو ڕێبازێکی گشتی دەڵێین ئەوەی کە فەلەستینی‌یەکان بۆ خاتری مەسەلەی خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن ئێمە بەرهەڵستی ئەوە ناکەین‌و ئەوەی فەلەستینی‌یەکان لە بارو دۆخێکی سروشتیدا لە توانایاندایە لەسەری ڕێك بکەون بۆ چاکەی مەسەلەی خۆیان ئێمە بەرهەڵستی نابین ، جا چ لە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی فەلەستینی‌دا بێت یان لە شێوەیەکی فەلەستینی عەرەبی‌دا بێت‌و لەگەڵ هەر هەرێمێك لە هەرێمەکاندا بێت ، هەر ئەمەش بوو هەڵوێستی ئێمە لە لووتکەی فاسدا .

ڕۆژنامەنووس :

بێگومان شەڕی ئێران لەسەر عیراق زۆر دەکەوێت‌و زەحمەتی ئابووری پەیدا دەکات .. جا چۆن عیراق لەم ڕووەوە دەرامەت دەکات ؟ چۆن لە سێبەری ئەم بارودۆخەدا پەرەپێدانی عیراق سەرومڕ دەبێت ؟

سەرەکی بەرێز :

دەبێ لەوە بگەن کاتێك کە عیراق چووە شەڕەوە، پاشەکەوتێکی باشی لە سامان‌و دارایی هەبوو ، ئابووریی عیراقیش ئابووری‌یەکی یەك لایەن نییە ، واتا وەنیە ئەگەر پترۆل نەما ئابووری عیراقیش هەمووی بڕووخێ ، ئەگەر چی پترۆلیش ڕەگەزێکی بنچینەیی ئابووریی عیراقە ، خۆشتان دەزانن مرۆڤ کە تووشی بەرەنگاری بوون هات بەخشینی زیاد دەبێت بەتایبەتی کە کارەکە بگاتە ڕادەی خۆباراستن‌و بەرگری‌کردن لەسەربەرزی‌و لەسەربەستی‌و سەربەخۆیی هەر وەکو ئێستا وایە . ئەوەتا عیراقییەکان لە کۆڕی بنیات‌ناندا بەخشینیان هاوتای ئەیانی جەنگاوەرییانە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری‌کردن لە عیراقدا ، بەڵکو ئەوانەی کە لە کۆڕی بنیات‌ناندا دوور لە ئاگری دوژمن پێشکەشی دەکەن بەهەستی نیشتمانپەروەری دەیکەن هەر وەکو شیمان کردەوە ، وەبە هەستی ئەوەی کە ئەوانەی ڕوو بە ڕووی دوژمن وەستاون لەوان چاکترن ، بەو پێیە کە ڕووبەڕووبونەکە لەوێ بە چەکە ، جا لەسەر ئەم بنچینەیە پێویستە لە سەریان نیشتمان پەروەریی خۆیان لە کۆڕی بنیات‌ناندا بە شێوەیەك دەربڕن کە لە هاوتابوون لەگەڵ ئەو بڕیارانەیان کە سنگیان داوەتە بەو گوللەی دوژمن بۆ پارێزگاریی عیراق نزیکیان بکاتەوە .

ئەم گیانە لە عیراقی نوێدا باڵی ڕاکێشاوە ، لەبەر ئەوە کارێکی کە جاران بە شەش سەعات تەواو دەکرا ئێستا دەتوانرێ بە سێ سەعات‌و کەمتریش تەواو بکرێت . کەوا بێ بۆ بەرژەوەندی کاری ووردتر‌و گەورەتر کات کەم کراوەتەوە ، دەزگاکانی ئابووریی عیراق ئێستا بە شێوەیەکی چاك ولە پێش شەڕەکە باشتر کار دەکەن ، ئەمەش ڕەگەزێکی تازەیە .. ڕەگەزی دیکەش .. ئەوەیە کە پێویستە هاریکاریی برایانەی عەرەبی هەڵبێنین کە لەم مەیدانەوە پێشکەشیان کردووین ، بەتایبەتیش لە برایانمان لە دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبییەوە ، لە پێشەوەبانەدا سەعوودی‌و کووەیت ، ئەم هاریکاری‌یەش ئەوسا‌و ئێستاش ئاوەڕۆیێکی سەرەکی بووە لە ئاوەڕۆیەکانی ڕووبە بە ڕووبونی ئابووریانەی بارو دۆخی سەختی ڕۆژگاری شەڕ .

ئەمانەن ئەو هۆیانەی وایان کردووە ئابووریی عیراق وەکو ئێستا ، سەرەڕای هەموو زەحمەتیکیش، هەر بەردەوام بێت . هەر هەرێمێك کە تووشی شەڕ بێت دەبێ چاوەڕوانی زەحمەتی‌ی ئابووری بێت ، بەلام ئەگەر ئێمە باری عیراقمان بە هەر تەرازوویەك کێشا دەبینین ئەم بارە لە هیچ بارێکی تر ناکات‌و ئێوە خۆتان ئەمە دەزانن‌و شەڕتان دیوەو بارو دۆخی شەڕ دەزانن چۆنە ، سوباس بۆ خوا لە کۆڕی بینات‌نان‌و کۆڕی ئامادەکردنی پێویستیە بنچینەییەکانی هێزی چەکدارو هاونیشتمانان‌دا کاروبار بە چاکی دەڕوات .

ڕۆژنامەنووس :

ئەوەی زانراوە ئێران جار ناجار هەوڵ دەدا یاخی بوونی‌کورد لە باکووری عیراق زیندوو بکاتەوە.. ئێوە بەرامبەر بەم هەوڵانە چۆن ڕەفتار دەکەن‌و هەڵوێستی کوردەکان بەرامبەر بە شەڕی عیراقی ـ ئیرانی چۆنە ؟

سەرەکی بەرێز :

بێگومان ئێران هەوڵی ئەمە دەدات .. بەلام دەبێ بڵێین ، هەموو هەوڵێکی ئێران‌و غەیری ئێران ، واتا لیبیاو سووریا کە هاریکاریی ئێران دەکەن‌و لە ڕێڕەوی ئەودا دەست درێژ دەکەن بۆ ووروژاندنی مەسەلەی کورد . هەموو ئەوەش کە لە باکوور قەوماوە لەوە کەمترە کە حیسابمان بۆ کردبوو . واتا دوژمنان نەیان توانی وەکو تێبینیمان بۆ دانابوو یاری بە وەرەقەی مەسەلەی کورد بکەن ، هێشتا زۆر لەوە کەمترە کە ئێمە چاوەڕوان بوون یاری پێ بکەن .

گەلی عیراقی کوردیش بە گشتی هەر وەکو دیمان لەو سەردانانەی بۆ باکوور کردمان ، دوا جار ئەوە بوو سەرمان دا لە بەرەی شەڕو دیدەینی هاونیشتمانانەمان کرد لە هێڵەکانی دواوەو هەروەها هاونیشتمانەکان هاتنە بەغداو سەریان داین ، خوێن گەرمی‌و دڵسۆزییان بەشێکە لە خوێن گەرمی‌و دڵسۆزیی هاونیشتمانانی تری عیراق ، بەلام ئایا هی وا هەیە ئێران بە پێچەوانە بەکاری هێنا بن ؟ وەلام ،

جەنگ ئەوکاتە دوایی دێ کە هوکم ڕاکانی ئێران دڵنیا دەبن ئامانجەکانیان لە سەر ناگرێ

بەڵێ . ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی وایان کردووە ئێران ڕوو بکاتە کەرتی پێنجوین‌و حاجی ئۆمەران ، وای بە خەیاڵدا هاتووە چونکە لەم زەوییانەدا کوردە عیراقی‌یەکانی لێیە زیاتر دەتوانی یارمەتی لەهاونیشتمانان ومربگرێت‌و کاری گرتنی بەشێك لە زەویی عیراقی بۆ ئاسان بێت بەلام بارێکی تەواو پێچەوانەی ئەمەی تووش هات ، چونکە عیراقییەکان یەك بارن ، ئەگەرچی وەکو زانراوە باکوور تایبەتێتی خۆی هەیە بەلام بە شێوەیەکی گشتی هەموویان لە ڕووی دوژمندا یەك‌بارن .

ڕۆژنامەنووس :

ژمارەیەك دەوڵەتی عەرەب لە تەك عیراقدا وەستان‌و چەند دەوڵەتیکی دیکەی عەرەبیش لەگەڵ ئێراندا ، باشە بەر لە شەڕەکە ئێوە ئەمەتان چاوەڕوان دەکرد ؟ بەراوردتان بەرامبەر ئەو یارمەتی‌یەی لە دەوڵەتانی عەرەبەوە وەری‌دەگرن چۆنە ؟

سەرەکی بەرێز :

لەم کۆڕەدا دەبێ‌بڵێم، ئەو پشتگیری‌یەی عەرەب هەوانەش کە هەڵوێستی زۆر کاریگەرو بە کەڵکیشیان لە عیراق کردیان بۆ بەرەنگاریی شەڕەکە زۆر لەوە کەمترە کە پێویستە هەموو عەرەب بیکەن تەنانەت هەیە ، ئەمەش نرخاندنێکی گشتی‌یە . بەلام بەرامبەر ئەم نرخاندنەش ئەو هەڵوێستە چاك‌و خراپانە بەرامبەر بە عیراق تا ئێستا لە پێوانەی گشتی دەرنەچووە کەوا پێش شەڕەکە دامان نابوو ، واتا ئەو کەسانەی چاوەڕوانمان دەکرد خراپە بکەن هێشتا تا بڵێی هەڵوێستیان خراپەو هەتا ئەگەر گریمان بارێکی خراپتریش لەمە هەبێت ، بەلام وا دیارە توانایان لەوە زیاتر بڕ ناکات خراپە بکەن ، ئێمە وامان خەمڵ دەکرد کە ڕژێمی سوریا بەسوباوە بێتە ناو عیراق‌و حیسابیشمان بۆ ئەمە کردبوو چونکە ناچارین دەبێ وولاتی خۆمان بپارێزین ، گوتمان ئەگەر هێزی ڕژێمی سوریا لە لای ڕۆژاواوە هات با بێت‌و حیسابێکی تری هەیەو ئەمەش ڕووی‌نەدا ئەگەرچی حافظ اسد ویستی هەندێ تیپی سوپا لەسەر سنوورمان مۆڵبدات بەلام کاتێك کە دی ئێمە بایەخی پێنادەین .. گوتمان ئەوەی بێتە فووڵایی عیراق حیسابێکی شایان بە خۆی بۆ دەکەین ، بەلام ئەمە ڕووی نەدا ، نەك لەبەر پاکی‌و ئابڕوومەندی ، بەڵکو ناتوانێ ئەم جۆرە کارە بکات . هەرچی عەرەبە براکانیشمانن ، ئەوا هەندێکیان زیاد لە چاوەڕوانگراو بە چاکە کردەوەیان نواندو هەندێکیشیان بڕ بەبڕ چاوەڕوان کردنمان ، بەلام هێشتا لەسەر هەڵوێست چاکەکان پێویستە کە ئاستی کردەوەیان بەرز تر بکەنەوە ، بەتایبەتی عیراق هەروەکو دەزانن لە هەموو شەڕێکدا کە عەرەب دژی بێگانە کردیتی باوەڕی وابووە ، بۆیە بەخۆی‌و ڕۆڵەکانی بەشداریی‌یەکی سوپایی کاریگەری کردووە لە هەموو شەڕێکدا کە بۆ بەرگری‌کردن لە زەویی عەرەب دژی دوژمنی بێگانە کرابێت ، مەبەسیشمان لە هەموو شەڕەکانی فەلەستینە لە ساڵانی ١٩٤٨ ، ١٩٦٧ ، ١٩٧٣ دا . جا ئەو ئاستەی هیوای بۆ دەکەین‌و دەیخوازین ئەوەیە کە عەرەب بگەنە ئاستی کردەوەی عیراق ، بەلام ئەو ئاستانەی ئێستا دەیان بینین هەندێکیان وەکو ئەوە وایە کە چاوەڕوانیمان دەکردن‌و هەندێکیش زیاد لەوەی حیسابمان بۆکردبوو . چونکە ئێمە هەمیشە بۆ خراپترین بار حیساب ڕێك دەخەین، تا ئێستاش نە لە ئاستی عەرەبی‌و نە لە ئاستی دەوڵەتانەوە نەگەیشتووەتە خراپترین بار ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ، گەلێ نیشانەی وا هەن کە باری چاکتر لەوەی حیسابمان بۆ کردوون پێشان دەدەن .

ڕۆژنامەنووس :

ئامانجی سەردانی ئەو دوایی‌یەی مەلیك حسین بۆلای بەرێزتان چی‌بوو ؟

سەرەکی بەرێز :

ئێوە دەزانن ئێمە سەردانی یەکتری دەکەین ، یان بەلای کەمەوە مەلیك حسین ناوەناوە سەردانی عیراق دەکات ، پێش شەڕەکەو لە کاتی شەڕەکەشدا، کاربەدەستانی عیراقیش سەر لە ئوردن دەدەن ، منیش پێش شەڕەکە چوومەتە ئوردن بەلام پاش شەڕەکە نەمتوانیوە بچمە ئوردن مەگەر لە کۆنگرەی لووتکەدا نەبێت ، بە گشتی ، باری عەرەب پێویستی بەو جۆرە دیدەینیانە هەیە ، چونکە تەوەرەی قسە لە دەوری باری عەرەب بە گشتی‌و باری لوبنان دەخولایەوە .

ڕۆژنامەنووس :

ئایا ئوردن مەترسیی هەیە لە هەر جموجوڵێکی سووریا تەنانەت ئەگەر بۆ خراپەش نەبێت ؟

سەرەکی بەرێز :

لە قسەیەکی پێشتردا گوتم ئەم کارە کارێکی مەترسیدارە ، خۆ ئەگەر ماوە بۆ سوریاییەکان چۆل بکرێت تا ئەوەی دەیانەوێ بیکەن ، ئەوا ئەوەی دەیانەوێ دەیکەن . ئەوەش کە دەیانەوێ دەیکەن لە دەرەوەی سنووری بەرژەندی نەتەوەی عەرەبەو لەسەر حیسابی یەکیەتیی هەرێمە عەرەبیەکانە .

ڕۆژنامەنووس :

بەرێزتان ، لەو باوەڕەدان کە لەوانەیە سووریا سوپا بکێشێتە ناو ئوردن ؟

سەرەکی بەرێز :

بەڕای ئێمە ئەمە ڕێگە لە سووریا ناگرێت کارێکی لەم جۆرە بکات ئەگەر هاتوو ئەنجامی کارەکەی دەستگیربێت هەروەکو نەخشەی بۆ کێشا لە لوبنان .

ڕۆژنامەنووس :

پتر لەو ماوە درێژە هیوادارنەبووم . ـ ئەی سەرەکی بەرێز .

سەرەکی بەرێز :

بەخێربێن . میصر خۆشەویستە ، هەروەها کاربەدەستانی‌و گەلەکەی لامان خۆشەویستن . وەکو برایەکی عەرەب لە وولاتی خۆت بەخێرهاتنت لێدەکەم .. سلاوم لە میصرە بە زەوی‌و مێژووو گەل‌و کاربەدەستانەوە .

ڕۆژنامەنووس :

بەنا بە خوا بەو نزیکانە لە وولاتی دووەمی خۆتا دەتبینین .

سەرەکی بەرێز :

پەنا بەخواو پشت بەخوا . من گوێ نادەمە ئەوە کە نواندی دیپلوماسیانە لە ئاستی باڵیۆزدا لە گوێدانیە .. ئەگەر دەرفەت بووایە بۆ سەردانی میصر دەهاتم ، سەرەڕای ئەو بارەی کە هەیە .

ڕۆژنامەنووس :

سەرەکی بەرێز دەتوانم ئەم قسەیە بکەم ؟

سەرەکی بەرێز :

من نەبوونی نواندنی دیپلوماسی لە ئاستی باڵیۆزاندا بە بەرهەڵستی دیدەینی کاربەدەستان‌و سەر لە یەکتری دانیان نابینم ، بۆیە ئەگەر ماوەم بوایە لە هەر کاتێکدا سەری میصرم دەدا . هەر کاتێکیش حسنی مبارەکی برا دەرفەتی بوو سەر لە عیراق بدات ئەوا وەکو سەرۆکێك‌و وەکو هاونیشتمانێکی عەرەب بە چاکترین شێواز لە عیراقی وولاتی خۆیدا پێشوازی دەکەین ، من ئەو قسەیە دەکەم کە بڕوام پێی هەیە ، ئەگەرچی هەردوو وولات باڵیۆزی ڕەسمیان لای یەکتر نییە ، بەلام هەر کاتێك بۆ سەردانی میصر هەلم بۆ ڕەخسا بەبێ ئەتیکێت سەری میصر دەدەم‌و بە حسنی مبارەکی برام دەڵێم ئەگەر بڕ کار نەبێت پاش دوو یان سێ ڕۆژی تر دێمە لات .. هەر کاتێکیش هەل بۆ حسنی مبارەکی برا ڕەخسا بۆ سەردانی عیراق ئەوا ئێمە بە جۆرێك پێشوازی دەکەین کە لە میصرو لە خۆیشی بووەشێتەوە .

ڕۆژنامەنووس :

ئەم بڕگەیە بێگومان کاری جادوو دەکات سەر نێوان هەردوو هەرێمی عیراق‌و میصر .

سەرەکی بەرێز :

ئەمە ئەو هێڵەیە گرتوومانەو باوەڕمان پێی هەیە. گەلێ تەفەللا کرا کە عیراق بەرامبەر گەلی میصر کردارێکی لاسەنگ‌و دوور لە چوارچێوەی سیاسەت‌و بێداویستیەکانی بجووڵێتەوە ، بەڕەقی بەرامبەر ئەوە وەستاین هەروەها لەو گۆڕانوونەوەیەدا کە لە تەراباوس لە لیبیادا کرا گوتمان لە توانادا نیە موقانەعەی میصر بکەین ، چونکە ئێمە لە سیاسەتدا ئەوە دەکەین کە بە ڕاستی دەزانین‌و لەو باوەڕەداین کە بڕیارەکانی لووتکەی بەغدا موقانەعەی میصر ناکات بەڵکو تەووژم دەخاتە سەر حزکەرانی ئەوسا .

Institut kurde de Paris

دوانەکەی بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین بۆ رۆژنامە نووس ابراهیم نافع سەرنووسەری رۆژنامەی «الاهرام»ی میسری لە ٢٦/١١/١٩٨٣دا

ئەمەش لای عەسکەریەکانو هەتا لای غەیری عەسکەری ژانراوە .

کە وابوو کاتێ کە لەسەر خاکی خۆمان بەرگری لە خاکی خۆمان دەکەینو ، ڕازین بە شێوەی بەرگری سەقامگیر بۆ ماوەی سائێکو شەش مانگ لەسەر سنووریکی ١١٨٠ کیلۆمەتری لەکاتێکدا ئێران خەریکی ئەمسەرو ئەوسەرکردنە بە هەموو هێزێکیەوە لە کاتو لە جوولانەوەو لە هەڵبژاردنی ئەو شوێنەدا کە بیەوێو ، لە جۆری ئەو پێویستیانەی کە لە شوێنێکدا کۆیان بکاتەوە ، کە وابوو شتێکی ناسایی یە ئەگەر لە هەندێ شوێنا بگاتە قووڵایی دوو یا سێ کیلۆمەتر ، بەڵام بە گوێرەی حیساباتی سوپایی ئێمە ئەگەر بمانەوێ دەتوانین سوپای ئێران دووربخەینەوە بۆ قووڵاییەکی تازە لەناو خاکیاو ئەتوانین ئەمە لە هەر کەرتێکدا بکەین کە بمانەوێ ، بەڵام بەپێی نەخشەی ئێمە ، دەمانەوێ ئێران بە ئابرووچوویی بهێڵینەوە لەبەردەم ڕای گشتیداو بیرکردنەوە لەوەی کە سوپای عیراق لە ناو خاکی ئێراندایە تێکەڵ نەبێ لەگەڵ بیرکردنەوە لەوەی کە ئێران دەستدرێژی کەرەو وای لێبێ ئەوە جیانەکرێتەوە کە ئایا ئێران دەستدرێژی کەرە یا دەستدرێژی کەر نیە ؟ لەبەر ئەوەو بەم پێیە رازی بووین بەم شێوەیە بەرگری لە خۆمان بکەین ، ئەگەر وا نەبێ ئێمە توانای ئەوەمان هەیەو ، بۆ ئەوەیش لەم بوارەدا توانای خۆمان بهێنینەوە یاد ، لە شەرەکانی ئەم دواییەی زرباطیەدا کە شارێکی بچکۆلەیە ، یا لە ڕاستیدا شارۆلکەیەکە لەسەر سنوور ، بۆ ئەوەی ئەوە بهێنینەوە یادی ڕای گشتیو ڕای ئێرانی ئێمە ئەگەر تەماعمان هەبێ لە خاکیانا هەموو کاتێ لە توانامانا بووەهەیە ، بە قووڵایی گەیشتینە مەهرانو گەیشتینە پشت مەهران بە ئاسایی لەچەند سەعاتێکدا نەك لە چەند ڕۆژێکداو ، هەموو ڕۆژنامە جیهانیەکان ئەم بارە سوپاییەیان بلاوکردەوەو دەتوانین شتی وەك ئەمە بکەینو لەهەر قووڵاییەکدا ئەگەر بمانەوێو ، کاتێ کە بزانین باری سوپاییو ڕای گشتی جیهانی بە ڕای گشتیشەوە لە ئێران ئەوەیان زانی کە ئێران دەستدرێژی کەرەو گوێ نادانە ئاسایی ترین پەیڕەوی ئەقڵو ، کاتێ کە لامان وابێ چوونە ناو قووڵایی لە بەشێکی خاکی ئێراندا بەپێی حیساباتی سوپایی گرنگە ئەمە دەکەینەوە ...

ڕۆژنامەنووس :

ئەگەر دروست بێ بۆم قسەی لەسەر بکەمو لامەوایە ئەمە خاڵێکی زۆر زیرەکە هەتاکو لە سیاسەتی دەرەوەی عیراقیشداو نەك هەر لە نەخشەی سوپاییدا ئەڵێم هەتاکو ئەوانەیش کە لە سەرەتای شەڕدا لەگەڵتان نەبوون .

سەرەکی بەڕێز :

ئایا تێی نەگەیشتن ؟

ڕۆژنامەنووس :

(قسەکەی تەواودەکا) بەڵێ نیستا بەم ئەقڵیەتەی کە جەنابتان ڕوونتان کردەوە بە شێوەیەکی زۆرتر قەناعەتیان بە هەقیانەتی عیراق کرد چ لەسەر پلەی سیاسی لە جیهاندا یا لە نێوان ڕای گشتی جیهاندا نیتر چ ڕۆژاوایی بێ یا ڕۆژهەڵاتی .

بە یارمەتیت دەچمە خاڵێکی تر ، فرۆکەکانی سووپەر ئیتانداری فەرەنسایی کە قسەی زۆریان لەسەرکرا لە جیهاندا ، تا چ ڕادەیە ئەم فرۆکانە هاوسەنگی هێزی عیراقو ئێران دەگۆڕنو ، ئایا ڕەنگە پال بە ئێرانەوە بنێن بەرەو گفتوگۆکردن ؟

توانایی و شارەزایی و ویستی پتەو

سەرەکی بەڕێز :

تۆ دەزانیو هەموو ئەوانەی شارەزان دەزانن کەوا چەك بە تەنیا ناتوانێ شەڕ بکا ، هەر ئەقڵەیە لە ئەقڵەکانی چەك لە فەرەنساوە هاتبێ یا لە شوێنی ترەوە لە توانای تێکڕای عیراقدا دادەنرێ بە شێوەیەکی گشتیو دەکەوێتە ژێر تێکڕای ئەقڵەی هاوکاری نێوان چەكو سنفەکانەوە لەو ئەنجامەی کە پێویستە لێیان لەبارەی سوپاییەوە ..

کە وابوو گەیشتنی فرۆکەی سووپەر ئیتاندار بۆ عیراق لە ڕاستیدا بارێکی ئەوتۆ نیە کە بتوانێ چارەی بارێکی بێهێز بکا ... چونکە ئەگەر عیراق توانای ئەوەی نەبوایە شەڕبکاو توانای بەرگری نەبوایە نە سووپەر ئیتاندار نە شتی تر نەیدەتوانی شتێ بکا ... بەڵام چونکە توانای عیراقی باشەو شارەزاییش هەیەو ، ویستی پتەویش کە لە شارەزایی گرنگترە لە شەڕدا هەیەو شارەزاییش لە توانایدایە کە ئەقڵە پێشکەوتووەکانی چەك بە شێوەیەکی ڕاست بەکاربێنێو ، چونکە فرۆکەکەیش فرۆکەیەکی پێشکەوتووە لە بواری بەکارهێنانیا لەبەر ئەوە لە توانایدا هەیە ئازارێکی تەواو بگەیەنێ بە دەزگاکانی ئێرانو بە تایبەتی دەزگا نەوتیەکان لە ناوچەی کەنداودا .. بەڵام تا ئیستا ئەم فرۆکانەمان بەکار نەهێناوە ، هەرچەندە وا بڵاوە کە لەو لێدانەی ئەم دواییەدا لە هێزی دەریایی ئێرانی و کەشتیی بازرگانیەکانیانا بەکارهێنراون ، ئەم دەستانە بە چەکی ئاسایی ئاسمانیی عیراقی وەشێنراونو تا ئیستا فرۆکەی سووپەر ئیتاندار بەکار نەهێنراوە .

ڕۆژنامەنووس :

جەنابتان چۆن هەڕەشەکانی ئێران دەخوێننەوە لە بارەی داحستنی دەربەندی هورمزەوە ؟ ئایا ئەمانە هەڕەشەی ڕاستەقینەن ؟ و ئایا وڵاتانی کەنداو لەم کاتەدا دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن یا پێویستیان بەوە دەبێ کە هێزی بێگانە بێنە ناوەوەو ؟ ئایا هەڵوێستی عیراق لە هەردوو باردا چۆن دەبێ ؟

سەرەکی بەڕێز :

تۆ مەبەستت ئەوەیە کە ئەم هەڕەشانە ڕاستەقینەن یا ڕاستەقینە نین ،یانی ئایا دەتوانرێ بهێنرێنەدی یا نا ؟ لەبارەی نیازەوە ئەگەر ئێران بیتوانیایە دەربەندی هورمز دابخا ئیستە یا پێش ئیستە یا دوای ئیستە ئەوەی دەکرد ، چونکە ئیستە ئەزانن کە فەرمانڕەوایانی ئێران هیچ نرخێك بۆ پەیمانەکانی نێودەوڵەتانو ڕای گشتی جیهانیو قانوونی نێو دەوڵەتان دانانێن ، بەڵام بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەی کە ئێمە دەیبینین ئێران زۆر بیردەکاتەوە پێش ئەوەی کارێکی وا بکاو حیسابێکی زۆری بۆ دەکا ، چونکە پیاوانی سیاسەت لە ئێراندا بەپێی ئەوەی کە هەستی پێبکەن دەجووڵێنەوە ، بەگوێرەی ئەو تێڕوانینە تەسکەی بەرژەوەندییان ئەك لەسەر بناغەیەکی تر ، وە کە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئیشی وا تووشی زیانیان دەکا نایکەن .

لامان وایە ئیستا ئەوانەی کە هەست بەوە دەکەن خەڵکی تر زیاتر زۆرتر دەبێ بەهۆی ئیشی واوە زۆربوون لەناو کاربەدەستانی ئێراندا ، چونکە ئەگەر هاتو ئێران وای کرد سندووقەکە بەسەر خۆیدا دادەخا چونکە ئەلقەکە دێتەوە یەك بەسەریا چونکە بازرگانیە بنەڕەتییەکەی بەم دەربەندەدا تێپەڕدەبێ ئەگەر هاتو دەربەندەکەی داخست وەك ئەوەیە خۆی بخاتە ناوسندووقەکەو لەناوموە بەسەر خۆیا دایخاو ، ڕەنگە ئیتر نەتوانێ دوای ئەوە سندووقەکە بکاتەوە ..

کە وابوو چ هۆیەك وای کردوە لە ئێران بەردەوامبێ لەسەر شەڕ تا ئیستا ؟ یەکێ لە هۆ سەرەکییەکان ئەوەیە نەوت ئەنێرێتە دەرەوە ، ئەگەر هاتو دەربەندی هورمزی بەسەر خۆیا داخست کە ئەوتەکەی لێوە بۆ دەرەوە دەنێرێ چۆن دەتوانێ بژی ؟

ڕۆژنامەنووس :

جەنابتان وەك ئەمە بە دوور بزانن .

سەرەکی بەڕێز :

من لە بارەی ڕاستییەوە ئەمە بە دوور دەزانم هەرچەندە من بەدووری نازانم بەگوێرەی دەمارو نارەزووی کاربەدەستانی ئێران .

ڕۆژنامەنووس :

ئەگەر ئەمەیان کرد ؟

سەرەکی بەڕێز :

بەپێی بۆچوونی من ئەگەر ئەمەیان کرد دەربەندی هورمز بۆ ماوەیەکی درێژ بە داخراوی نامێنێتەوە ، ئەگەر هاتو لەگەڵ ئاشکرایی وێنەگەیشتدا کە باسمان کرد ئەمەیان کرد ئەو کاتە ڕەنگە خومەینی بگەڕێ بە شوێن «شاییەکدا» بۆ ئەوەی وا بیشانبدا کە ئەو شەڕی ڕاوەستاندوە چونکە جیهان ئەمووی بووبوە دوژمنی ، ڕەنگە بێت لەژێر کاری حیساباتی وادا دەربەند داخا ، لەبارەی بیرکردنەوەیشیەوە پیاوێکی نەخۆشەو ڕەنگە وێنەی باسکردنی داحستنی دەربەندی هورمزی لە خەڵاڵاندابێ بۆ ماوەی مانگێك « لەگەڵ ئەو کارە پاڵەوانیەیەی کە خومەینی کردیو ، ئەو بریارە دلێرانەیەی کە لەم بوارەدادای » ... !!

بەڵام بەپێی بۆچوونمان ناتوانرێ دەربەندەکە بۆ ماوەیەکی درێژ داخرێ چونکە ڕژەوەندییەکی گرنگی جیهان لەم دەربەندەدایەو ڕژەوەندییەکی ڕەوای مرۆڤایەتین ، لەوکاتەدا وڵاتی جیهان لە دەرەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە دەست تێکەڵ دەکەن هەرچەندە ئێمە پەسەندی ناکەین بەڵام تێی دەگەین.

ڕۆژنامەنووس :

هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت چی یە هەرامبەر بە شەڕی عیراقو ئێران ؟

ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت

سەرەکی بەڕێز :

تۆ دەزانی کە ئەم دوو دەوڵەتە تێ کە هەڵوێستی خۆیان لەبارەی بەشێکی جیهانەوە بریاردەدەن یا بەرامبەر بە مەسەلەیەك کە لە بەشێکی جیهاندا ڕووبدا ، وێنەی هەمووی جیهاندخەنە بەردەمیانو، گرنگترین شتێ لە تێڕوانینی ئەیەکیان بۆ ئەم بابەتە یا گرنگترین شت کە ئەدووکیان پشتی پێوە ئەدەن لە بریاریانا بەرامبەر ئەوەیە کە پێویستە بیر لە دوو مەسەلەی سەرەکی بکەنەوە سەراتیژی جیهانی لاکەی ترو بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکەی ، جارجار هەڵوێستی لەلایەن گەورەکان دووچاری ناهێنی نەواو دەبێ ڕوونی یا یانی دەکەوێتە بارێکی دووداوەوە لەنێوان تەگرتنی هەڵوێستێکی تایبەتیو یا پشت نەگرتنی لە هەمو بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدوودا وبە نیسبەت ئەمریکا یا بە نیسبەت یەکێتی سۆڤیەتەوە ڕوویداوە ، یا بەهۆی ئاگادارنەبوونی ئەو لەو هۆیانەی کە کاردەکەنە سەر ڕەگەزەکانی پەیدابوون بۆ ئەو بارەی کە باسی لەسەر دەکەن یا لەبەر هەڵسەنگاندنی تر ، لە بارەی شەڕی عیراقو ئێرانەوە ئەم دوو دەوڵەتە گەورەیە لە قۆناغی یەکەمدا لەژێرەوە یەکبوون ئەگەر بە ئاشکرایش نەبووبێ بۆ ئەوەی ئەم شەڕە بەردەوامبێ .

وڵاتە یەکگرتووەکان لەلای خۆیەوە بەپێی ئەم تێڕوانینە هەوڵی داوە بۆ ئەوە ڕیسکی شەڕ نەپرژێ بەملاوبەولادا بەهۆی زنجیرەیە لە پرۆژەوە کە سیاساتی بازاڕگەڕی نەوتو نرخی و کاروباری تر لە ناویایەتی .

گومانی تیا نیە یەکێتی سۆڤیەت لای وابێو بەم هەڵویستە کارێکی وا دەکا ئێرانی لێ نزیکتر بێتەوە ، ڕەنگە ئەمەریکایش لای وابووبێ کەوا بەم هەڵوێستە کارێکی وا دەکا عیراق لەژێر زەبری شەڕدا نزیك بێتەوە لە ئەمەریکا بێ سەیرکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانیو نەتەوایەتییەکانی ، لام وایە هەردوو دەوڵەتە گەورەکە لەم دوو ساڵەی دواییدا زیاتر لەمەوبەر لە عیراقو ئێران گەیشتن بەڕادەیەکی ئەقڵو ژیریو مەبەستیشم لە ژیری « تێگەیشتن »ە نەك ژیری ڕووت .

ڕێکەوتنی هەردوو دەوڵەتەکە لەسەر بریارەکەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی ئاسایش ئەم ئینتیباعەمان دەداتێ لەگەڵ دەسنیشانکەرەکانی تردا و دەتوانین بڵێین هەردوو دەوڵەت دەستیان لە چاوبڕکێ هەڵنەگرتوە لەگەڵ « کچە بەرەڵلاکەی گەڕەکدا کە سەقامگیرنەبوە لەسەر شووکردنو مەبەستیشمان لێرەدا بە کچی گەڕەك : ڕژێمی ئێرانە » و چەکی ئەم دووڵاتە تا ئیستە بەجۆرێ لەجۆران دەڕوابۆ ئێران .

ئێمە دڵشادین بە گەڕانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ چوارچێوەی پێوەندی دۆستانە لەگەڵماناو ئێمە دڵشادین کەوا ئەمریکا خەریکە زیاتر لەمانای کێشەکەو مەترسییەکانی ڕەوشتە نالەبارەکانی ئێران دەگا لە ناوچەکەدا .

ڕۆژنامەنووس :

ئایا جەنابتان لاتان وابە مردنی خومەینی کۆتایی دێنێ بە شەڕ ؟

سەرەکی بەڕێز :

وەك تێدەگەین ناتوانین بڵێین ئەمانی خومەینی زوو کۆتایی بەشەڕ دێنێو مانی بێتە هۆی کۆتایی شەڕ . چونکە خومەینی خۆی بە تاقی تەنیا شەڕناکاچونکە سروشتی ڕژێمەکەی و ئەقڵیەتی کاربەدەستەکانی لەسەر بناغەی تەماعکاریو زڵبوون لەسەر حیسابی عیراقو وڵاتەکانی تر وەستاوەو ئەمەیش لەوەوە دەردەکەوێ کە چەندەها دەوڵەتی ئیسلامی ئاشکرایان کردوە لەبارەی دەستێوەردانەکانی خومەینییەوە لە کاروبارە ناوخۆییەکانیانەوە ، ئەقڵیەتی وا دەتوانێ یەکێك پەیدابکا پاش خومەینی پێشەوایەتییان بکا بێجگە لەوەی کە حیساباتی هێزەکانی کێشمەی دەستەڵات لە ئێراندا ڕەنگە پال بە خەڵکی تریشەوە بنێ بۆ سەرچڵی .

خومەینی پیاوێکی پاشکەوتووی سیاسەتە لەژێر بەرگێکی ئایینیداو هەر بە تەنیا پیاوێکی ئایینی دواکەوتوو نیە .

بەڵگەیش بۆ ئەمە ڕووداوی بەرەڵلاکردنی بارمتە ئەمەریکاییەکانە کە بە فەرمانی خومەینی گیرابوون ـ ئەمەریکایشی بە « شەیتانی گەورە » ناو دەبرد ... ئەگەر خومەینی سیاسی نەبوایە لەسەر هەڵوێستی دەمایەوە لە گرتنی بارمتەکانا بەڵام کە دەستی کرد بە دۆراندن بەرەڵلای کردن بەرامبەر بە بەرەڵلاکردنی پارەکانی لە بانقەکانی ئەمەریکادا .

ئایا ئەمە بەس نیە بۆ ئەوەی بێ بە بەڵگە بۆ ئەوەی ئەو سیاسییە لەبەر ئەوە ئێمە بە دووری نازانین کە خومەینی ڕێ خۆشبکا بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ کە بگاتە ئەوەی هەست بەوە بکا کە بە بەردەوامبوونی شەڕ دەیدۆڕێنێ لەبەر ئەوە دەڵێین تەواوبوونی خومەینی بە شێوەیەکی پێویست ڕاوەستاندنی شەڕ ناگەیەنێ بەڵکو بارێکی تازە پەیدا دەکا کە بە شێوەیەکی ئیجابی کاربکاتە سەر کۆتایی هێنان بە شەڕ هەروەك چۆن مانەوەی خومەینی ئەوە ناگەیەنێ کە شەڕ ئەبێ بەردەوام بێ .

ڕۆژنامەنووس :

هەڵسەنگاندنی جەنابتان بۆ پشتگیری سوپایی میسر بۆ عیراق بە چەك چی یەو ڕاتان چی یە لە پەرەپێدانی پێوەندی ئابووری نێوان هەردوو وڵات ؟

گیانی پێوەندی تازە

سەرەکی بەڕێز :

تەنیا یەك سەرچاوەی چەك ناتوانێ پێویستییەکانی شەڕ دابین بکا چونکە ئەوەی ئەنێررێتە مەیدانەوە فراوانەو گەورەیەو ، بڕیان لە میسر کڕراوێکی باشمان دەدەنێ لە چەكو جبەخانەو بە تایبەتی جبەخانەو خۆشمان کڕراوی خۆمان هەیە لە چەكو جبەخانە لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهان .

ئێمە لە ڕوانگەی چەندایەتییەوە سەیری هەڵویستی میسر ناکەین بەڵکو لە بارەی گیانی عەرەبایەتی ئەم هەڵویستەوە سەیری دەکەین .

لە ڕای هەندێ کلاسیکییەکانەوە ئەمە بە شتێکی سەیر دانانرێ ، بەلام ئێمە وا هەست دەکەین کە بڕیارەکەی میسر بۆ چەك پێدانمان مانایەکی قووڵی هەیەو ئێمە بە شانازییەوە ئەمەی میسرمان لە یاددا دەبێ .

مەسەلەکە ئیستا هەر بڕێتی نیە لە کڕینو فرۆشتنی کاروباری سوپایی لە میسر بەڵکو بڕێتییە لە گیانی ئەو پێوەندییە تازەی کە لە نێوان ئێمەو سەرەك حسنی مبارك‌دا هەیەو ، لەنێوان ئێدەو هەموو برا کاربەدەستەکان لە میسردا .

کە وابوو کڕینو فرۆشتنی شتومەکی سوپایی دەخرێتە ناو ئەم بارودۆخەوە ، لەبەر ئەوە مانای یارمەتیدانی برایانەی هەیە بۆ عیراق زیاتر لە هەر مانایەکی تر ... بە نیسبەت ئێمەوە دەکرێ هاوکاری بکەین لەگەڵ میسردا لە هەر مەیدانێ لە مەیدانەکانی ژیانی ئابووریو شتی تر، ئێمە لە بارەی زۆر کاروباری سیاسی گرنگەوە ڕاوێژ دەکەین .. بەنیسبەت کاروباری ئابووریشەوە لەو پەیدا دەبێو ئەو بناغەیە نیە کە پێشی ئەو بکەوێ بەم پێیە شتێکی ئاساییە کە لە بواری ئابووریدا هاوکاری بکەین بەو جۆرەی کە پێوەندی برایانە پتەو بکاو پەرەی پێبدا لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە جۆرەها بواردا .

ڕۆژنامەنووس :

بە نیسبەت کێشەی عەرەبی « ئیسرائیلی »یەوە زۆر کەس پێوەندی دادەمەزرێنن لە نێوان شەڕی عیراقو ئێران وتێکچوونی هاوسەنگی ستراتیژیو لەنێوان عەرەبو «ئیسرائیل»دا تا چ ڕادەیەك جەنابتان ئەم پێوەندییەتان لا تەواوە ؟

سەرەکی بەڕێز :

لام وایە پرسیارەکە دەبێ وردتربێ ، ئایا مەبەستت ئەوەیە دووربوونی عیراق بەهۆی شەڕەوە تەرازووی ڕێژە عەرەبییەکانی لاسەنگ کردوە ئەگەر بەراورد بکرێ بە بارودۆخی « ئیسرائیلی » یەوە ؟

ڕۆژنامەنووس :

بەڵێ پرسیارەکە ئەمەیە

سەرەکی بەڕێز :

ئاشکرایە هەر عەرەبییەك کە لە گۆڕەپانی بەگژاچوونو زەبرخستنە سەر سیاسەتی «ئیسرائیل» دەرچێ نوختەیەك تۆمار دەکا بۆ قازانجی «ئیسرائیل».

عیراق کە ناچار دەبێ بچێ بەگژ ئێراندا لە پێناوی بەرگری کردندا لە سەربەرزی نیشتمانییو بۆ بەرگری‌کردن لە براکانی لە کەنداودا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ گومانی تیا نیە « ئیسرائیل » سوود لەمە وەردەگرێ ، بەڵکو لەمەیش زیاتر ، ئێمە لامان وایە « ئیسرائیل » بە ڕێگای دەزگا تایبەتییەکانیاو بە ڕێگای دەزگا زایۆنییەکاندا پێش شەڕو لە کاتی شەڕدا بەرەو بەربابوونی شەڕ باڵی‌ناوەو بەرەو بەردەوامبوونی . هێشتایش پتەوین لەم باوەڕەماندا بەم ڕێبازەداو پێوەندی بەستن لەنێوان هێزی عەرەبییەوە بە شێوەیەکی گشتیو نەك هەر سوپایی یانی هێزی زەبر بە هاوسەنگی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتیو دەرچوونی عیراق لێی لەسەر سیاسەتی « ئیسرائیل »و لە نێوان هەڵوێستی فەرمانڕەوایانی لیبیاو فەرمانڕەوایانی سووریادا ئەوە دەردەخا کە فەرمانڕەوایانی لیبیاو سووریا ڕاستنین لەوەدا کە دەڵێن سوورن لەسەر سوودی نەتەوەی عەرەب لە ڕووبەڕووبوونی تەماعکاریی زایۆنیدا یا با بڵێین ئەگەر بەتەنگ ئەوەوە بهاتنایە کە هێزی عەرەب بەرامبەر بە تەماعکاریی « ئیسرائیل » کۆببێتەوە ، لای کاربەدەستانی ئێرانیان نەدەگرت دژی عیراقو یارمەتی بەردەوامبوونی شەڕیان نەدەدا تا ئەم ڕۆژەی ئیستا ، پێوەندی هەیە وەك فەرموت بەڵام تاقە هۆی داگیرساندنی شەڕو بەردەوامی شەڕ نیە بەڵکو زۆر هۆی تر هەیە بەڵام ئەمەیان سەرەکییە .

ڕۆژنامەنووس :

جەنابتان چۆن بارودۆخی ئیستای عەرەب هەڵدەسەنگێنن ؟ ... ئایا لاتان وایە هەڵی ئەوە ماوە ناکۆکی نەمێنێت، هاوکاری نێوان دەوڵەتە عەرەبەکان بتەوبکرێو لەسەر کەمترین شت ڕێبکەون بۆ ڕووبەڕووبوونی ئەو مەترسییانەی دەورەی ئەتەوەی عەرەبیان داوە ؟

بڕیاری عەرەبی بە زۆری

سەرەکی بەڕێز :

ئێمە هەمیشە لامانوایە کە ڕژێمە عەرەبەکانە دەتوانن لەسەر کەمترین ڕەیەکی وا ڕێك بکەون کە توانای گۆڕینی هەبێ بەرەو باڵاتر لە هەرکاتێ ، هەتاکو ئەگەر ڕژێمو سیاسەتیشیان جیاوازبێ لە بواری تردا، ئەمەیە بیروڕامانو ئەوەی باوەڕمان پێیە ، بەڵام ئایا لەبارەی ڕاستییەوە ئەمڕۆ دەتوانرێ ئەمە بکرێ ؟ پێویستە لەسەرمان هەوڵی هێنانەدی ئەمە بدەین ـ بەڵام وەك دەبینی مانەوەی کاری عەرەبیو چالاکی عەرەبی بە ڕاگیراوی لەبەر ئەوەی دوو یا سێ لە ناو عەرەبدا دژی ئەم بەیەك گەیشتنە نەتەوایەتییەو گەرانی دڵسۆزانەو بەکۆمەڵ بن لە دواڕۆژی نەتەوەدا زۆر دروست نیە ئەم کارە گەورەیە هەروا بمێنێتەوە چونکە هەرئەوەندە بەسە کە زۆربەی عەرەب کۆببنەوەو ئەگەر وڵاتێ یا دوو یا سێیان دواکەون چونکە توانای ئەوەیان هەیە کە زۆربەیان کۆببنەوە بریاری ئەوشتە بدەن کە لایان وایە ڕاستەو بەگوێی بکەن . بۆ وێنە ئەو هۆیانەی کە ڕێگای بەستنی

Institut kurde de Paris

دوانەکەی بەرێز سەرەکی فەرماندە
صدام حسین
بۆ رۆژنامەنووس ابراهیم نافع سەرنووسەری رۆژنامەی «الاهرام»ی مسری لە ٢٦/١١/١٩٨٣دا

توانای عیراق چاکەو ئشارەزایی تەواو هەیەو عەزمی جەنگین فرەیە

سەرەکی بەرێز :

دواکەوتین لێتان ٠ چونکە بریاربوو نان خواردنم لەگەڵ سەرکردە عەسکەریەکان بێت ، بۆ ئەمە وەختێکمان دانابوو بەلام ، راپۆرتی بەرێوەبەری ئیستخبارات رای گەیشاین بۆ مەسەلەیەکی ترو قسەو باس درێژەی کێشا بەشێك بەسەر وەختەکەماندا لەگەڵ تۆدا تێپەری ٠٠٠ بەخێر بێیت وەك عەرەبێك لە ولاتەکەت ٠

رۆژنامەنووس :

ئێمەش ، دبسان تەقدیری زروفەکەتان دەکەین، بەرێزتان دەبێت بەرگەی باری دەولەتو ٠٠جەنگو ٠٠شتی تر بگرن ٠

سەرەکی بەرێز :

سوپاس بۆ خوا ، هاورێیان هەریەکەیان لەماوەی خۆیانەوە بەشێوەیەکی بەتوانا ئەرك رادەپەرێنن و هەندێ بارگرانیان لەسەرمان لابردووە ، ئەوە نەبێت راستەخۆ دەکەوێتە سەرشانمانو لەو بارە گرانە بەپێی بەرپرسیاری نیشتمانیو نەتەوەیی بەرامبەر گەلەکەمان سوپاس بۆ خوا هەر یەکێك لە هاورێیان دەوری بە شێوەیەکی هەرەوەزیو هاوکاری بەدیدەهێنێ ٠

رۆژنامەنووس :

دواجار کە سەرمدا لە عیراق سالی ١٩٧٢ بوو کە لە بانقی دەولی بیناکردنو ئاوەدانیدا کارم دەکرد ، ئەمجارە کە هاتم بۆ بەغداد ، بەبێ پیاهەلدان ،ئەوەی چاوم بینی باوەڕم نەکرد ٠

سەرەکی بەرێز :

بێگومان ، بەغداد لە بنەڕەتەوە گۆڕاوە ٠

رۆژنامەنووس :

سەرەکی بەرێز ، ئەگەر رێگام بدەن ،، چوار ساڵ بەسەر جەنگی عیراقو ئێراندا تێپەریو لە ئاسۆدا کۆتاییەکی بۆ نابینین ، لێکدانەوەی بەرێزتان ، یان روانینی بەرێزتان بۆ ئەو رێگایەی ئەم جەنگەی پێدوایی بێت چییە ؟

سەرەکی بەرێز :

جەنگ ، وەك دەزانن ، ئۆژرانبازی دوو دەستەلاتە هەر یەکەیان بە لایانی بڕیار دراویداو جەنگ هەندێ جار لە ئەنجامی شی کردنەوەو بۆچوونی مەنتقیدا، یان ئەو هەلسوکەوتەی بە مەوزوعیەت کاری پێدەکرێو راپەڕێنەرەکانی لەو باوەڕەدان پێویستی بەو جۆرە ئوسلوبە هەیە بۆ گەیشتن بە ئەنجام یان بەدی هێنانی ٠٠ کەواتە دوو لایەنی دژ بەیەکتر هەن لەم جەنگەدا ، لایەنێك بانگی خۆفراوان کردن دەدات لە سەر حسابی دەولەتێکی دراوسێ ، لایەنێك بەرگری لە خۆی دەکات ، لە رێزیو لە ئاسایشی ، لە مافەکانی ، لە سەربەخۆییو ئەم لایەنەی دواییان کە بەرگری لە خۆی دەکات عیراقە ، بەلام لایەنەکەی تر کە دەیەوێت لەسەر حسابی دراوسێکەی فراوان ببێت ئەوە ئێرانە٠

کەواتە ، جەنگ کاتێك تەواو دەبێت کە ئەو لایەنەی ئارەزووی خۆفراوان کردنی هەیە لە بەدیهێنانی ئامانجاکەیدا سەرناکەوێت ، یان کاتێك دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئامانجەکەی مومکین نیە بەدی بێت ٠

ئەمەیە بۆچوونم دەربارەی ئەو بارەی کە جەنگ تیا کۆتایی پێدێت ٠

رۆژنامەنووس :

دەکرێت بەرێزتان ئەو مەرجانە دیاری بکەن کە بە هۆیەوە هاوسەنگی بە جۆرێ دەگۆڕێت دەکرێت وا بکات زۆرانبازیەکە بە ئاشتی دوایی بێت ٠٠ بە مانایەکی تر ٠٠وا دیارە ئێران ئارەزووی لە بەردەوامی جەنگە ، ئەمە ئامانجی دیاری کراوی بۆ رژێمی ئێران بەدی هێناوە ، چۆن دەکرێت ئەم رۆڵە بالێوەبنرێت بۆ قبول کردنی ئەو باوەری راوێژکردنەی عیراق پێرازی بووە ؟

لە پێشا ئامانجەکانی ئێران دیاری دەکەین

سەرەکی بەرێز :

لەسەرمانە لە پێشەوە ئامانجەکانی ئێران دیاری بکەین ،هۆیەکانی بەستراو بەمەوە بە سەلبی یان ئیجابی بێننە بەر چاومان ، واتە بۆ ئەوەی ئەو هۆیانە ببینین کە لەوانەن لە سوودی ئێران بن یان ئەو هۆیانەی لە دژین ، بەپێی ئامانجەکانیو دانانی ئەو ئامانجانە لەبەر روانینی ئەم سەردەمەی تیایدا دەژین٠

ئێران ، وەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ووتمان دەیەوێت خۆی فراوان بکاتو ئەم کارەش بە چەند قۆناخێکدا رابوورد ، لە قۆناخی بەر لە ٢٢ی ئەیلولدا سالی ١٩٨٠ پەلامار بەربوون ، واتە لە رۆژی ٩/٤وە هەتا رۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ بە نیسبەت شارو خاکی سەر سنوورەوە پەلامار بەربوونو شطالعربیان داخست لەگەڵ نوقم کردنی چەند پاپۆڕێك تیایدا ٠٠ رۆژی ٩/٢٢ رۆژی بەرەنگاربوونەوەی فراوانو گەورەبوو لەسەر پەلامارەکەیان بە هەڵمەتی رووبەروو هەموو هێزەکانی ئێران شکێنراو لەشکری ئێران راونرایە قولاییەکی دیاری کراو لە ئێران ، لە ماوەی بەر لە رۆژی ٩/٢٢ ئێرانیەکان باسی فراونکردنی شۆڕشی ئیسلامیان دەکرد لەسەر حسابی عیراق ٠

ئەو قۆناخەیە کە رژێمی ئێران پەلامارەکانی کردەسەر عیراق لە رۆژی ٩/٤وە بۆ رۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ کە ئەو رۆژەیە هیرشی بەرپەچدانەوە دەستی پێ کرد وەك پەنجەم بۆ کێشا ، دوای رۆژی ٩/٢٢ قسەی راگەیەنراو لە لایەن کاربەدەستانەوە گۆڕا بۆ بەرگری سەرناکەون ئەو قسەیەی بەر لە رۆژی یان دوو رۆژ دەیانکرد چاکیان دەکردنەوە تا بڵێن گوایە دەیانەوێت سوپای عیراق لە سنوور دور بخەنەوە تا شارو گوندە ئێرانیەکان بپارێزن لە گوللەبارانی توپی عیراق ٠

دوایی دەستیان دەکردەوە بە زیادکردنی جموجوڵیان بۆ گەیشتن بە مەتەوعی نوێ دەگەڕانەوە بۆ قسەکردن لەسەر گەیشتن بە نیشانە لە ناو قولایی عیراقداو بەڵێنیان دەدانێ کە ئەمە دەکرێ نەك چاوەڕێ کراوە ، جارێکی کە پەلاماریان دەبردو دوایی ئەوەی پەلاماریان دەبردو پەلامارەکەیان سەرنەدەکەوت دیسان دەگەڕانەوە بۆ چاکردنی قسەکەیانو دەیانوت بەرگری دەکەین بەلام بە شێوازی دورخستنەوەی مەترسی !!

وە کاتێ بەلامار دەدەین دەمانەوێ مەرجەکانی ئێران بەدی بێنین کە بژاردەنەوەیەوە چاوگێڕانەوە بە حوکمدا لە عیراقو تا دوایی ئەو مەرجانەی لاتان زانراوە ٠

کەواتە ئەمەیە ئامانجەکانی ئێران ، کە یەکەم مەسەلەی بەرگریە ، کە ئەمەیان نیستا لە ئێران کارێکی قبول کراو نیە چونکە دیارە عیراق کشایەوە بۆ سنووری دەولەتی ، دوایی پەلامار بە مەبەستی خستنی رژێمی حوکم ، کە وای لێهاتووە بە نیسبەت زوربەی ئێرانیەکانەوە هەست دەکەن کە ئەم قسەیە مومکن نیە جا با چاوپۆشین لەوەی ئایا باوەڕیان پێیەتی یان باوەڕیان نیە ٠

لە بۆچوونی ئێمەدا ئەو حالەتەی لە ئێرانداماوە کە رژێمی خومینی دەیەوێت وەبەری بێنێ حالەتێکی جوڕئیە ، کە برتیە لە حالەتی ئەو خەلکە نەخوێندەوارەی لەرێگای هوروژاندنی غەریزیەوەو داپۆشراو بە پاڕەی ئایینی کۆیان دەکەنەوەو ئەم حالەتە لە کەمی بەردەوامدایە ، دوای هەموو شکاندنی پەلاماری ئاردەزو بۆ ئەم جۆرە کارە کەمدەبێتەوە کاروبار دەگەڕێتەوە بۆ رادەی زیاتر ئاڤێز لەوەی پێشووی ٠

کەواتە ئایا لە توانای ئێرانیەکاندا هەیە هەروەك لە پرسیاکەتاندا هات راستی ئامانجەکانیان دەربڕن ؟ کە ئەیە بە ئێرانیەکان بڵێن ئێمە پالتان پێوە دەنێین کۆشتارو بۆ دۆزەخ چونکە لە رووی ناوخۆیەوە پێویستمان بەم کارەعەسکەریە هەیە !!

لام : ئەوان ناتوانن ئەمە بۆ گەلانی ئێران ئاشکرابکەن ، کەوابە ناچارن باس لە ئامانجێ بکەن کە ئاجە راستەقینەکانیان نیە کە لە پێناویدا شەڕ بەردەوەو کاتێ باس لە ئامانجێ دەکەن کە ئامانجە راستینەکان نیە لە پێناویا شەڕ بە ردەوامە ، ئەمە لە ری مەنتقیو کردەوەوە بەلای ئێرانیەکان کارێك دەپاگرێ پێتەدیو بۆ بەشێکی زۆریان دەردەکەوێت کە رەوانیە وەك حالوایە ٠

رۆژنامەنووس :

مەرجەکانی بەرێزتان چین ؟

بنەڕەتمان هەیە

سەرەکی بەرێز :

مەرجمان نیە ، بەڵکو بنەڕەتمان هەیە ، ئەو بنەڕەتانە ئەمانەن : هەر ولاتێ رێزی سەربە خۆی و سیادەتی ولاتەکەی تر بگرێت لەسەر خاك و ئاوەکەی ، هەریەکەمان رێزی کاروباری ناوخۆی لایەنەکەی تر بگرێو دەستی تێوەرنەداتو ئیجابی بێت لە ژامن کردنی ئاسایشی ناوچەکەو نەبێتە هۆی شێواندنی ئاسایشی ناوچەکە بە گشتی بە خەلیجی عەرەبیەوە٠

ئەمە ئەو بنەڕەتانەن لە یاساکانی دەولەتانو گیانی سەردەمو لە ماضی رەوای هەر ولاتێکەوە هەڵێنجراون ، بە بیروڕای ئێمە ئەم بنەڕەتانە جێگای رێزی هەمووانە بە دەلیلی ئەو بریارەی لەم دواییەدا ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتان دای ٠

رۆژنامەنووس :

ئەم بنەڕەتانە بەرێزتان زیاتر لە جاری بەرچاوتان خست ئایا بنەڕەتی نوێ هەن صدام حسین ئەمرۆ بەرچاویان بخات ؟

سەرەکی بەرێز :

بنەرەتی نوێ مان لانیە ، چونکە ئەم بنەڕەتانە مەنتقیو رەواو بەکارن ٠

رۆژنامەنووس :

سەرەکی بەرێز ، نیستا سەرکردەکان لەگەڵتا بوون وەك فەرموتان ، ئایا دەکرێ وێنەیەك بدەن بە گەلی عەرەب دەربارەی هەلویستی عەسکەری نیستا لە بەرەکانی شەڕ ، راستە بەرێزتان لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا باستان کرد بەڵام باتەنیا لێکی بدەینەوە بابەخی ئەو شوێنانە چین کە ئێران نیستا لەناو خاکی عیراقدا دەستی بەسەراگرتوون ، لێکدانەوەتان چییە بەرامبەر کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە باکووری عیراق لە لایەن ئێرانەوە وەك پێنجوین ؟

سەرەکی بەرێز :

راستی ئەوەیە ئەو شەرەی لەو کاتەوەی ئێران لە تەمووزی سالی ١٩٨٢وە هەوڵی داوە لە سنووری دەولەتی بپەڕێتەوە بەرەو عیراق تا نیستا هەر لەسەر سنوورە ، بەڵام لە رووی تەعبەویەوە ، لەوانەیە دەستنیشانی پارچەیەك ئەرزی سنوور بکەین کە لەو مێژووەوە تا نیستا لەشکری ئێرانی تێهاتووە ، بەڵام لە روانینی کارەوەو روانینی فرەیی ، ئێران تا نیستا نەیتوانیوە کارێکی وا بەدی بێنێ بتوانێ هاوسەنگی هێز بلەقێنێو ناتوانێ ئەمەش بەجێ بهێنێ ٠

ئەمەیە شتی بنەبڕی ، بەڵام ئێران لیرەوە یان لەوێوە چۆتە ناو ئەرزێکەوە لە روانینی دەستووریو یاسایدا ئەرزی عیراقە ئەمە بووە ، ئەمەش لە شرێتێکی بچوکی سەر سنوور تێناپەڕێ ، وە ئێوە دەزانن ئەوەی هەڵویستی بەرگری شێوە چەسپاو وەربگری لە ماوەی ساڵو نیوێکدا واتە بەرگری لە ئەرزی دەکات لەسەر ئەرزەکەیو بەرگری سەرکەوتوو ئەوەیە بەرگری لە نیشانەیەك بکات لەبەردەمیایەتی ، بەڵام بەپێی رێزمان بۆ رای گشتی دەولەتانو تا بروویبانوەکانی ئێران بخەینو وەك هەیە بەرچاوی بخەین رازی بووین بەوەی بەرگری لە ئەرزەکەمان بکەین، لەسەر ئەرزەکەماندا ئەمەش حالێتێکی زۆر گرانە لە توانای بەرگری کردندا لە نیشانەی گرنگ،

> مەرجمان نیە ، بەڵکو بنەڕەتمان هەیە ئەوەن : هەر ولاتێ رێزی سەربە خۆیی و ولاتەکەی تر بگرێ لە سەر خاك و ئاوی و لەسەر ئەوەی کە یان رێزی کاروباری ناوخۆیی ئەوی تر بگرێ و دەستی تێوەر نەدا

Institut Kurde de Paris

تطوع یا بەردەوامی ل دهوکێ بۆ پشکداریێ دهشەردا

هژمارەکا دی یا هاووەلاتیال دەفەرا دهوکێ تطوعا خۆ دیارکرن بۆ پشکداریێ د جەبهێت شەری دا ، لگۆنەڤێ جارێ ئەڤ (تطوع) ە ژ ناڤ رێزێت جوتیارا هات ل گوندێت مەرینێ و گرێ گەوری و بەدەلیا کو ئەو ژی ژ گوندێت توچەرێت هاجانە

● بەرێز محمد تمر عیسمی :

ئەڤە ریە سپیەکێ نیجاخا ئالایە کو ئێکە ژ بابکێت تایێ هاجا ، ئو مروڤەکێ پیرە ژ یێ وی نێزیکی هەشتێ سالا یە ، لێ د سەر هندێ را د بێژیت هەر چەندە ئەز نە شێم ژ بەر ئەختیار یا خۆ چ بکەم لێ ئەز کوریێت خۆ هەرسێ یا صالح و خالد و احمد شیرەت د کەم و بەرێ وان د دەمە تطوعێ بۆ بەرەڤانیا ئاخا عیراقێ و حزمەت کرنا وەلاتێ خۆ ، هەر وەسا ئەو هەر سێ کور ئامادە بونا خۆدیار د کەن بۆ کارێ شەری دژی رژێما خومەینی و دەستەکا وی یا نە ئێکەهشتی و د بێژن هەمی گافا ئەم یێ ل تایێ حوکمەتا خۆ راوەستاین و سەروکێ خۆ صدام حسێنی .

● بەرێز عرب محسو :

ئەو ژی د بێژیت ئەز و کورێ خۆ (محمد) خۆ تطوع د کەین د شەرێ قادسیا صدام دا کە بەرەڤانی ژ عەردێ عیراقا عەرەب و کوردا ، ئو ئەم ب رح و مال فە د حازرین ل بەر فەرمانا سەروکێ مە قوماندار صدام حسێنی .

● عمر ابراهیم عمر :

ئەو و کورێ خۆ (احمد) ژی خۆ تطوع د کەن بۆ قادسیا صدام ئو فێرا دچیت و د بێژیت هندی ئێك ژ مە بمینیت ئەم کو ئەکیا دوژمنێ نێرانی قەبیل نا کەین و لە کوردا ژی گەلەك خوینا خۆ یا رێتی ل سەر ئاخا بەسرە و مەندلی و میسان و ئەفروکە ژی ئەم یێ درێژین ل سەر ئاخا کوردستانێ ل دەفەدا پەنجەوین . ئو ئەڤە دێ کارێ مە بیت هەتا سەرکەتنا دوماهیێ ل بن سیبەدا سەروکێ تێکوشەر مەفال صدام حسێنی .

● هاوولاتی حاجی علی حسن و محمد سلیمان حسو و یونس محمد عمر و جمیل صالح و احسان هاجانی :

ئەڤ دەستەکە ژی ژ گەنجێت وا گوندانە ئەو ژی د بێژن ئەم هەمی دەما د ئامادەینە بۆ پشکداریێ د قادسیا صدام دا ، ئو ئەم تطوعا خۆ ئاشکەرا د کەین بۆ شەری و هلگرتنا چەکی دا کەس نە بێژیت کورد هاری برایێت خۆ بێت عەرەب نا کەن د تەنگافیا دا ئو پشکداریا کوردا یا دیارە د هەمی شەرێت هاتینە کرن ل هەمی دەفەرا ل سەر توخیبێ عیراقێ ، ئو ئەم هەر دەم سەربازێت سەروك صدام حسێنی نە ...

● بەرێز سلیمان اسماعیل و برایێ وی ابراهیم اسماعیل و کورێ وی اسماعیل سلیمان :

ژ گوندێ سەرتەنگی تطوعا خۆ دیار د کەن بۆ قادسیا صدام دا کو ئەو ژی هەر وەکو دبێژن بەرەڤانیێ ژ ئاخا خۆ و مافێت خۆ بکەن دژی رژێما ئێرانی یا کەفنە پەرست لبن ئالایێ سەروکێ قوماندار صدام حسێن .

● بەرێز لەژگین محمد حسو هاجانی :

دبێژیت ئەز و مروڤێت خۆ ژ مالا شێرێ خۆ تطوع د کەین بۆ هلگرتنا چەکی دا کو دگەل برایێت خۆ یێت عەرەب بەرامبەر دوژمنێ عیراقێ راوەستین و عیراقا خۆ بپارێزین ژ ئەماع کارێت وێ . ئو هەر دەم ئەم د ئامادەینە بۆ شەری ل بەر فەرمانا سەروکێ قومانداز صدام حسێن .

● بەرێز خالد حسن یوسف شرفانی :

دبێژیت چجارا کوردا خۆ ژ شەرێ دوژمنی نە دایە باش ژ بەر هندێ ئەفرو ژی کورد یێ خوینا خۆ د بەر بارێزتنا ئاخا عیراقێ دا درێژن وەکو برایێت خۆ یێت عەرەب . ئو هەکە خودێ حەز کەت ئەم دێ کوردستانێ کەینە گوردستان بۆ زوردارێت قوم و تەهرانێ ل بن ئالا سەروك صدام حسێن .

● بەرێز صالح تاقو علی :

ئێکە ژ هاوولاتیێت کورد ل عیراقێ دبێژیت : ئەز خۆ تطوع دکەم بۆ قادسیا صدام دژی رژێما خومەینی یا خوین رێژ ل بن سیبەرا سەروکێ قەهرمان صدام حسێنی .

رمضان عیسی

لقی دهوك

دوو وێنە لە کەشتی ئاسمانی کۆلومبیاوە کە کەشتیەوانەکان نیشان دەدات



وون بوونی

دەفتەری خدمە

بەناوی فریاد محمد امینەوە دەفتەری خدمەی عەسکەریم لێ وون بووە کە لە بەرێوەبەریتی تەجنیدی سلێمانی دەرچووە . لکابە ئەوەی دۆزیەوە بیدات بە لقی سلێمانی ..

بالندەکان .. پاشەاوە

دەوروبەری عەمبارلیەوە ئەبە ئەبێ مۆتۆرێکت دەکەبشتە ئەم ناوە .. هەردوو منالەکەش سەریان بۆ سەر ستکیان شۆربوبوەوە بە دانشتنەوە لە شبرین خەودا بوون . ئاکرە کە دامرکابوەوە بووبوە حۆلەمێش . بەلەوەری ناو قەفەسەکانیش کپەبوو بوون . لەتاو قەفەسێکی ژێر دار بەلکەکانەوە

هەندێ جار بەبێ ئارامی بەلەوەرێک بالەفرێی بێکەوتبوو بەلەوەرەکانی کەشی بەیەکادەدا . دەیانی هێنایە بالەفرێ .

کپ دەبوونەوە ... سروەی بای بەپانی لە دەرباکەوە . لە جەمەکەوە لە گۆمی چەکمەجەوە . لە هەر چوار لاوە

به ژمارەیەکی زۆر کەم . کاروبارێکی قورس و تەفەللایەکی بەردەوام دەنوێنن و لەمەشدا هەست بە هیچ هیلاکیەك ناکەن .. بە جۆرێك کە ئەم مەلبەندە بوە بە ئاقی مانەیەکی زانستی و شارستانیەتی ..

● کە لە مەلبەندەکە چوینە ژوورەوە مامۆستا « محمد فاتح » بەرێوەبەری ئەم مەلبەندە هات بەپیرمانەوەو دەستی کرد بە باس کردنی مەبەست لە دامەزراندنی ئەم مەلبەندەو بەشەکانی و ووتی :-

ئاشکرایە کە لە رۆژی ئەمرۆماندا ، زانست لە هەموو قۆناغەکانیدا بەرەو هەنگاوناو بنیات نانێکی خێرا چووەو دامەزراندنی ئەم چەشنە مەلبەندە زانستیانەش ئاستی بەروەردەو فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا ، بەتایبەتی بۆ رۆلێکی ئاشکراو کاریگەر دەگێڕن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی پەروەردەو فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا، بەتایبەتی بۆ قوتابی کە رێگە رۆشن ئەکاتەوەو ئەمەش لە یەکەم قۆناغی خوێندندا هەستی پێدەکرێ و لە زۆربەی وانەکان خوێندنی قوتابخانەدا کەلکی لێوەردەگیرێ و تەواوی ئیش و کارەکانی ئەم مەلبەندەش لەم چەند خالانەدا کودەبێتەوە :-

١ ـ ئامادەکردن و دروست کردنی هەموو جۆرە هۆیەکی فێرکردن چ ئەخشەی قوتابخانەکان ، یاخود وێنەی روون کەرەوە بۆ دابەش کردنی ئەم چەشنە هۆیە بە روون کراوانە بۆ قوتابخانەکانی پارێزگاکە .

٢ ـ دابەش کردنی ئامێری روون کردنەوەی بە کەلك بەسەر قوتابخانەکاندا .

٣ ـ تۆمار کردن و ئامادەکردن و دابەش کردنی وانەی فێرکردن لە زۆربەی وانەکاندا ، لەوانە قورئانی پیرۆز ، انگلیزی و زمانی تر .

٤ ـ نیشان دانی فلیمی پەروەردە وفێرکردن کە قوتابی کەلکی لێوەرگرێت .

٥ ـ کردنەوەی زۆر خولی رامێنان بۆ مامۆستایان بۆ شارەزابوون .

٦ ـ رێك خستنی پیشانگای هۆیەکانی فێرکردن و تا ئێستا لەم بارەوە گەلێك پیشانگای فراوان رێك خراوە .

٧ ـ هەلسان بە وێنەگرتنی شوێنە کۆنەکان و هاوینە هەوارەکان و بابەتی فۆلکلۆری کوردی .

٨ ـ دابەش کردنی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکان لەوانە دارتاشی و لە هەموو بەشەکانی ئەم مەلبەندەشدا چەندان ئامێری نوێ و هاوچاخمان بۆ هاتووە کە لەکەل قۆناغەکانی پێشکەوتنی پەروەردە رێك دەکەوێت و هەمو ئەدانەش کاردەکەن بۆ یەك مەبەست کە ئەویش خزمەتی لایەنی پەروەردەو قوتابیانە .

● لە بەشی نە خشدانان و نەخشەسازی دا ، کە چەند شارەزایەك لەو بوارەدا کاری تیدا دەکەن چاوەان مامۆستا « قیس عبدالرحمن » لێ پرسراوی ئەو بەشە کەوتو لە وەلامدا ووتی :-

● لێزنەی تایبەتی مەبە بۆ پەلاندانانی ئەم بەشە بۆ چاپ کردن و دروست کردنی قوتابخانەکان لەوانە دارتاشی و لە هەموو بەشەکانی ئەم مەلبەندەشدا چەندان ئامێری نوێ و هاوچاخمان بۆ هاتووە کە لەکەل قۆناغەکانی پێشکەوتنی پەروەردە رێك دەکەوێت و هەمو ئەدانەش کاردەکەن بۆ یەك مەبەست کە ئەویش خزمەتی لایەنی پەروەردەو قوتابیانە .

● لە بەشی نە خشدانان و نەخشەسازی دا ، کە چەند شارەزایەك لەو بوارەدا کاری تیدا دەکەن چاوەان مامۆستا « قیس عبدالرحمن » لێ پرسراوی بە ئەو بەشە کەوتو لە وەلامدا ووتی :-

● لێزنەی تایبەتی مەبە بۆ پەلاندانانی ئەم بەشە بۆ چاپ کردن و دروست کردنی قوتابخانەکان ، هەموو لایەنەکانی داراشی لە لە ئەحمەو پێوستی تر .

● لە بەشی دابەش کردنیشدا کاك شمس الدین حسین بە درێژی باسی تر لە کەلەمدا کاردەکەن و پێویستی یەکانی قوتابخانەکانی هەولێرمان لەم بارەیەوە بەجێ گەیاندووە .

● لە بەشی چاپ کردن لێپرسراوی ئەو بەشە مامۆستا محمد علی ووتی :

هەروەکو بەرێزتان چاوتان پێدەکەوێ چەندان ئامێری نوێی چاپەمەنیمان بۆ هاتووە ، پاش ئەوەی کە ئەخشە ئامادە دەکرێ ، لەم بەشەدا هەلدەستین بە چاپ کردنیان بەرەنگاورەنگ و وانەبێ ئەنیا شارەکە کەلکی لەم لایەنە وەرگرتبێ بەلکو هەموو عیراق ئەمەش بە گوێرەی پێویستی یەکانیان بەم ئەخشانەو بە ژمارەی چاپ کردنیان .

● لە بەشی سینەماو تۆمار کردن سەرۆکی ئەو بەشە مامۆستا عبدالهادی احمد حضر ووتی :

بەشەکە ئەو قوتابخانانە بەسەر دەکاتەوە لە رووی ئامێری سینەماو تۆمار کردنو چەندان ئامێری تۆمار کردنمان بە قوتابخانەکان بە خشیوە، بۆئەوەی لە کاروباری رابەڕاندنی پەروەردەیی دا کەلکی لێوەرگرن ، هەروەها ئەو فلیمە کریتانەی کە لە ئاستی پەروەدە قوتابی بەرزتر دەکاتەو بۆ تێگەیاندن لەسەر بنەڕەتێی زانستی .

● لە بەشی دارتاشی دا چەندان ئامێری نوێ هەیەو کاروباری ئەم بەشەش گرینگی ئەو لایەنەی کرد کە بریتی یە لە بەسەرکردنەوەو دابەش کردنی کەلوپەلو هۆیەکانی ئەی فێربوون ... وە چەند کادرێك لەم بەشە خولی تایبەتی خۆیان لە دەرەوەی و ولاتدا دیوە بۆ پتەوکردنی لایەنی فێربوونو پەروەردەکردن .

● لە بەشی وێنەگرتن دا، هەروەکو مامۆستا محمد فاتح ووی ، زامن کردنی قوتابخانەکانە ، هەموو لایەنەکانی داراشی لە لە ئەحمەو پێوستی تر .

● لە بەشی دابەش کردنیشدا کاك شمس الدین حسین بە درێژی باسی کە کاك « هاوار » کاری تیدادەکات ، چەندان لایەنی کەلەبووری کوردی و بابەتی تر وێنەیان گیراوە لەکەل شوێنە کۆنەکاندا بۆ هەلگرتن و ئەفەوانیان و کەلك لێوەرگرتنیان لە لایەن قوتابیانەوە ...

« هاوکاری »

لە مەلبەندی هۆیەکانی فێرکردنی هەولێر

● شێرزاد عبدالرحمن ●

لقی هەولێر

کە ئەچیتە مەلبەندی هۆیەکانی فێرکردنی هەولێر، لە ژوورەوە بە تەواوی هەست بەو هەموو توانا گەورەیە دەکەیت ، کە لە هەموو بەشەکانی ئەم مەلبەندەدا کۆبۆتەوەو دەستی لێ هاتوو چۆن بنیاتی پاشەرۆژ دەنێ و لە مەلبەندەکەدا ئەم نواناو تەقەللایە وەك تیشکی رۆژ ئەدرەو شێتەوە ...

لە کۆتایی دا .. پیرۆز بابمیان لەو هەموو تەقەللایە کرد .. لە بەر دەرکانی بەرێ کردندا مامۆستا محمد فاتح دوای سوپاسی بۆ رۆژنامەکان .. داوای کرد کرد ئەوەش بخرێتە روو کە بینای مەلبەندەکە کۆنە ... ئێمەش دەلێین ، بەراستی بنیای مەلبەندەکە هێندە کۆنە لە شوێنێکی ئەسەری دەچێتی .. . خۆزگا ئەم هەموو تەقەللایە لەگەل بینایەکی رێك و پێك دا بەکتریان دەگرتەوە ...

بەلێنەکانی خومەینی و کردەوە درندەکانی

سلام محمد

ئەوەی یەکەم وتاری خومەینی بێتەوە یاد باش ئەوەی لە پاریسەوە گەڕایەوە بۆ ئێران لەسەر ئەو قسەیەی رادەوەستێ کە وتبووی «پێویستە هەموو نەتەوەیەك لە ئێراندا بە تەواوی مافەکانی خۆی شادبێ و سەردەمی زۆرداری و چەوساندنەوە ئێپەڕی و گەڕانەوەی بۆ نییە» !!

ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەم ئیمچە گۆڕینێك لە ناو گەلی کوردا هاتە ئاراوە بەتایبەتی لە بواری رۆشنبیریدا بەلام هەر ئەوەندەی کە خومەینی لەسەر حوکم جێگیربوو ئەك هەر لەو قسەیەی پاشگەز بووەوە بەلکو گشت جۆرە شێوازێکی توندوتیژو تۆقێنەری گرتەبەر بۆ بەربەست کردنی دەربڕینی هەستو نەستی نەتەوەیو داپۆشینی بە جۆرەها بڕو بیانووی بێسەروبەر .

لەو ماوە کورتەدا ، شارکانی سابلاخ و سنەو کرماشان هەناسەیکی فەرامۆشیان پیادا هانەوەو دەیان کتێب و نامیلکە بەزمانی کوردی بلاوکرانەوەو بزووتنەوەو جمووجوولێك لە ژیانی رۆشنبیریو کۆمەلایەتیدا هاتە ئاراوە ، بەلام زۆری نەبرد موعادەلەکە بە پێچەوانە کەوتەوەو تەنانەت ئەو کتێبانەی لەسەر دەمی شادا قەدەغە نەکرابوون لە بازاڕدا هەلگیران و چەندین کەس بەو تومەتە خراتە زیندانەوە کە دیوانی شاعیرێکی کوردیان بەدەستەوە بووە ، هەر دوای ئەوە چەند راپۆرتێك خرابە بەردەم کاربەدەستان بۆ جێ بەجێ کردنی گفتو بەلێنەکانی پێشوو کەچی لە جیاتی ونو وێڕو چارەسەرکردنو دانان بە مافە رەواکانی گەلی کوردا بە زمان تۆپ باران کردنو تۆڤاندنو زەبرو زەنگ وەلامیان دایەوە کە ئەمەش بووە هۆی یەکگرتنی هێزە رزگاریخوازەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی شۆرشگێرانەو پێشکەوتنخوازدا .

سەرەڕای ئەو وتارەی خومەینی کە باسمان کرد ، ئەو کاتەی لە عیراقو پاریسدا پەنامەندە بوو چەند جارێك باسی مەسەلەی کوردی کردبوو کە بێ بەرین لە بچووکترین مافی نەتەوەیو نیشتمانی بەلام پاش جێگیربوونی لەسەر تەخت حوکمرانی تێکڕای ئەو گفتو بەلێنانە پشت گوێ خران و درندانە ترین سیاسەتی بەرامبەر بە کوردەکانی ئێران گرتەبێتش و لەم دووایەشدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بەرەی شەڕ لەگەل عیراقدا بگوێزێتەوە بۆ کوردستان کە گوایە بەم گواستنەوەیە دوو نێچیر بە داوێك دەگرێت ، لە لایەکەوە شۆرشی رزگاری خوازی گەلی کوردمان لە ئێران کپدەکاتەوەو لە سەرێکی تریشەوە دەتوانێ لە کوردستانەوە بێتە ناو عیراقەوە ، بێگومان پێش جێ بەجێ کردنی ئەم ئەخشەیەش بە پێی لێکدانەوەو شی کردنەوەی دەستو پێوەندەکانی وای بۆ چووە کە لە ماوەیەکی نزیکدا هێرش کردنە سەر عیراق لە کوردستانەوە سەرکەوتن دەواتە دەستەوە ، کەچی لە هەردوو بوارەکەدا ، چ بە نیسبەت پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێرانو چ هەولدانی بۆ هاتنە ناو سنووری عیراقەوە بێجگە لە سەردانەواندنو مل کەچیو رسوابوون هیچی تری بۆ زمایەوەو جارێکی تریش لووتکە سەرکەش و شاخە بالا بەرزەکانی کوردستان بووە گۆڕستانی پاسدارو ئەرتەشەکانی خومەینیو ئەم ئەخشە پووچەلەشیان لە پال ئەخشەکانی تردا بە ئیفلیجی مایەوە ، چونکە ئەو هێزانەی لە کوردستانەوە هێرشیان برد پێش ئەوەی بگەنە سەر سنوور لە لایەن شۆرشگێڕە کوردەکانەوە پەلاماریان دراو پاشماوەکەی تریش هێڵی سەر سنوور بووە گۆڕستانیان ، ئەگەرچی پێش ئەوەی لە بەرەی حاجی هۆمەراندا خۆیان تاقی بکەنەوە دوو جاری تریش لە پێنجوینو قەلادزەدا شەرمەزاریان بۆ ماوەتەوە بەلام بەندیان وەرنەگرتووە هەتا ئەمجارەیان لە هەولێکی ئاتومێدی تردا هەمان چارەنووسیان هاتەوە پێشو بۆیان دەرکەوت گەشاخەکانی کوردستان زۆر لەوە سەختترە کە ئەوان نێی گەیشتبوونو ئەخشەیان بۆ کێشابوو . ئەمڕۆش ، ئەگەر شەڕی نێوان عیراقو ئێران بۆتە هۆی خەرێك کردنی گەلانی ئێران بەلام ئەو هۆشیاریە لە لایەن تێگڕای گەلانی ئێرانەوە پەیدابدوە کە بەردەوام بوونی شەڕەکە لە بەرژەوەندی ئاقمە خۆسەپێنەرەکەی قوم و ئاراندانەو هیچ دووز نییە لە پاشەڕۆژێکی زۆو نزیکدا لووڵەی ئەفەنگەکانیان بکەن ئەو کەسانەی هیچ بەیوەندیەکیان بە مرۆڤایەتیەوە نییەو گوشتنو برین ئاقە رێکابەکی بەردەوام بوونیانە لە حوکڕانیدا .

Institut kurde de Paris

چەنلوێنەیەکی بەرێزسەرەکی فەرماندەلەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بەدەستەیەك لە جەنگاوەرە ئازاکانی فەیلەقی یەك

کۆڕێك دەربارەی پیرەمێردی نەمر

لیژنەی رۆشنبیری دەزگاکەمان ، بەردەوامە لە راپەراندنی بەرنامەی رۆشنبیری ئەم وەرزەی و کۆڕێکی بۆ کاك رێبوار سعید ساز کرد کە تیایدا لەشاعیری گەورە پیرە مێردی نەمر دوا ٠

لەو باسەی کاك رێبوار پێشکەشی کرد ، دەستی بۆ پیرەمێردی ئەمر کێشا کە لە چاپکراوەکاندا لەسەر ئەم شاعیرە گەورەیە نەوتراون ، بەلکو ئەم لەدەست نووسێکی کۆندا زۆر شتی تری بۆ دەرکەوتوە ، لەوانە هەندێ شیعری بلاونەکراوەی پیرەمێرد کە لەو دیوانەدا نین کاتی خۆی چاپی کردوون و هەندێکیان چاپی دووەم کراونەتەوە ٠

ئەمەو لەکۆتایی کۆرەکەدا لەلایەن ئامادە بوانەوە دەمەتەقێ لەسەر سەرجەمی باسەکە کراو هەندێ لە برا مامۆستا هاوار ئامادەو چاپی کردوە ، یان هەندێکیان بە کەمو کورتی بلاو کراونەتەوەو دەقە تەواویەکەی لەو دەست نووسەی دەستی کەوتووە هەیە ٠

ئەوەی شایانی باسە پیرە مێردی نەمر بێجگە لە دیوانە شیعرەکەی ، هەندێ بەرهەمی تری ئەدەبی هەبووە کە ئەدیب و رۆشنبیرەکان باری سەرنجی خۆیان دەربارەی راگەیاندو کۆرەکە کاك محمود زامدار دەیگێڕا ٠

رۆژی شەهیدلە :

دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی

رۆژی پێنج شەممەی رابووردوو ، کە ، رۆژی شەهیدان بوو ، ئەو نەمرانەی وەك سەرەکی فەرماندە فەرمووی لەهەمووان شکۆدارترن ، لە هۆنی ئۆبوونەوەکانی دەزگاکەمان. دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، دانیشتنێکی رێزو یاد کردنەوەی شەهیدان کرا ٠

لە دانیشتنەکەدا ، هەموو کارگێراتی دەزگاکە ئامادەبوون و لەپێشدا دەقیقەیەك وەستان بۆ رێزی گیانی شکۆداری شەهیدان و دوای ئەوە بەرێز مامۆستا مصلح جەلالی بەرێوەبەری گشتی دەزگاکەمان و تەبەکی دا تیایدا بەرێزی و گەورەیی و پیرۆزی ئەم رۆژە نەمرەی لەژبانی گەلەکەماندا دووپات کردەوە ٠

دوایی باسی ئەو بایەخەی کرد کە سەرکردایەتی بەم رۆژە پیرۆزەی دەدات و بەشەهیدان و خێزان و کەس و کاریان و چۆن وەك سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەفەرموێ [شەهیدان لە هەمووان شکۆدارترن] ٠ وە داوای کرد کە هەمووان هێزو توانا و زەنجیان بۆ زیادکردنی بەرهەم و کارکردنی بەراستی لەگیانی خۆبەخت کردنی ئەو شەهیدانەوە فێربن کە بەخوێنی گەشیان رەوتی سەرکەوتووی عیراقیان پاراست و خەونی دوژمنانیان گۆڕ کرد ٠

لەمەجارەی نووسینێك

رووف حەسەن

هەندێ جار کە بەرهەمی نووسەرێکی ناسراو دەخوێنینەوە کتوپڕ لەخۆمان دەپرسین : چۆن دەبێ ئەم هەڵبەستە ٠ یا ئەم چیرۆکە ٠٠ یا ئەم نووسینە هی فلانە ئەدیب بێ ؟! ئەی بۆ هێندە بێ پێزو لاوازە ؟ ! بڕوا ناکەین و کەچی وایشە ٠

ئەم دیاردەیە دوو ڕووی جیاوازی هەیە ٠٠ ڕوویێکی ناسایی و ڕوویێکی ناساز ٠٠ چۆن ؟!

ئەدیبێك وای ڕاهێناوین لەگەڵ هەر بەرهەمێکی نوێ دا شتێکی نوێمان پێ بڵێ و هونەرێکی بالا بەرزمان پێشکەش بکات ٠

لە پرێکا دوو سێ بەرهەمی لاوازی بلاوکردەوە ٠٠ ڕادەمێنین ٠٠ دەحەپەسێین ٠٠ گەر بەدوای دا گەڕایەوە پلەو ئاستی جارانی ئەمەیان ڕووە ئاساییەکەیەو زیانی نیەو دوورنیە ئەو دوو سێ بەرهەمە چەند شتێکی تایبەتی و دەردە دڵێکی زانی بێ و بۆ سەبووری بەخۆدان هەڵی ڕشتبێ ٠٠ یا بۆ هەر شتێکی تر ٠

بەڵام ئەوەی ناسازەو زیانبەخشیشە ئەمەیانە :

ئەدیبێکی ناسراو ٠ ٠ بەتواناو خاوەن بەرهەمی شکۆدار ٠ ٠ لە سەردەمێك دا دەوری بایەخدارەی خۆی دەسەلێنێ کە گانیاوی بەهرەو کەنجینەی بیری بڕ لە ئاوی ڕوونی وەك چاوی قرژالەو گەنجینەکەشی پڕ لە کەوهەرەو تا ئێیان هەڵێنجی نەواو نابن ٠٠ ئیتر بەرهەمی کاڵو کرچ و تەصریحات و دەمەتەقێی بۆش و بەتاڵ بەدوای یێك دا دێن ٠٠

ئەم حالەتە لە ئەنجامی ئەوەدا پەیدادەبێ کە ئەدیبەکەی جاران ، بەتا پەیتا بەهۆی کۆششی بەردەوامیەوە زاخاوی بەهرەو تاقیکردنەوەکانی داوەتەوەو خەریکی خۆپێگەیاندن بووە ٠٠ بەڵام کە گەیشتۆتە هەوای خۆی و ناوی خۆی بیستۆتەوە ئیتر ئەمەی بەس بووەو گلۆپەکانی بەهرەو بەردەوامیتی کۆشش کوژاندۆتەوە ٠٠

جا چاکترین ڕێگە بۆ پارێزگاری کردنی ڕێزو پایەی ئەو نووسەرە دەست بەردار بوونە لە بلاوکردنەوەدا ٠٠ چونکە زۆر ئاساییە کە نەتوانێ ڕەدووی ڕۆشنبیریی سەردەم بکەوێ جا چ لەبەر تەمەن بێ، یا هەزارو یێك هۆی تر ٠ ٠ چونکە بەردەوامیتی بلاوکردنەوە لەم حالەتەدا زۆر جار زیانێکی گەورە بە خۆیان و خرمەنگوزاریەکەی پێشووشمیان دەگەیەنێ ٠ ٠ هەروەها ڕەنگە ٠٠ بەلێ ڕەنگە لەبەر هیچ بەدەستەوە ئەمانی ئیستایان شتێ بڵێین کە زیان بە هەلویستو بیرو بەرهەمی جارانیان بگەیەنی ٠٠ کەوانە با کێشەکە نەگاتە لێواری (نێرە بیدۆشە) ٠٠ چونکە نادۆشرێت ٠٠ یا هەر چەند خەریکی بیت قەترەیێك شیر نادات ٠

چاپکراوی نوێ

کێشەکانی شانۆی هاوچەرخ

لە بلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی و لە زنجیرەی بەرهەمو لێکولینەوەی وەرگێڕراو کتێبی [کێشەکانی شانۆی هاوچەرخ] دەرچووە کە سامی خشبە نووسیویەتی و برادەری ئەدیب کاك محمود زامدار کردوویەتی بەکوردی ئەم کتێبە لە بەشەکانیدا لە مەسەلە گرنگەکانی شانۆی هاوچەرخ دەدرێ لە ١١٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا ٠

پاداشتی ئەدەبی لە فەرەنسا

پاداشتی « مدسیس »ی سالی ١٩٨٣ لە بەختی رۆمان نووسی ئەرەنسی هاوچەرخ ژان ئیکۆنوزی، تەمەن (٣٥) ساڵان بووە لەسەر رۆمانی «شیرۆك» وەری گرتووە ٠

ژان ئیکۆنوز لە تەوەی نوێی رۆمان نووسەکانە کە لەم دواییەدا بەرهەمی نووسینەییان پێشکەش کردوە ٠

بەڵام پاداشتی « خامینا » درا بە رۆمان نووسی ئافرەت فلۆرنس دیلای لەسەر رۆمانی « دەولەمەندو سوکەڵ » ٠

ئەوەی شایانی باسە دابەشکردنی ئەم پاداشتە ئەدەبیانە لە کۆرێکی گەورەی ئەدەبی و راگەباندنی فەرەنسایی دا دەبەخشرێنەوە ٠

پوزش و سوپاس

وێنەی بەرگی یەکەمی ژمارە (٩١)ی گۆڤارەکەمان گۆڤاری (بەیان) بەکامیرای کاك رمضان محمد کریم زامداری هونەرمەند گیرابوو ٠٠ زۆر سوپاسی ئەکەین و هەر ئەمرتر بێت پەنجەی هونەرمەندانی کورد ٠

ـ دەستەی نووسەران ـ

کۆڕی رۆشنبیری داهاتوومان

هەفتەی داهاتوو لە چوارچێوەی چالاکی رۆشنبیری دا ئێوارە کۆرێك بۆ هونەرمەندی ناسراومان مامۆستا محمد عارف سیامەنسوری ساز دەکرێ کە باسێکی هونەری بە وێنەی سلایدەوە پێشکەش دەکات ٠

جیهانی منالان

چاوشارکێ

هەستن هەستن منالان
یاری بکەین لە کۆڵان
با ئەمڕۆ چاوشارکێ بێ
باشە ئەی چاو لە کێ بێ ؟
چاو لە کاوەیە کاوە
چونکە دوێنێ دۆڕاوە
کاوە چاوی بەستەوە
دارێکی بەدەستەوە
کە منال خۆیان شاردەوە
ئەوجا چاوی کردەوە
بەدەنگی بەرزو هەرا
بەدوایانا ئەگەڕا
بینی لە پەنا دیوار
خۆی شاردۆتەوە نازدار
کێشایە پشتی بەدار
ئەوجا کردی بەهاوار
دۆزیمەوە ، دۆزیمەوە

ووشیار ئەحمەد کۆیی

هوشەنگ صالح

کورتە چیرۆکی میللی لیوتۆلستوی

شێرە مێشوولە

غریب رۆوف رشید

مێشوولەیەك بە ویزە ویز خۆی گەیاندە لای شای دارستانو پێی ووت :

ـ تۆ وا ئەزانی لە من بەهێزتری ، وای دانانێی ؟ باشە من ئەلێم وا نییەو تۆ بە هەڵەدا چووی ! ئەو هێزەی تۆ هەتە کامەیە ؟ ٠ تۆ بە چرنووکەکانت شت دەدڕێت و بە کەلبەکانت کاز دەگریت ، هەر وەکو چۆن ژنە جووتیارەکان لەکەڵ مێردەکانیانا بەشەڕدێن ، بەڵام من لە تۆ بە هێزترم ، ئەرموو باشەڕ بکەین ٠

مێشوولەکە بە ویزە ویز خۆی گەیاندە ڕوومەتو لووتە بێمووەکەی و دەستی بەگەستنی کرد ، شێرەکە بە چرنووك دەموو چاوی خۆی لەت لەت کردو خوێن چۆڕەی ئەهات و بە ئەواوی ماندو بووبوو ٠

مێشوولەکە شێری دووزکەوتەوە ، ئیتری سەرکەوتن لە کەلە بچکۆلەکەی دابوو ، زۆری بێ ئەچوو کەوتە داوی جالجالۆکەیەکەوەو دەستی بە مژینی خوێنەکەی کرد ٠

مێشوولەکە لە دڵی خۆیدا ئەیگوت :

ـ بەسەر شێری، شای دووزندا ندا سەرکەوتم کە بە هێزترین گیانەوەرە ، بەڵام وا ئیستە کەوتمە داوی جالجالۆکەیەکی بێ هێزی هیچ لێ نەهاتوەوە ، بێگومانم لەوەی کە لە ناوم دەبات و دەمخوات ٠

شمیعر بۆ منداڵان

نوسینی : ئەحمەد قادر سەعید

من چۆلەکەیەکی بچووکم
جوان ڕەنگین ، ئێستك سووکم
بەدەنگی خۆش دەجریوێنم
هاوڕێمانم ، هەندەستێنم
دەڵێم : هەستن تاو کەوتووە
کێ واکەوێ ، پەك کەوتووە
دەی ایەرن بچنە سەر کار
هە بێ کارەیە ، ستەمکار
ئەگەر بۆ ژیان پێ بکەنی
بێ ومانم ، دەبێ ، خەنی

سەرودردی چۆلەکە

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء مەیدانی الخلانی تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥

Institut Kurde de Paris

ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێڕی و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری
التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● ده‌قی وته‌ به‌نرخه‌که‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ له‌کاتی ریزگرتنی جه‌نگاوه‌رانی فه‌یله‌قی یه‌کدا له‌ لاپه‌ره‌ی دووداا بخوێنه‌ره‌وه‌ ..

● پێنج شه‌ممه‌ ١٩٨٣/١٢/١٥ ژماره‌ ٧١٦ ● ٨ لاپه‌ڕه‌ به‌ ٥٠ فلسه‌ ● الخميس ١٩٨٣/١٢/١٥ العدد ٧١٦ ●

به‌نگاوه‌ره دلێره‌کانمان ده‌ستی مه‌ردانه‌ی زیاتر له‌ دوژمن ده‌وه‌شێنن

بۆ به‌رگری کردن له‌ عیراقی مه‌زن و ئابروو سه‌ربه‌رزی گه‌له‌که‌ی هێزه‌ مه‌رده‌کانی سوپای دلێریمان ، له‌ ئاسمان و ده‌ریاو سه‌رزه‌وی به‌رده‌وامن له‌ چالاکی نواندن و ده‌ست وه‌شاندنی مه‌ردانه‌ له‌ دوژمنی داخ له‌ دل تا هوشی دێته‌وه‌ به‌ر خۆی و واز له‌ هه‌ڵویستی دوژمنایه‌تی کاری ناره‌وای ده‌هێنێ .

ئه‌مه‌و ، به‌ پێی ئه‌و به‌یاننامانه‌ی هه‌فته‌ی راپووردو له‌ سه‌رکردایه‌تی گشتی هێزه‌ چه‌کداره‌کانمانه‌وه‌ ده‌رچوون تونراوه‌ زیانی زۆرتر به‌ دوژمن بگه‌یه‌نرێ .

له‌ به‌یاننامه‌ی ژماره‌ ١٣٠٤ دا که‌ سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌ ده‌رچووه‌ ، راگه‌یه‌نرا که‌ هێزی ده‌ریای ئازامان و فرۆکه‌ جه‌نگیه‌کانمان توانیان شه‌ش نیشانه‌ی دوژمن له‌ سه‌رووی خه‌لیجی عه‌ره‌بی تێك بشکێنن و فرۆکه‌یه‌کی دوژمن بخه‌نه‌ خواره‌وه‌ که‌ به‌م ده‌ست وه‌شاندنه‌ مه‌ردانه‌یه‌ هێزی ده‌ریایمان جارێکی که‌ سه‌لماندی هێزیکی به‌ توانای لێهاتووه‌ بۆ به‌رگری کردن له‌ سه‌ربه‌ستی وڵات و سنووری ده‌ریایمان .

له‌ هه‌مو که‌رته‌کانی تری به‌ره‌کانی جه‌نگدا له‌ رۆژهه‌ڵاتی به‌سره‌و که‌رتی میسان و که‌رتی ناوه‌راست و باکوور جه‌نگاوه‌ره‌کانی سوپای دلێرمان چه‌ندان جار به‌ ده‌وریه‌ی جه‌نگیاوه‌ر په‌لاماری بنکه‌و مولگاکانی دوژمنیان داوه‌و زیانی زۆری پێگه‌یاندون و گوژراو بریندار له‌ ریزی هێزه‌کانی دوژمنی داخ له‌ دل زۆر بوون بێجگه‌ له‌ به‌دیل گرتنی ژماره‌یه‌ك له‌ سه‌ربازه‌کانی دوژمن که‌ گواستراونه‌ته‌وه‌ بۆ هێله‌کانی پشته‌وه‌ .

له‌م هه‌فته‌یه‌دا ، دوژمنی ترسنۆك و چه‌په‌ل داخی دلی خۆی به‌ نامه‌ردانه‌ هه‌ر وه‌ك هه‌مو جاری تر به‌وه‌ رشتوه‌ که‌ چه‌ندان جار شارو گوندو شوێنه‌ مه‌ده‌نیه‌کانی سه‌رسنوورمانی توپ باران کردوه‌ ، به‌رامبه‌ر به‌م کرده‌وه‌ نامه‌ردا نه‌یه‌ قسه‌کارێکی عه‌سکه‌ری دوژمنی وریا کردۆته‌وه‌ که‌ به‌رده‌وام بوونیان له‌سه‌ر ئه‌م کاره‌ ناره‌وایه‌ ئه‌نجامی خراپی به‌سه‌ر خۆیاندا ده‌شکێته‌وه‌و هێزه‌کانمان توانای سه‌رکوت کردنه‌وه‌ی دوژمنی هه‌یه‌ له‌ هه‌ر نیشانه‌یه‌کدا هه‌لی ده‌بژێرێ .

له‌ وه‌ڵامێکی تاوانه‌که‌ی رژێمی ئێراندا به‌رانبه‌ر به‌ کوه‌یتی برا

قسه‌که‌رێکی سوپایی :
به‌شێوه‌ی سوپایی یانه‌ وه‌ڵامی سه‌رجاوه‌ی ده‌سته‌ڵاتی ده‌ده‌ینه‌وه‌

قسه‌که‌رێکی سوپایی ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ی بڵاوکرده‌وه‌ :
به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان
« وماظلمناهم ولکن کانو انفسهم یظلمون »
صدق الله العظیم

هه‌رچه‌ند به‌ر ده‌وام ئاگاداریمان کرده‌وه‌و چه‌نده‌ها بانگه‌وازی خێرخواهی له‌ ئه‌نجومه‌نی ئاسایشه‌وه‌ ده‌رچووه‌ بۆ راوه‌ستاندنی شه‌ڕ یا به‌لای که‌مه‌وه‌ بۆ بێلایه‌نکردنی ناوچه‌ی که‌نداوی عه‌ره‌ب و شارو دێهاته‌کان ده‌ستی فه‌رمانڕه‌وایان له‌ ئێراندا هه‌ر به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر گومڕایی و ده‌ستدرێژی تاوانباریان دژی نیشانه‌ ناله‌شکری‌یه‌کانی عیراق و دژی شاره‌ هێمنه‌کانی سه‌رسنوور . دوا تاوانێ که‌ له‌م بواره‌دا کردبێتیان ئه‌و تاوانه‌ ناله‌باره‌بوو که‌ دژی براکوه‌یتی‌یه‌کانمان کردیان .. ئێمه‌یشی چونکه‌ ئاسایشی عه‌ره‌ب به‌ یه‌ك شتی وا ده‌زانین ناتوانرێ جیابکرێته‌وه‌و چونکه‌ هه‌ر ده‌ستدرێژی‌یه‌ك بکرێته‌ سه‌ر وڵاتێکی برا به‌ ده‌ستدرێژی داده‌نرێ بۆ سه‌ر نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب بریارماندا نیشانه‌ بگرینه‌ ئه‌وه‌ی پێویست بێ له‌ نیشانه‌ی هه‌ڵبژێرراو . بۆ ئه‌وه‌ی ببێ به‌ ده‌رس بۆ فه‌رمانڕه‌وایانی ئێران .

ئێمه‌ له‌مه‌دا ناچاری ئه‌وه‌ین وه‌ڵامی سه‌رچاوه‌ی ده‌ستدرێژی بده‌ینه‌وه‌ به‌شێوه‌ی سوپایی و .. خوا یارمه‌تیمان بدات .

به‌ئاماده‌بوونی هاوڕێ عزة ابراهیم ده‌سته‌یه‌ك له‌ تێکۆشه‌رانی حزب له‌ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی له‌ ده‌وره‌ی " سه‌رکرده‌ی سه‌رکه‌وتوو " دا

هاوڕێ عزة ابراهیم جێگری ئه‌مین سری قوتری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالست وتی گه‌له‌ ئازاکه‌مان هه‌موو رۆژی له‌م رۆژه‌ دریژانه‌داو له‌ ماوه‌ی ساڵانی جه‌نگی ره‌وامانداو له‌ماوه‌ی سه‌رکه‌وتنه‌ گه‌وره‌ یه‌ك به‌ دوای یه‌که‌کانیا میژوویه‌کی تیشك دار دروستی ده‌کات که‌ روونا کی ریگایه‌ .

له‌و وته‌یه‌دا که‌ له‌کاتی ئاماده‌ بوونیا ، له‌ ئاهه‌نگی سوێند خواردنی ده‌سته‌یه‌کی نوێی تێکوشه‌رانی حزب له‌ نووسینگه‌ی باکوور (ده‌وره‌ی سه‌رکرده‌ی سه‌رکه‌وتوو)ی ناوچه‌ی کوردستانی ئۆتۆنومی دای وتی : میژوو ئاسۆی پاشه‌رۆژمان بۆ ده‌کاته‌وه‌ تا عیراقی مه‌زن بنیات بکه‌ین .

هاوری عزة ابراهیم وتی : شه‌ره‌فمه‌ندیه‌کی گه‌وره‌یه‌ بۆ من سه‌ربه‌رشتی ئه‌م ده‌وره‌ تایبه‌تیه‌ نموونه‌ییه‌ بکه‌م له‌ ده‌وره‌کانی پاڵاوته‌ی ئه‌نفه‌ و عیراقیه‌ خێر خوازانه‌ی شه‌ره‌فی ئه‌ندامی حزبیان ده‌درێتێ له‌ حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالستماندا .

هه‌روه‌ها هاوڕێ عزة ابراهیم داوای له‌ تێکوشه‌رانی حزب کرد که‌ پشتیوان و به‌هێزکه‌ری ره‌وتی گه‌لی عیراقمان بن له‌ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی به‌لایه‌نی به‌شداری شۆڕشگێرانه‌ له‌ خه‌باتی گه‌لی عیراقماندا به‌تایبه‌تی له‌م قۆناخه‌دا .

وه‌ ووتی : گه‌لی کوردی عیراقمان ، گه‌لی عیراق له‌ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی له‌راده‌ی خواستی هیمه‌تی گه‌لی عیراقدا نه‌بوو له‌ مه‌یدانی به‌رگری کردندا له‌عیراق و له‌ره‌وتو له‌ پاشه‌ رۆژی و به‌ر له‌ چه‌ند رۆژی گویتان له‌قسه‌ی هاوڕێ سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ بوو له‌ به‌رده‌م هاوولاتیانی پارێزگای سلیمانیدا تا ئه‌مرۆ دووپاتی بکه‌ینه‌وه‌ وه‌ڵام و گونجان له‌گه‌ڵ قسه‌که‌ی هاوڕێی سه‌ره‌کرده‌ ئێوه‌ ئه‌ی هاوڕێیان به‌ختیه‌وه‌رن و خاوه‌ن به‌ختی گه‌ورن که‌ ده‌وره‌که‌تان وه‌ڵامێکی نیشتمانی عیراقی ره‌سه‌ن بوو له‌وه‌دا که‌ رۆڵه‌ شه‌ره‌فمه‌نده‌ ره‌سه‌نه‌ ڕێزمه‌نده‌کان رۆڵه‌کانی عیراق له‌ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی له‌ رۆڵه‌کانی گه‌لی کوردمان .. ئاوامان ئه‌وه‌یه‌ نه‌ك به‌شێك بن له‌ره‌وت یان له‌گه‌لیا بن به‌ڵکو له‌پێشره‌ویا بن له‌ ماوه‌ی چونه‌ ژێر ئالای حزبی سه‌رکرده‌ی ره‌وت حزبی سه‌رکرده‌ی گه‌ل و سه‌رکرده‌ی عیراق وه‌ك تێکوشه‌ری شۆڕشگێرو ئه‌مرۆ سوێند بخۆن و به‌لێن به‌هاوڕێی سه‌رکرده‌و سه‌رکردایه‌تی‌و باوه‌ر بده‌ن که‌ ئه‌ملی به‌خشش و خه‌بات و قوربانی بن له‌هه‌مو مه‌یدانێکا وه‌ك سه‌ربازی به‌وه‌فای حزب ، حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالست و سه‌ربازی به‌وه‌فای عیراقی مه‌زن .

له‌سه‌ره‌تادا هاوری سعدی مهدی صالح ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی قوتری ئه‌مین سری نووسینگه‌ی ڕێکخراوی باکووری حزب وته‌یه‌کی‌دا به‌خێرهاتنی هاوری عزة ابراهیم جێگری ئه‌مین سری کردو هیوای بۆ هاوڕێیان ئه‌ندامانی ده‌وره‌ی سه‌رکرده‌ی سه‌رکه‌وتو له‌ ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی خواست به‌سه‌رکه‌وتنی به‌رده‌وام له‌ژیانی حزبیدا .

ته‌قه‌للایه‌کی دوژمنانه‌ بۆ شێواندنی باری ئاسایشی وڵاتی کوه‌یتی برا

پایته‌ختی کوه‌یت : ڕۆژی دووشه‌ممه‌ی ڕابوردوو شه‌ش ته‌قینه‌وه‌ له‌ کوه‌یتداڕووی‌دا له‌ بالیۆزخانه‌ی ئه‌مه‌ریکاو فه‌ره‌نساو فرۆکه‌خانه‌ی کوه‌یت و هه‌ندێ دێزگای کوه‌یتی تردا به‌مه‌به‌ستی تێکدانی ئاسایشی ئه‌م وڵاته‌ .

هه‌ر شه‌ش ته‌قینه‌وه‌که‌ سه‌ر له‌ به‌یانی ڕوویانداو سیانیان له‌و شوێنه‌ دیاری‌کراوه‌ باسکراوانه‌داو سیانه‌که‌ی تر پاش ماوه‌یه‌ك له‌ ناوچه‌ی جیاجیای کوه‌یتداو له‌ شوێنێکی تریشدا به‌کی ته‌قینه‌وه‌یه‌کی تر خرا .

له‌ هه‌مان کاتداوا بڵاوکرایه‌وه‌ که‌ وا هه‌ندێ له‌وانه‌ی گومانیان لێده‌کرێ که‌ ده‌ستیان هه‌بوه‌ له‌ ته‌قینه‌وه‌کانا گیراون و وه‌زیری ده‌وله‌تیش بڵاوی کرده‌وه‌ که‌ ئه‌و ئۆتۆمبیلانه‌ گیراون که‌ له‌ته‌قینه‌وه‌کانا به‌کارهێنراون و خاوه‌نه‌کانیان ناسراون و کاربه‌ده‌ستانی ئاسایشی خه‌ریکی گه‌ڕانن به‌شوێنی تاوانباره‌کانداو ئه‌وانه‌ی وڵات تێك ده‌ده‌ن . وه‌زیری ده‌وله‌ت وتی چوارکه‌س کوژراون و بریندارانیش گه‌یشتنه‌ ٦٢ .

له‌ لایه‌کی تره‌وه‌ ژماره‌یه‌ له‌ مه‌لیك و سه‌ره‌که‌ عه‌ره‌به‌کان و کاربه‌ده‌سته‌ گه‌وره‌کانی تر به‌ ته‌له‌فۆن قسه‌یان له‌گه‌ڵ ئه‌میری کوه‌یت و کاربه‌ده‌ستانی تری وڵاتدا کرد بۆ هه‌واڵپرسین و پیشاندانی هاوکاری وڵاتیان له‌گه‌ڵ کوه‌یتدا .

له‌چوارچێوه‌ی جیهانیشدا هه‌ندێ حکووماه‌ت و کاربه‌ده‌ستی گه‌وره‌ له‌ جیهاندا بیزاری خۆیان ده‌ربڕی به‌رامبه‌ر به‌م ته‌قینه‌وانه‌ .

وێنه‌یه‌ك له‌و کاره‌ ناره‌وایه‌ی دوژمنه‌ داخ له‌دڵه‌کان له‌ وڵاتی کوه‌یتی برا کردیان به‌مه‌به‌ستی شێواندنی ئاسایشی

ساروخی له‌ ئه‌رزه‌وه‌ بۆ ئاسمان ڕێگان ده‌پارێزێ

گۆڤاری تایمی ئه‌مه‌ریکی بڵاوی کرده‌وه‌ که‌ سه‌رکرده‌ی سه‌ربازی له‌ ئه‌رزه‌وه‌ بۆ ئاسمان له‌ شوێنکی نهینی نزیك کوشکی سپی دانراوه‌ بۆ پارێزگاری کردنی رۆنالد ڕێگان ئه‌گه‌ر هاتوو په‌لامارێکی ئاسمانی کوتوپڕی کرایه‌ سه‌ر دیسان ده‌ورو به‌ری کوشکی سپی به‌ په‌ژینی کۆنکرێتی گیراوه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ماوه‌ی هیچ په‌لاماریك نه‌بێت بۆ سه‌ر باره‌گاکه‌ی .

به‌رهه‌ڵستکارانی به‌نگلادیش گفتوگو ناکه‌ن

به‌ره‌ی به‌رهه‌ڵستکارانی به‌نگلادیش که‌ له‌ حه‌وت حزب پێك هاتووه‌ بانگه‌وازه‌که‌ی سه‌ره‌کی به‌نگلادیش فریق محمد حسین ارشادی ره‌ت کردۆته‌وه‌ که‌ داوای گفتوگوی لێ‌کردون ، ئه‌و به‌ره‌یه‌ له‌ به‌یاننامه‌که‌یدا وه‌ك وه‌ڵام بۆ بانگه‌وازه‌که‌ی سه‌ره‌کی وڵات ده‌ڵی گفتوگو ناکه‌ین تا خواسته‌کانمان به‌ گیرانه‌وه‌ی دیموکراتی و لابردنی حوکمی عورفی و ده‌ست‌کردن به‌ هه‌ڵبژاردن جێ‌به‌جێ نه‌کرێ .

رو به‌ رووبوونه‌وه‌ی تر له‌ تشیلی

ڕێکاردۆ لاگۆس سه‌رکرده‌ی یه‌کێ له‌ به‌ره‌کانی دیموکراتی به‌رهه‌ڵستکار له‌ تشیلی رای‌گه‌یاند که‌ بزوتنه‌وه‌ی به‌ر به‌ستی‌کردنی رژێمی ژه‌نرال ئۆگوستو بینوشیت له‌مه‌ودا شێوه‌یه‌کی نوێ وه‌رده‌گرێ که‌ بریتی ده‌بێ له‌ کۆبوونه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ری نه‌ك خۆپیشاندانی توونده‌ تازیان دان له‌ خه‌ڵکی که‌متر بکرێته‌وه‌ ناوبراو وتویه‌ ئه‌م کۆبوونه‌وه‌ جه‌ماوه‌ریان له‌ سانتیاگو هه‌فته‌ی داهاتوو ده‌ست پێ ده‌کات و دوایش له‌ شاره‌کانی تر .

وه‌زاره‌تی نوێی تورکیا

سه‌ره‌کی تورکی که‌نعان ئیڤرین موافه‌قه‌تی کرد له‌سه‌ر ئه‌و وه‌زاره‌ته‌ تازه‌یه‌ی تورکۆن نوزال پێکی هینابوو پێشکه‌شی کردو وه‌زاره‌ته‌که‌ بریتی‌یه‌ له‌ ٢٠ وه‌زیرو یه‌ك جێگری سه‌ره‌ك وه‌زیران که‌ زوربه‌یان له‌ ئه‌ندامانی حزبی نیشتمانی دایکن .

هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکا له‌ لوبناندا جۆره‌ تۆپێکی تازه‌ به‌کاردێنن هه‌وڵ هه‌ر به‌رده‌وامه‌ بۆ پاراستنی ریکه‌وتنی شه‌ڕنه‌کردن

به‌یرووت : هه‌وڵ و کۆشش له‌ پایته‌ختی لوبناندا به‌رده‌وامه‌ بۆ ڕێگرتن له‌به‌رده‌م تێکچوونی زیاتری بارودۆخی ئاسایش له‌م شاره‌دا پاش شکانی ئه‌و ڕێکه‌وتنه‌ی که‌ هه‌ینی‌ی ڕابوردوو گرابوو بۆ شه‌ڕاگرتن .

ئه‌م تێکچوونه‌ تازه‌یه‌ سه‌نگه‌ره‌کانی سوپایان گرته‌وه‌ له‌ زۆر شوێناو درانه‌به‌ر توپ و تیژۆك و جۆره‌ها ڕه‌شاش ، ئه‌مانیش به‌ هه‌مان شێوه‌ که‌وتنه‌ وه‌ڵامدانه‌وه‌و سه‌نگه‌ره‌کانی تریشیان تووشی هه‌مان جۆر ته‌قه‌ڵێ‌کردن بوون .

له‌ لایه‌کی تریشه‌وه‌ ئێستگه‌ی ته‌له‌فزیۆنی (ئێن . بی . سی) له‌ واشینتۆن بڵاوی‌کرده‌وه‌ که‌ وا هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکا له‌ به‌یرووتدا جۆره‌ تۆپێکی وا دژی هه‌ندێ میلیشیای لوبنانی به‌کار دێنن که‌ هه‌زاره‌ها گوللله‌ ده‌ته‌قێنێ . ئێستگه‌که‌ وتی ئه‌م جۆره‌ تۆپانه‌ پێیان ده‌وترێ « شان » له‌به‌ر زۆری ئه‌و گوللانه‌ی لێیانه‌وه‌ ده‌رده‌چێ .

له‌ لایه‌کی تره‌وه‌ دانیشتوانی دیی کفرملکی له‌ خواروی لوبنان به‌سرپێرێ مانێکیان گرت دژی ته‌قه‌کردنی هێزه‌ زایۆنی‌یه‌کان له‌ خه‌ڵکی دێ‌یه‌که‌و داگیرکردنی‌و گرتنی هه‌ندێ له‌ ڕۆڵه‌کانی به‌ تۆمه‌تی ئه‌وه‌ی ته‌قه‌یان له‌ ده‌وری‌یه‌کی زایۆنی کرده‌وه‌ .

توفانی به‌فر له‌ به‌ریتانیا

له‌ کۆتایی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا زوربه‌ی شوێنی به‌ریتانیا به‌فر داپۆشیوه‌ ، قسه‌که‌ریکی ره‌سمی به‌ زمان ده‌زگای چاودێری ئاوو هه‌واوه‌رای گه‌یاند که‌ توفانێکی توندی به‌فر ناوچه‌کانی ئاسکتلندو ویلزی‌و سه‌رووی له‌ندنی گرتۆته‌وه‌و له‌ زۆر شوێن ڕێگای هاتوو چۆی بریوه‌و به‌تایبه‌تی ڕێگای ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و شارانه‌ی به‌فر گرتوویه‌تیه‌وه‌ .

به‌ره‌ڵاکردنی ٣٨ پارێزه‌ر له‌ پاکستان

سه‌رچاوه‌یه‌کی پۆلیس له‌ پاکستان رای‌گه‌یاند که‌ ٣٨ پارێزه‌ر به‌ره‌ڵاکراون که‌ له‌وه‌وبه‌ر به‌هوی رووداني کاروباری توندو تیژیه‌وه‌ گیرابوون . بێجگه‌ له‌و ٦٠ پارێزه‌ره‌ی تری هه‌ریمی به‌نجاب که‌ مانگی رابووردو به‌ره‌ڵاکرابوون چونکه‌ به‌شداری داواکاری خه‌ڵکیان کردبوو له‌ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی حوکمی عورفیدا .

له‌ ئێران : محاکه‌مه‌ کردنی دوو سه‌رکرده‌ی سوپا

پێری دوو ئه‌فسه‌ری گه‌وره‌ی سوپای ئێران به‌ گوناهی هه‌وڵدان بۆ روخاندنی رژێمی خومه‌ینی محاکه‌مه‌کران . رادیۆی تاران که‌ ئه‌م هه‌واڵه‌ی راگه‌یاند ده‌ڵی دوو ئه‌فسه‌ره‌که‌ هوشنگ عطاریان و دیگه‌ن سبیری‌ین که‌ سه‌رکرده‌ی هێزی سوپای ڕۆژئاوای ئێران‌بوون .

لوسنتشی بوو به‌ سه‌ره‌کی فه‌نزوێلا

به‌ره‌سمی له‌ پایته‌ختی فه‌نزوێلاوه‌ بڵاوکرایه‌وه‌ که‌ پاڵێوراوی پارتی سۆشیالستی دیموکراتی جیمی لوسنتشی که‌ له‌م دواییه‌ له‌ هه‌ڵبژاردندا سه‌رکه‌وت بوو به‌ سه‌ره‌کی فه‌نزویلاو له‌ مانگی شوباتی داهاتوودا سه‌ره‌کی ئیستا رافائیل کالویرا واز له‌ کاروباری ده‌هێنێ بۆ ئه‌م

Institut kurde de Paris

شەهیدان وجەنگاوەرە دلێرەکان ناونیشانی دیاری عیراقی مەزنن

دەقی وتارەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە کاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتیدا بە فەرماندەی فەیلەقی یەکو فەرماندەی تیپی حەوتو دەستەیەك لە ئەفسەرو جەنگاوەران لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٥دا

ئەو جەنگاوەرانەی ئەمڕۆ لەم شوێنەدا بەناوی سەرکردایەتی‌یەوە سەربەرزیان دەکەین جەنگاوەرانی ناو سوپان لەوانەی لەژێر ئالاو پێشمەوایەتی فەیلەقی یەکدا جەنگاون‌و لام وایە ئەو دەورەی کە گێڕاویانە پێویستی بە باسکردن نیە بەتابیەتی لە شەڕەکەی ئەم دواییەدا چونکە لەبارەی وردی‌و ئەو ئازارە دەروونی‌و ئەو ئازارە مادی‌یەی کە لە کەس‌و ئازووقەدا تووشی دوژمنی ئێرانی رەگەزپەرستیان کرد لە جەنگە گەورە سەرکەوتوەکاندا بوو بە هەموو مانایەکی سەرکەوتن‌و ئەو پیاوانەیش کە وا لە بەردەممانان لە پێشەوەی ئەو پیاوانەوە بوون کە بوونە هۆی سەرکەوتنی ئەم جەنگە ٠

زۆر جار وتوومانە کە پیاوان لە هێڵی دەرپەڕیندا وەك یەکن بەڵام دوای ئەوە جۆرەها پلەبان هەیە ٠

ژیان لە بەرووپێش چوونداییەو یاساکانی زەوی‌و یاساکانی ئاسمان هەموو لەناو ئەم ڕێبازەدایە بە بەلای کەمەوە بە پێچەوانەی ئەم ڕێبازەوە نیە ٠٠ کەرتی سوپایی بە فەرماندەو پێشمەواکەیەوەبەو بەو هاوکاری‌یە زیندووەوەیە کە فەرماندەو پێشمەوای توانا هەیەتی لەگەڵ جەنگاوەرە دلێرەکاناو لە شوێنێ زیاتردا وتومانە کە وا فەرماندەو پێشمەوا ناتوانن شتێکی گەورە بکەن بێ جەنگاوەری ئازاو جەنگاوەری بەغیرەتیش ناتوانێ بەخشندەیی‌یەکی وا بەپێت پێشکەش بکا بێ پێشمەواو فەرماندەی ئازاو توانا لە جێگای پێشمەوایەتی‌یانەوە ٠

ئەوانەی ئەمڕۆ لە بەردەممانان ئەم سیفەتانەیان تێدا دێتەدی فەرماندەیەکی مەردانەو توانا‌و پێشمەوایەکی مەردانەو توانان‌و لە لایەکی تریشەوە جەنگاوەرن‌و مەردانەن‌و تا ڕادەی شەهیدبوون دلسۆزن بۆ عیراقی مەزن‌و بەرگری لە عیراق‌و لە بیروباوەڕە بالاکەی دەکەن پێویستە لەسەرمان لە کاتێکدا کە لەم شوێنەوە باسی دەوری ئەم پیاوانە دەکەین کە لە بەردەممانان ئەو پیاوانەمان لەبیر نەچێ کە لە بارەی جێگاوە لێمان ون‌بوون بەڵام لە دەورمانان‌و ئەو گیانەیان کە سەرکەوتوە بۆ بەرزی دەورەیان داوین ٠٠ پیاوینە ئەوان لەپێش ئێمەو ئێوەوەن وەك لە بۆنەیەك زیاتردا وتوومانە چونکە چی‌یان هەبوو پێشکەشی نیشتمانیان کرد بۆ ئەوەی ئالای عیراق بە بەرزی بمێنێتەوە ٠

ڕێزی گەلتان بۆتان گەورەو مەزنەو لام وایە هەموو کەسێکتان هەست بەم ڕێزە دەکا لە مالی خۆیەوە تا ئەو کۆڵان‌و ئەو گەڕەکەی تیا نیشتەجێ‌یەو تا ئەو پانتایی‌یە فراوانترەی کە عیراقە ٠ ئەو ناونیشانە دیارەی کە مەزنی عیراقی پێ ڕەچاودەکرێ وەك یەکەم دیاردەیەك لە بەردەم ئەوەی بێتە عیراقەوە ئەو شەهیدە پیرۆزانەو ئەو جەنگاوەرە دلێرانەن کە لە پیاوە پیرۆزەکانی تر جیاکرانەوە بە ڕادەیەکی وا شایانی سەربەرزکردنن وەك ئەمڕۆ دەکرێ‌و شوێنی گەورەیش پیاوینە ئەوەیە کە مێژوو لە بارەتانەوە دەبنووسێ هەر یەکێ لە ئێوە لابەڕەیەکی نەمری وەبێ لە مێژوودا پاش ئەوەی ژیان هەمووی ئەو نەوەیە بەجێ دێڵێ کە ئێوە بەشێکینی‌و لاپەڕەی جەنگە پاڵەوانی‌یەکەتان بە زیندویی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی شایەت‌بێ‌و مانای ئەو پاڵەوانی‌یانە بگێڕێتەوە بۆ نەوە داهاتوەکان کە عیراقیان پاراست‌و بەو شێوەیە هێشتیانەوە کە بێوبستە ٠

ئەمەیە سەربەرزی بە هەموو مانایەکیەوە لەگەڵ قوربانی‌یە گرانبەهاکانیشیا بەڵام پیاو ژیانی بۆ نانووسرێ ئەگەر سەری بەرز نەبێ‌و پیاوان ناتوانن شەرەفی خۆیان ڕاگرن ئەگەر نیشتمان لەدەست بچێ ٠

بەمجۆرە هەموو جیهان سەرپرتان دەکا مەن‌و براکانم هەرچەند بە بێگانەیەك یا عەرەبێك بگەین وشەی ستایشمان گوێ لێ دەبێ کە لام وانیە بۆ موجامەلەیە وەك چۆن بە شێوەیەکی عادەتی لە بۆنەکانا دەوترێ بەڵکو بەڕاستی ئەو ڕێزە تایبەتی‌یە دەردەخا کە جیهان‌و عەرەبەکان هەبانە بەرامبەر بە جەنگاوەرە دلێرەکانی عیراق ٠

هیوامان بە خواو بە ئێوەیە کە ئالای عیراق هەر بە بەرزی دەشەکێتەوەو بە یارمەتی خوا دوژمنەکانتان لە شکان‌و بێئابڕوویی زیاتر هیچی تریان دەستگیر نابێ نە ئیستاو نە لەمەولاو لە هەموویش گرنگتر ئەو لەعنەتەو ئەو لاپەڕە ڕەشانەیە کە مێژوو بەرامبەریان تۆماری دەکا ٠

سەربەرزی بۆ ئێوە ئەی پیاوەکان‌و نەمریش بۆ شەهیدە پاکەکانمان ٠

چیرۆکی جەنگاوەرەکان لەبارەی براکانیان‌و لەبارەی خۆیانەوە زۆرن ئەو سێ شەڕەی کە لە کەرتی فەیلەقی یەکدا ڕوویاندا بە تایبەتی دواشەڕ کە لووتکەبە لەبارەی گیانی جەنگاوەرانەو بەڕێوەبردنی شەڕەوە بە وردی لە بارەگا ئیش‌بەدەستەکانەوە دەڵێم ئەم داستانە نەمرە فراوانەو هەموو جەنگاوەرێك دەتوانێ ڕۆژێکی تەواو چیرۆکی پاڵەوانی‌یەکانی هاوڕێکانی بگێڕێتەوە بەڵام ویستمان ئاگاداری چەند نموونەیەك ببین لە هەندێ دوورودرێژی‌یدا هەرچەندە ئەو بارەی کە لە بەردەممانایە شاراوە نبەو ئێمە تا ڕادەی ناو سریەیش ئاگاداری هەڵوێستین‌و جارجار تا ڕادەی فەسیلیش ئاگامان لەوەیە کە لە فلان سریەدا فلان فەسیل‌و فلان فەسیل کەوت‌و کەی هێرشی بەرامبەریان بردە سەر دوژمن لە شەوا یا لە ڕۆژداو ئاگاداری ناوی ئەو جەنگاوەرە دلێرانەین کە دەرکەوتوبوون‌و هەڵوێستیان دەزانین ٠

بەڵام ئەم چیرۆکانە بۆ عیراقی‌یەکانن زیاتر لەوەی بۆ ئێمەبن نەك هەر بۆ ئەوەی ئاگاداری پیاوە دەرکەوتووەکان بن‌و تێبگەن لێیان کە ئەمەیش مافە بەڵکو بۆ ئەوەی بارودۆخی شەڕ بزانن‌و بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە لەشکری نین هەتاکو ئەو فلیمانەیش کە لە تەلەفزێوندا پیشان‌دران گرنگ‌بوون بۆ ئەوەی ئەوبارو دۆخە دەربخرێ کە شەڕتان کرد تیایا مەن خۆم بە ڕادەیەك موقەددەم حەسەن نەقشبەندی ئەوەی بۆ ڕاست‌کردمەوە کە لام وابوو ماوەی تەقەکردن لە نێوان ئێوەو دوژمنداو ماوەی بینین لە (٢٠) مەتر زیاتر نەبوو ئەو وتی نا (٥)مەتر ئەمە ڕاستکردنەوەیەکە لە درێژەداو ئەم ڕاستکردنەوەیە لە حیساباتی عەسکەری‌و بارودۆخی جەنگاوەردا گرنگە ٠

شەڕەکەی ئەم دوایە بۆ بەو جوانی‌یە بوو کە باسکرا ، ئەمە هۆی زۆری هەبە بەڵام لە سەرووی هەمووبانەوە ئەو بەرگری‌یە ئایابەیە کە کەرتەکان ڕوویان‌و شەڕکردنیان لە شوێنەکانیاناو ئەو کۆشتانەی کە زۆر لە تەشکیلەکان‌و هەتاکو وەحدەکان دایان بۆ ئەوەی هەندێ فەسیلی کەوتوو هەندێ سریەی کەوتوو وەربگرنەوە بە دەرامەتی خۆیان‌و ڕەفتاریکی خێراوە لەگەڵ نالەباری شەڕدا لەبەر ئەوە شەڕەکە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا تەواو بوو کورت‌ترین شەڕبوو لەناو شەڕەگەورەکەماندا بە شێوەیەکی تەواو تەنیا شەڕەکەی شیب لە پلەیدا بوو کە هەمان کاتی خایاند نزیکەی دە سەعات‌و شەڕەکانی تیپی دە لە طیب لای باڵی چەپی فەیلەقی چوار بەرەی تیپی دەیش شەڕەکەی کورت‌و بڕیاردەربوو بەڵام بێ‌گومان ئەکەر سەیری تەوژمی دوژمن‌و سروشتی زەوی بکەین ئاڵۆزکاوی لەم شەڕەی ئەم دواییەدا زۆرتربوو کە وابوو هۆیەکان‌دەچنە سەر لوو نکەی سەر کەوتن لە شەڕەدا ٠

ئێمە دەزانین بۆ شەڕەکە بەمجۆرە سەرکەوت‌و لێکۆڵینەوەیەکی ڕووناکمان هەیە لەبارەیەوە بەڵام لەپێشەوەی هەموو بۆ زەوی وا سروشت لەعنەتی ڕاوەستانی جەنگاوەر لەجێگاکەیاو پتەوی شوێنە تا بەیانی‌و ڕێ‌نەدانە بە دوژمن بۆ ئەوەی جێگای بەرگری ببڕێ‌و دەوری باڵەکانی بداو بگاتە پشت جێگابەرگری‌یەکەیەوە یا ئەملاو ئەولای بەڵام قەوارە سەرەکی‌یەکانی جێگا بەرگری‌یەکان تا پلەی وەحدە خۆی بە پتەوی مانەوە تا بەیانی هەرچەندە دوژمن جێ‌پێ‌یەکی لە قوولایی سریەکانی پێشەوەی هەندێ تەشکیلات‌و وەحدەدا دەست‌کەوتبوو بەڵام بە تەواوی دڵنیابووین لەوەی کە دوژمن دەشکێ‌و ناتوانێ جێی سریەیەکی دەستگیربێ بۆ ئەوە بیهێڵێتەوە ئەمەیش لە سەیرکردنی فراوانی بەڕێوەبردنی شەڕەکەوە وتمان شتی سەرەکی ئەو ڕاوەستانە نایابەی جەنگاوەرەکانە لە جێگەکانیانا تا بەیانی ٠

تەنیا هەر ژمارەیەکی کەم لە مەوزیعەکان مابوو لە کاتی خواردنی نانی بەیانیدا دەنگوباسی هەڵوبستمان بۆ دەهات کە وا هەر (٥) دەقیقەیەك مەوزیعەکانی فلان لیوا سەندرانەوەو بەمجۆرە ٠٠ نزیکەی سەعاتێکی نەخایاند لەگەڵ بەیانیدا هەموو مەزبەعەکان سەندرانەوەو دوژمن تێکشکێنراو زیانەکانی بەپێی هەر بەشەرێك کە تۆزقاڵی ئەقل‌و بەزەیی هەبێ بەرامبەر بە گەلەکەی نابێ پێی قبوول بکرێ ٠

ئائەم جۆرە شەڕانە هۆش دەهێنێتەوە سەر دوژمن دوژمنێ بەزەیی‌و بیری ئادەمیزادانەی نەبێ بارووەد نەبێ هیچ شتێ نایهێنێتەوە سەر خۆی ٠٠٠٠ بارووەد ئەیهێنێتەوە سەر خۆی ٠٠ ئەگەر جارێکی تر دوژمنتان بۆ هاتەوە لەو باوەڕەداین لەم مردنە خراپتر دەمرێ ٠

ئێمە ئاگامان لە تەشکیلاتەکانتان هەیەو ئاگامان لە داستانی نەمری هەموو تەشکیلاتەکانتان هەیە لە هەموو شەڕەکانداو ئاگامان لە پاڵەوانی‌یە بێهاوتاکەی جەنگاوەرە عیراقی‌یەکان هەیە بە شێوەیەکی گشتی‌و هی تەشکیلاتەکانتان بە شێوەیەکی تایبەتی‌و نزیکەی لە هەموو بەرەیەکدا شەڕیان کردوەو زۆربەیان لە بەرەی هەمووی سوپادا شەڕیان‌کردوە لە بەرەی فەیلەقی یەک‌و دوو سێ‌و چوارو ئەنجا یەك ٠

خوا سەربەرزتان بکاو عیراقی‌یەکان بە سەربەرزی ڕابگرێ چونکە شایانی سەربەرزین بەڵکو دەتوانم بێ سێ‌ودوو بڵێم عیراقی‌یەکان بێ سەربەرزی ناتوانن بژین

ئائومیدی‌یش بۆ دوژمنەکانتان هەموو بە یارمەتی خوا ئێمە لەمە دڵنیاین بە شێوەیەکی تەواو کە مردن‌و شکان بەشیانەو سەرکەوتن‌و سەربەرزی بەشتانە ٠

سڵاومان بۆ براکانتان لە وەحدەو تەشکیلەکانتاناو سڵاومان بۆ خێزانەکانتان‌و براو دایك‌و باوك‌و منالەکانتان‌و سڵاوی خواتان لێ‌بێ ٠

بەنگاوەرانی سوپای میللی لە لەولێر بە لێین و دلسۆزی خۆیان بۆ سەرکردەی سەرکەوتن دووپات دەکەنەوە

هاوڕێ سەرکردەی سوپای میللی ناوچەی هەولێر سڵاوی لەو گیانە بەرزە کرد کە جەنگاوەرانی سوپای میللی لەپارێزگاکەداهەیانەو لەو بەرەنگاربوونەوە بێ‌سڵ‌کردنەوەیان تە دژی ڕژێمی نەزانی ئێران هەیانە ٠

لە کۆنگرەیەکدا کە بۆ سەرکردەکانی کەرت‌و سەرکردەکانی سوپای میللی کرا دووپاتی ئەو تەقەللاو خۆبەخت‌کردنەی کردەوە کە سوپای میللی لە ئەرکی سەرشان‌و بەشداری‌کردنی بەکاریاندا بۆ دروست‌کردنی سەرکەوتنەکان کردویانە ئەمەش شان‌بەشانی ڕۆلەکانی سوپای دلێرمان کە دەریانخست کە پاڵپشتێکی گەورەی شۆرشەکەمانن‌و سوورن لەسەر ئەوەی کە عیراق هەربالاو خۆشەویست بێ ٠

هاوڕێ سەرکردەی ناوچەکە داوای کرد ئەوەپەڕی تەقەللا بۆ زیادکردنی شارەزایی جەنگاوەران لە بەکارهێنانی چەك‌و هونەری شەرکردندا ٠

لە کۆنگرەکەدا باسی ڕاپەراندی نەخشەی ماوەی ڕابوورد‌و پێویستی‌و بەرزکردنەوەی دەوری پێکهاتووەکانی سوپای میللی کرا بۆ ڕاپەراندی نەخشەی داهاتوو لەگەڵ دووپات‌کردنەوەی پەرەپێدانی کردنەوەی دەورە بۆ مەشق‌دادان‌و بایەخدان بە لیهاتوویی‌و توانای شەرکردنی جەنگاوەران - بەشداربوونی کۆنگرەکە بەلێین‌و دلسۆزی خۆیان بۆ بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین تازەکردەوە کە سەربازی دلسۆز بۆ بەرگری کردن لەخاکی پاکی نیشتمان بمێننەوە ٠

سەرەڕای بارودۆخی جەنگ:

پێشکەوتنی فراوانی کاری پەروەردەیی لە ناوچەی کوردستاندا

کاری پەروەردە لە ناوچەی کوردستاندا پێشکەوتنێکی گەورەی لە هەموو بوارێکدا بەخۆیەوە دیوە ، بەڕێز محمد پیرۆتی ئەمینداری گشتی پەروەردەو زانیاری بالای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان وتی : ئەو پێشکەوتنەی کە کاری پەروەردە بەخۆیەوە دیوە بەهۆی ئەو بابەخە فراوانەوە بوە کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بە گشتی لە عیراقی خۆشەویستمانداو بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستان‌و بەلایەنی پەروەردەی داوە ٠

بەڕێز ئەمینداری گشتی ئەوەی ڕوون‌کردەوەو وتی : ١٩٧٤و ١٩٧٥ باس بکەین کە بنچینەیەکی سەرەکی خوێندن بوو بەراوردی بکەین لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سالانی ١٩٨٢و ١٩٨٣ بۆمان دەرئەکەوێ کە ژمارەی باخچەی ساوایان لە (٦) باخچەوە گەیشتە (٥٨) باخچەو قوتابخانە سەرەتای‌یەکان لە (٥٢٣)وە گەیشتە (٢٩٩ر٢) قوتابخانەو قوتابخانە ئەوەی ڕوون‌کردەوەو وتی : ئەگەر خوێندنی سالانی مامناوەندی‌یەکان‌و ناوەندی‌یەکان لە (١١٨) قوتابخانەوە بوون بە (٢٥٢) قوتابخانەو قوتابخانە پیشەیی‌و پیشەسازی‌یەکان‌و کشت‌وکاڵی‌و بازرگانی‌یەکان لە (٧) قوتابخانەوە بوونە (٢١) قوتابخانەو ئامۆژگاو قوتابخانەی مامۆستایانی نێرومێ لە (٢) قوتابخانەوە بوون بە (٧) قوتابخانەو ئامۆژگای ئاینی لە (٢) قوتابخانەوە بووە (١٢) قوتابخانە لە سایەی ئەم بەرزبوونەوەیەدا ژمارەی منداڵانی باخچەی ساوایان لە (٩٠٧) منداڵەوە گەیشتە (٥ر٤١٥) منداڵ‌و قوتابیانی سەرەتایی لە (٨٦ر٥٩٨) قوتابیەوە سەرکەوتن بۆ (٢٨٨ر٢٤٧) قوتابی‌و ژمارەی قوتابیانی مامناوەندی‌و ناوەندی لە (٢١ر٦٤٧) قوتابیەوە بوون بە (٧١ر٨٧٩) قوتابی‌و قوتابیانی پیشەیی لە (١ر٦٧٤) بوون بە (٧ر٩٠٨) قوتابی‌و قوتابیانی ئامۆژگەو قوتابخانەی مامۆستایانی نێر ومێ لە (١ر٢٢٧) قوتابی بوو نە (١ر١٧٧) قوتابی‌و قوتابیانی قوتابخانە ئاینی‌یەکان لە (١٢٢) قوتابی‌بەوە گەیشتنە (٢ر٩٦٢) قوتابی‌و ٠

کاری پێویستیش بۆ وەرگرتنی (٨ر١٥١) قوتابی نێرومێ لە بەشەکانی ناوخۆیی ناوچەکە کراوە بۆ ئەوەی کە کەڵێکی دەروونی گونجاو بۆ ئەو قوتابیانە دروست‌بکرێ کە لە دیهاتەکانەوە ئەنێردرێن‌و سەربکەنە سەر خوێندنی زانیاری‌و تا ئیستاش (٧ر٠٩٩) قوتابی وەرگیراوەو بەرێوەبەرایەتی پەروەردەش بە پێی ئەو خواستانەی لەم زەمینەیەدا گونجاون خەریکی وەرگرتنی قوتابیانە بۆ بەشە ناوخۆییەکان ٠٠

بۆ ڕاپەراندنی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەبارەت بە خوێندن بەزمانی کوردی لە ناوچەکەدا ئەمینداریتی گشتی لە ساڵی ڕابوردوودا تەقەللایەکی زۆری داود بۆ وەرگێڕانی نووسراوەکان کە بریارە بکرێن بە کوردی‌و بۆ لە چاپدان‌و دابەش‌کردنی بەسەر قوتابیانی ئەو قوتابخانانەدا کە زمانی کوردی ئەپانگرێتەوە ٠

بەڕێز ئەمینداری گشتی دووپاتی‌کردەوە کە ئەمینداریتی گشتی‌و دەزگاکانی سوورن لەسەر ڕاپەراندنی هەموو توانایەك بۆ پەرەپێدانی هەمو کارێکی پەروەردەیی ئەمەش پڕ بە پڕی خواستەکانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش لە سەرو هەموویانەوە بەڕێز سەرەکی ئەرمانده تێکۆشەر - صدام حسین ئەمەش لەو زەمینە پتەوەوە کە گەشەسەندنی زانیاری باشترین ڕێگەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان‌و خۆفرۆشان ٠٠

ژ چالاکیێن دەزگەها روشەنبیری و بەلافکرنا کوردی

کورەکێ سیاسی بەرفرە لە پارێزگا دهوکێ

ل ئێفاریا پێنج‌شەمبێ - ڕێکەفتا ٨ - ١٢ - ١٩٨٣ و ل هولا خاندنگەها سێمێلێ و بچاف دێریا بەرێز حکمت ذنون قەیمقامێ قەزایێ جقاتەکا سیاسی هاتە گێران ٠

هژمارەکا روشەنبیرا و جەماوەرێ دەڤەرێ تێدا ئامادەبون هەر وەسا بەرێز عبدالله جمیلان - بەرپسیارێ تەڤگەرا سێمێلێ با پارتا بەعسا عەرەبی یا هەڤبشکی پشکداری دەڤێ جقاتێ دا کر ژ بلی چەند ئەندامەکێت وێ تەڤگەرێ ٠

ئەڤ جقاتە هاتبو تەرخان کرن بۆ هەڤال (رمضان عیسی) ئەندامێ ئێکەتیا تورەڤانێت کورد و پەیامێرێ روژنامە هاوکاری و ئێزگا کوردی ل دهوکێ داکو هندەك لایان ژ کارێت بەتاوان بێت گو خومەینی بێ زوردار بێ رادبێت ل مەدانا ئاڤخویا ئیرانێ و دەرڤەی ئیرانێ ٠ ئو ل بەراهیا دەست پێ کرنا بابەتی - بەرێز احمد خلیل - ڕێڤەبەرێ روشەنبیریا جەماوەری ل سێمێلێ یێ کو کورێ مە برێڤەبری کورتیەك ل سەر بزاڤ و چالاکیێت دەزگەها مە ئاخفت و هەمی لایێت وێ چەندێ روهن و خویا کرن - پاشی هنگی کورتیەك ل سەر ژین و ژیارا خودانێ بابەتی پێش کێش کر و بابەت ل دیڤدا هاتە خوبندن٠ کورتیا فی بابەتی هەکە ئەم ناشکەرا کەبن دێ ل سەر وا خالێت گرنگ و ئاشکەرا بن یێت کو دسەر تیرانێ را دبورن و دێ دەرپارا وا دەرد و کوفانا بن یێت کو ب سەرێ گەلێت ئیرانێ هاتین ل سەر دەستێ خومەینی یێ نە زان و نە تێگەهشتی ئێکجار پشتی کو بەرێ وانا دایە فی شەرێ پیس و چەپەل و یێ بێ مغا و یێ پر گونەهو ٠ ئو ل دوماهیا کوری هەڤالێ هوزانڤان (رمضان عیسی)ی پارچەکا هوزانێ خواند و باشی سەیدا (احمد خلیل)ی کور بدوماهی ئینا ٠٠٠٠

● لقی دهوك ●

Institut Kurde de Paris

لە پێناوی زمانی یەکگرتووی کوردیدا

ڕۆژێك برای خۆشەویستم کاك عەبدولوهاب تاڤەبانی هاتە لامو داوای لێ کردم ، کەقسەیەك دەربارەی زمانی ستاندارتی کوردی لە پرۆگرامەکەی بەناوی ژیانی ڕۆشنبیری بکەم ، کە لە تەلەفزیۆنی تەئمیم پێشکەش دەکرێت ٠

دکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم

منیش داواکەی ئامادەکاری پرۆگرامی ناوبراوم زۆر بەدڵبوو ، وە ووتارەکەی خوارەوەم بە قسە لە تەلەفزیۆنی تەئمیم کوتەوە ٠ جا لەبەرئەوەی ، کە ئەم قسانە بیروڕای خۆمنو قسەیەکە لە بارەی زمانی ستاندارتی کوردی کراوە وە بۆ ئەوەش ، کە ئەو کوردانەی تەلەفزیۆنی تەئمیم نابینن بیروڕاکە یخوێننەوە بەباش دەزانم قسەکانم بەم کورتە ووتارە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بەڕێزدا بلاوبکەمەوە لەژێر ناونیشانی «لەپێناوی زمانی یەکگرتووی کوردیدا» ٠

پێش‌ئەوەی باسی زمانی ستاندارت بکەین دەبێ کورتە باسێك دەربارەی دیالێکتەکانی - لەهجات - زمانی کوردی بخەینە پێش‌چاو

زمانی کوردی ئێستا دابەش‌دەکرێتە سەر سێ دیالێکتی گەورە ٠ کە هەر دیالێکتە کۆمەلە گۆڤەرێکی - لەهجەی محەلی - هەیەو لێی پێکهاتووەو بە هەموویان زمانی کوردی پێك‌دەهێنن ٠

ئەو دیالێکتانەی ، زمانی کوردیان لێ‌پێکهاتووە ئەمانەن :

١ - دیالێکتی سەروو
٢ - دیالێکتی ناوەندی
٣ - دیالێکتی خوارو

دیالێکتی سەروو لەم گۆڤەرانە پێکهاتووە : گۆڤەری هەرکی - شکاکی - جەلالی (بایەزیردی) -هەکاری- جزیری -عفرینی- دومبلی- بادینی ٠ دیالێکتی ناوەندی لەم گۆڤەرانە پێکهاتووە : گۆڤەری موکریانی -سۆرانی- سلەیمانی -شوانی -جافی -سنەیی - گەڕووسی ٠

دیالێکتی خوارو لەم گۆڤەرانە پێکهاتووە : گۆڤەری کرماشانی - کەلوورِی کولیایی -پیرەوەندی -لەکی‌و لوڕی ٠

لێرەدا ئێمە دەبێ بەدوای دیالێکتی ستاندارت بگەڕێین نەك زمانی ستاندارت تا بیێتە بناغە بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی ٠

مەرج نیە دیالێکتی زۆربەی خەڵك بیێتە بناغە بۆ زمانی یەکگرتوو ، بەڵکو جاری وا هەیە دیالێکتیکی زمانێك یان گۆڤەرێکی زمانێك دەبێتە بناغە ، چونکە کامە دیالێکت لە پێشتر بێ‌و ڕۆشنبیران پەسندی‌بکەن‌و خوێندن‌و نووسینی پێ‌زیاتر بێ ئەو دیالێکتە دەبێتە ستاندارت‌و دیالێکت‌و گۆڤەرەکانی تر لە دەوری کۆ دەبنەوەو دەوڵەمەندی دەکەن، وە وورده وورده دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ زمانی یەکگرتوو ٠ جاری واش هەیە گۆڤەرێك لە دیالێکتی زماندا دەبێتە بناغە بۆ زمانی یەکگرتوو ٠

جا ئەگەر بەم پێیە سەیری زمانی کوردی بکەین ،دەبینین بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا گۆڤەری ناوچەی سلەیمانی بۆ ماوەیەك زۆر لە پێش‌بوو ، چونکە نووسەران هەر بەو گۆڤەرە شتیان دەنووسی‌و شتیان بلاودەکردەوە ، گۆڤەرەکە توانی‌بووی خۆی بچەسپێنێ ٠ هەروا لە کوردستانی ئێراندا گۆڤەری موکری - موکریانی - زۆر لەپێش‌بوو، کە هۆنراوەو چیرۆك‌و نووسراوی پێ‌دەنووسرا ٠

لە گوندی (واژە)ی سەر بە ناوچەی شارباژێر لە دایك بووە ٠٠ سەرەتایی لە چوارتاو ناوەندی‌و پیشەسازی لە سلێمانی تەواو کردوە ٠٠ ساڵانی ٥٩ - ٦٠و بۆ ماوەیەك لە ماوەت مامۆستا بووە ٠٠ لە پاشا لە کارگەی جگەرەی سلێمانی دامەزراوە ٠٠ گەلێ کاری پێ‌سپێرراوەو لە ئەنجاما فێری (جگەرە دورستکردن)یش بووە ٠٠ لە نێو گڕەی مەکینەکاندا شیعریشی نووسیوە ٠٠ لە ساڵی ٥٩دا یەکەم دیوانی (کسپەوسۆز)ی چاپکردوە ٠٠ ساڵی ٦١یش دووەم دیوانی بە هەزار قەرزو فەرز بڵاوکردۆتەوەو پارەکەشی نەهاتۆتە دەس‌و لە ئەنجامی ئەو قەرزەوە دادگا حوکمی داوەو قەرەوێلەیەك‌و رادیۆیەك‌و ئوتومبیلەك‌و فەرشێکی هەبووە، دادگا حیجزی کردوە ٠٠ !! لە ساڵانی ٦٨ - ٦٩دا دوو دیوانە شیعری بە ناوی (پارچەیەك لە جگەرم)و (فرمێسکی نهێنی) چاپکردوە ٠٠ دوا بەرهەمیشی دیوانە شیعرەکەیەتی بە ناوی (لە ئەلبۆمی یادگارا) کە دوای بێدەنگیەکی زۆرو دوای ئەوەی هەندێ لە ڕەخنەگران ، ڕەخنەی (وشك بوونەوە)یان لێ‌گرت ، گەیاندە چاپ ٠٠ بۆ ئەوەی خوێندەواری کوردیش ئەو ڕاستیەی‌بزانێ کە « ئەم دوا دیوانەی بە چاپخانەو گشت خەرج‌و باجەکانیەوە (٤٫١٥٠) دیناری تێچووە، کەچی تائێستا (١٤١٢) دیناری لێ دەسکەوتووە٠٠!!» ئێستا کاك جمالی شاعیر لە گارگەکەی شەکری سلێمانی‌یە و چاوەڕێی تەقاویتە ، تا هەر بەتەواوی خۆی بۆ شیعر و ژانە دڵی سەر لە نوێی چاپ‌و چاپخانە ئامادە بکاتەوە ٠٠٠ بەڵام ئەوەی ئەیبێ لێرەدا فەرامۆش نەکرێت ئەوەیە ، ئەوەی لە نزیکەوە - زۆر لە نزیکەوە - لە جەمالی شاعیر نەگات، حەق نیە ، راوو سەرنجی بە پەلەی بەسەرا دەربڕێ٠٠!! بۆ ئەم مەبەستەش ئەم دیدارە لەگەڵ ئەم دەنگە ڕەسەنەو ئەم ژێ‌بە خەمگینە سازدراوە ٠٠٠

● کاکە جەمال ٠٠ بە ڕای تۆ شاعیری تێکڕایی - شمولی - کێ‌یە ؟

- لە لای من شاعیر ئەو ئافەریدە زیندوەیە ، کە لە نەبوونەوە گیانلەبەر دێنێتە بوون ٠٠ مەبەست لە مێزەکەم‌و شیعرێ دانەنێم٠٠ شیعر وا ئاسان نیە وەکو هەندێ تێ‌ی گەیشتوون ٠٠! کاتێ شیعرێ ئەخوێنمەوە ئەگەر سەرەکەی رایکێشام بۆ تەواوکردنی ، مانای وایە شیعرە ٠٠ شیعرێکیش بە زۆر نووسرابێ‌و خاوەنەکەی پێوەی جەڕی بێ ئەوا دیارە ٠٠ ئا ئەلێرەوە شاعیری (شمولی) ئەو کەسەیە کە زوربەی خوێندەواران بە لای خۆیدا ڕائەکێشێ‌و هەست‌و رازو نیازیانی تیا بەدی ئەکەن‌و بە زمانی حاڵی خۆیانی ئەزانن ، بە مەرجێ ئەو شاعیرەش راستگۆ بێت‌و ئەوەی ئەیڵێ بەراستی بیت‌و لەگەڵ ڕەفتاری‌دا هاوشان بن ٠

● باشە کاکە جەمال ئەی قۆناغی دوای گۆران چۆن هەڵئەسەنگێنی ؟

- گۆرانی نەمر دوای کۆچکردنی گەرمترین شیعرم بۆ نووسی کە لە ناخی دڵمەوە هەڵقوڵابوو ٠٠ دوکتور علی شانۆف لە نامەی دکتۆریەکەیدا پەنجەی بۆ ئەو شیعرە ڕاکێشاوە٠٠ کاتێ مامۆستا گۆران لە ژیانا بوو ، چەند جارێ پێ‌ی‌گەیشتووم‌و وتوویژمان کردوەو ڕەزامەندی خۆی پیشان ئەدا بۆم ، لای مامۆستا کاکەی فەللاحیش‌دا سەرنجی خۆی بەرامبەرم دەربڕیوە ، بەڵام نەخراوەتە سەر کاغەز ، لای برادەرێکی تریش بە شاعیرێکی (خۆڕسك) لە قەڵەمی‌دا بووم ٠٠ کاتێ مامۆستا گۆران شیعری نووسیوە ئێمەمانان منال بووین‌و لە قوتابخانەدا مامۆستامان شیعری ئەوی پێ لەبەرئەکردین‌و سروودە شیعرەکانی ئەومان لە ریزدا ئەوتەوە ٠٠ ئەوسا شیعری گۆران‌و هاوتەمەنەکانی گۆران لە ئارادا بوون‌و دڵو مێشکمان ئاو ئەدا ، لە هەمان کاتیشا نابێ ئەومان لەیادبچێ کە چەند هاوشانێکی راستوچەپی وەکو مامۆستا (هەردی - دیلان - کامەران - کاکەی فەللاح‌و ٠٠٠ تاد) هەبوون‌و هێشتا ماون‌و بڕەویان بە شیعری کوردی‌دا زەمینەیان خۆش‌کرد بۆ زۆر لاوی تر تابێن‌و دەس بکەن بە تەجرەبەی خۆیان ٠٠ هەر گۆرانیش بوو ئەدەبی کوردی گەیاندە ڕێزی ئەدەبی میللەتە پێشکەوتووەکان ، بەڵام ئەم تازەکردنەوەیە هەر ئەوەستا، هاوشا نەکانی گۆران هەرهەمان جڵەویان گرت بەدەستەوەو کاروانەکەیان هێناو ئەو کاروانە هێی تریشی تێکەڵ بوو ، بە پێی تەمەن‌و زەوقی شیعری جێگای خەڵکی تریشی کردەوە ، نالێم خۆم یەکێکم لەوانە ، بەڵام بیڵێم‌و نەیڵێم ، دەستەیەك هەبووین حەزمان بە تازەگەرێتی ئەکردو بەردەوام بووین ، تازەمینەمان خۆش‌کرد بۆ هی تریش، بەپێی تەمەن بۆ ناوەوە ،بەڵام بۆ هاتنە ناوەوەی هی تر زۆر کەرەسەو هۆی هاندان ئاسانتر بوو بەتایبەتی دوای ساڵانی حەفتا ٠٠ نابێ ئەرکی شاعیرانی ساڵانی پەنجاو شەستەکان لە یاد بکرێ، چونکە ئەگەر پێوانەی ئەو دوو قۆناغەیەمان کرد ، ئەبێ هەڵگرانی مەشخەل لە یادنەکەین‌و هەقی خۆیانیان بدەین ٠٠ من (ڕەخنەگر)نیم تا ئەمە هەڵسەنگێنم ، بەڵام ئەگەر زانیم ڕەخنەگرێك بێ‌ڕەحمانە هەقی زۆرکەسان سەرنگون ئەکات ، ئەوسا ئەتوانم هەڵبدەمێ‌و بڵێم : کابرا ویژدانت بێ ، ئەو فلان‌و ئەوە فیسارو ئەوە مێژووی دانانی بەرهەمیان‌و ئەوە روخسارو ئەوە ناوەڕۆك‌و ئەوەش بەڵگەو شتی‌تر ٠٠ با بێینەوە سەر ئەسڵی قۆناغەکە ، بەرای من ئەپساوەو پێشتر کەوتووە ٠٠ تۆ واز لە زۆر دەقی بێ‌پێر بێنەو کەشو فشی تریش وازبێنە کە هەندێ بازرگانی بە ئەدەبی کوردییەوە ئەکەن‌و خۆیان کردوە بە پێشەوای بزوتنەوەی تازەگەرێتی لە ئەدەبی کوردیا ، چونکە لە پرسیارەکەی پێشووترا ووتمان شاعیرکێ‌یەو شیعر چیە ٠٠ !

● ئەمەیان وا ٠٠ ئەی جووڵانەوەی ئەدەبی لاوان چۆن دەس نیشان ئەکەیت ؟

- کەوتمان ئەدەبی لاوان، ئەبێ ئەمەنێك بۆ شاعیرێکی لاو دانێین ، لە تەمەنی (٢٠ - ٢٥) ساڵانە ٠٠ ئەگەر شاعیرێك ئەمڕۆ لەوتە مەنەدا بێت کە ساڵی (١٩٨٣)یە ئەبێ بڵێین : مەوالیدی (١٩٥٨)و (١٩٥٩)و (٦٠)و (٦١)و (٦٣)یە توبلێ (٦٤)یش ، بەمانا ئەبێ لە دوای (٧٣)و (٧٤)و (٧٥)ەوە یان کەمێ لە پێش ئەو مێزووە دەستیان بە دانانی شیعر کردبێت ، کە تا ئەو دەمە ، وەکو لە پێشدا وتمان : زەمینەیەکی چاك خۆش کرابوو ، شیعری کوردییش لە بووژانەوەیەکی ئاشکرادا بوو ٠٠ بارو دۆخی چاپەمەنییش دەورێکی ئێجگار کاریگەری لەسەر هەڵدانی ئەو شاعیرە لاوانەدابینی ، کە ئەمڕۆ ئەوتری (جووڵانەوەی ئەدەبی لاوان) هەروەك چۆن لە بەنجاو شەستەکاندا زۆر هاتن‌و چەندانێك مانەوە ٠٠ لە حەفتاکانیشدا زۆر هاتوون‌و هەر دێن‌و لە ئەنجامیشدا چەندانێك ئەمێننەوە ٠٠ من ئەوانەی کە زۆرجار بەرچاوم ئەکەون‌و ئەیانخوێنمەوە ، لە زۆریانا بەهرەی ڕووناك بەدی ئەکەم، لەم کاتەدا لەگەڵ ئێستەدا ئەو ناوانەش لە یادمابێت ، هەر چەند زۆرتریش هەن‌و دواڕۆژێکی پڕشنگدار چاوەڕێیانە ، وەکو کاك (جەمال غەمبار) چونکە خاوەن هەست‌وبیرێکی بە بڕشتەو کەرەستەیەکی چاکی بەدەستەوەیە ٠٠ هەروا (فەرەیدون عەبدوول بەرزنجی)و (محمد عمر عثمان) کە چێژو بیرێکی وردو نایاب لە شیعریانا هەیەو لە چاو تەمەنیانا (تجاوز)یان کردوە ٠ ٠ هەروا خوشکە (شەوبۆ محمد مراد)و (هیدایەت حیران)و (بەرزان هەستیار)و چەندانی‌تریش کە لەم ساتەدا لە بیرم نەماون ٠٠ هەرچەندە من خۆم دیوانەکەم پێشکەش شاعیرە لاوەکان کردوەو زۆر ئومێدی پێشکەوتن‌و سەرکەوتنیان ئەخوازم . نابێ ئێمەومانان بە حیل بین‌و بڵێین کەسی تر شت نیە٠٠ نەخێر پاشەڕۆژی ئەدەبی کوردی هەی وا ئەخاتەوە ، ئێمەو هاو تەمەنی ئێمە بەجێ ئەهێڵین بە چەند قۆناغێ ٠٠ هەقی خۆشیانە ئەدیبی لاو هەقی خۆیەتی پێش‌بکەوێ ، چونکە کەرەسەی باش لەبەردەستابە بۆ خوێندنەوەو لە چەرخێکیشدا ئەژین کە

بروانە ل ٧

شارباژێری و شیعر و بەردەوامبوون

ووشەیەك

محمود زامدار

جمال شارباژێری‌دەنگێکی ڕەسەنی جووڵانەوەی شیعری نوێبەخشی کوردی‌یە٠ ٠ لە تافی لاوێتی‌دا ، دەورێکی زۆر وردی لەم بوارەدا بینیوە ٠٠ زۆر لە هاورازو هاو کوفەکانی- وەك شێرکۆ بێکەس - ددان بەو ڕاستی‌یەدا ئەنێن٠ ٠٠ گەر سەرقاڵی گوزەرانی ژین نەبووایەو گەروەك هەندێ شاعیری تر ، دەرفەتی جۆراوجۆرو‌ژیرنی بۆ هەڵکەوتایەو ئەوەندەش شانی لە ژیرباری قورسی کارەسات‌و ئەزموونە تاڵەی ژیان‌ودڵشکان‌و هیوا بڕان نەبووایە ٠٠ ئەم جەماڵە ، جەماڵێکی تر ئەبوو ، بگرە - لەوانەیە- ئەمڕۆ ئەبوو بەزایەڵەترین دەنگی جووڵانەوەی شیعری نوێمان ٠٠٠ گەر ٠٠ گەر ٠٠گەر ٠ ٠ و دەیەها (گەر) انە ٠٠٠ !! هەرچۆنی بێت ئەمەیان ڕۆژێ لە ڕۆژان - هەردێ - ڕەخنەگرێ یاشارەزایەکی باش‌و بە ئینسافو بێ‌لایەنی‌مێژووی ئەدەبو جووڵانەوەکەی دێ تافووڵترو فراوانتر ، لەم شاعیرە غەدرلێکراوەبدوێت‌و شوێنی شایانی خۆی لە نێو ئەو مێژووو جووڵانەوەیەدا بکاتەوە ٠٠٠!

لە جەماڵی شاعیر نەگات، حەق نیە ، راوو سەرنجی بە پەلەی بەسەرا دەربڕێ٠٠!! بۆ ئەم مەبەستەش ئەم دیدارە لەگەڵ ئەم دەنگە ڕەسەنەو ئەم ژێ‌بە خەمگینە سازدراوە ٠٠٠

● کاکە جەمال ٠٠ بە ڕای تۆ شاعیری تێکڕایی - شمولی - کێ‌یە ؟

- لە لای من شاعیر ئەو ئافەریدە زیندوەیە ، کە لە نەبوونەوە گیانلەبەر دێنێتە بوون ٠٠ مەبەست لە گیانلەبەریش ئەو شیعرەیە کە ڕوحی تیا بێت ٠ ٠ شیعریش لە ژانێکی قووڵەوە دەرئەچێ ، ئەو شیعرەی ئەیخوێنیتەوە گەر ئینتباعاتێکی لە یادتا جێ‌نەهێشت شیعرنیە ٠ ٠ هەموو کەسێ ئەتوانێ شت بهۆنێتەوەو قافیە ریز بکات، بەڵام ئەمەیان لە سێ ڕێزکێنێ پتر نیە٠٠شاعیری ڕاست ناتوانێ بڵێ : ئێستا ئەچمە ماڵەوەو دەسو قاچم ئەشۆم‌و دێمە سەر ئەندازەی جوگرافیا ، کانزاو گیان‌لەبەرو ڕێزمان ٠٠٠٠ » پلەی خۆی بەرزکردبووە ، ژنی هێناو ٣ سێ کوری بوو ٠ دەلێن سوکرات دوو ژنی هەبوو ، بەڵام شتەکی یەقین‌و ڕاستی لەم بارەوە تاکید نەبووە ٠

لە پیری‌دا ، سوکرات هەڵبژێرا بو ئەندامیتی ئەنجومەنی پیران کە لە ٥٠٠ کەس پێك‌هاتبوو ٠ لێرە سوکرات وەك سیاسی‌و مروڤەکی سەربەست‌و ئازا ناودار بوو ، بیروڕا وارهاب‌و ترس یەك تۆز لە ریگای بیروڕاو ئاکاری « اخلاقی» لای‌ئەدا ، بەڵکو هەردەم ئامادەبوو ڕووبەڕووی زولم‌و زور وارهاب بوەستێ دیموکراتی یەکان‌و ئوروستوکراتی‌یەکان دەیان‌وبست زاڵ‌ببن بەسەر هەموو سووچەکی ژیان ، بەڵام سوکرات هیرشی بەسەریانا بردو ڕەسوای کردن لە بەردەم خەڵکا ، دیموکراتی - بەکان هەموو شتیان بە ژمارەو زۆری دەپێوێ ،واتە هەموو کەس یەکسان بوو لە لایان‌و گوی یان نەئەدا بە بیروڕاو هەڵویستی ڕاست‌و مروڤی بەتواناو بێ‌توانا یەك‌بوو لە لایان٠٠٠ واتە قەدرو نرخی بیلمەت زیرەکیان لە لا نەبوو ، واتە دیموکراتی‌یەکانی ئەوسا ناوو کردەوەیان بەکیان نەدەگرتەوە ٠

● ماویەتی ●

سوکراتی

باوکی فەلسەفەی تازە

بەقەلەمی : عبدالمجید عبدالرحمن

شەش- حەوت سەدە پێش‌لەدایك‌بوونی حەزرەتی عیسا لە وڵاتی «گریك- یونان» ی‌کۆندا، شارستانی‌یەکی ئێجگار گەش‌و نایاب‌و بەنرخ دامەزرا، هەرچەندە پێشووتر لە دووروو بار - هیزوپوتامیا‌و دۆڵی نیل‌و هیلالولخە سیب‌دا شارستانی‌یەتێکی پێشکەوتوو بڵاببووەو مرۆڤ زۆر برشت « انجاز »ی ڕوشنبیری‌وزانستی‌و ژیانی عەمەڵی بەدی هێنابوو ٠

بەڵام ئەدەب‌و فەلسەفەو شانوگەری‌و هونەرو سیاسەت‌و زانست هەنگاویکی مەزنیان بەرەو پێشەوە نا لە وڵاتی یونانی کۆندا، تا وای لێ‌هات بە شارستانی‌یەتی کۆنی یونان بڵێین «پەرچوو - معجزە» یەکی مەزنی جیهان ٠ ئەم شارستانی‌یەتە بووە سەرچاوەی پێشکەوتنی گشت وڵاتانی جیهان ، بە تایبەتی ئەورووپای دوای سەدەی ناوەڕاست ٠٠٠ تەنیا ناوی سوکرات‌و ئەفلاتون‌و ئارستۆ وئەرخەمیدس‌و فیثاگورس‌و سوفوکلیس‌و یورپیدس‌و هومیرۆس‌و ئەریستوفانیس‌و دیموکرەتیس بەسە بۆ دەرخستنی پلەو بەرزێتی ئەم شارستانی‌یەتە ٠

سوکرات یەکیکە لە فەیلەسووفە مەزنەکانی جیهان وپێ دەڵێن باوکی فەلسەفەو مامۆستای فەیلەسووفان ،و لەڕاستی‌دا فەلسەفەی بەر لە سوکرات بریتی‌بوو لە چەند بیروڕاو . هەڵویستەکی ئەفسانەیی «اسطوری» ژیانی عەمەڵی‌و ئاینی مروڤی ساویلکە دەربارەی سروشت‌و گەردوون‌و ئەستیرەکان‌و مانگ‌و خۆرو شەو وروژ ٠٠ بۆ دامرکاندنی ترس‌و سامی مروڤ لە ژیانی ڕوژانەی‌دا ، ئەو ژیانەی کە پڕبوو لە ئەفسانەو غەیبیات‌و حیکایەتی پرووپووچ ٠٠٠ بەڵام سوکرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە دابەزاندە سەر زەوی‌و ڕووی کردە مروڤ‌و دەروونی‌و کردەوەی‌و پەیوەندی لەگەڵ مروڤی ترا ، بۆیە سوکرات ئەو فەیلەسووفەیە کە میژووی فەلسەفە دابەش‌ئەکات بە دوو بەشەوە : فەلسەفەی بەر لە زەمانی خۆی‌و فەلسەفەی دوای خۆی ٠

فەلسەفەی تازە کە تومارکراوە لە سوکراتەوە دەستپێ دەکات ، بۆیە بە ماموستای فەیلەسووفان‌و باوکی فەلسەفە دەژمێردری ٠

بەر لەوەی باسی سوکرات‌و ژیانی بکەین پیویستە ئەوە ڕوون‌بکەینەوە کە سوکرات لە ژیانیا بیروڕای خۆی تۆمار نەکردووە لە کتیبەك‌دا ٠٠٠ بەڵکو سێ٣ سەرچاوە هەیە کە باسی ژیان‌و فەلسەفەو هەڵویستەکانی دەکات :

١ - گفتوگوکانی ئەفلاتوون کە باسی دەمەتەقی خۆی لەگەڵ ماموستا کەی‌ی سوکراتدا دەکات ٠

٢ - گسینوفون کە ئەدیب ونوو سەرو نیمچە فەیلە - سووفیکەو باسی سوکرات بەریز وحورمەتەوە دەکا چونکە زور خوشی - ویستووە ٠

٣ - شانوگەری «هەورەکا» ئە شاعیرەکی گالتەوگەپ وێزکاری‌و هەزەلی « ئەریستوفان نووسیوویەتی‌و گالتە وتیز دەکات بە بیروڕاکانی سوکرات ٠

بەڵام ماموستا ئەیلەر ( ) کە فەیلەسووفیکی ئینگلیزە پەنا ئەبات بو سەرچاوەیەکی‌تر : «بەسەرهانی فەیلەسووفەکان کە لە سەدەی دووەمی پاش زاین نووسراوەو بە وردی باسی سوکرات دەکا ٠

گومانی تیانی‌یە کە زور زانیاری‌و هەڵویستی ڕاست‌و ڕوون دەبیت بو لیکولەرەوە لەم سەرچاوانەدا ٠

لەم باسانەدا بومان دەرئەکەوی کە سوکرات فەیلەسووفەکی قووڵ‌و عەقلیکی مەزنی مروڤایەتی‌و ماموستایەکی ڕەوشت بەرزو ئازاو زیرەکەو بە گالتەوگەپ وتیزکاری دەزانی چون قسە بکات لەگەڵ قوتابی‌و نەیار « خصم »و گفتوگۆ کەرانی فەیلەسووفەکی میسالی پایە بەرزو خاوەن فیکرەکی ڕوحی‌و جەدەلی کە هەر دەم بەشیك‌بوو لە ژیانی پراکتیکی‌وئاکاری « اخلاقی » خوی ٠

سوکرات مروڤیك بوو کە بڕوای بە عەدالەت‌و قانون‌و خیرخوا مافو مروڤ‌و کردەوەی چاك هەبوو ٠

ئەم ڕوحە بەرزە لە سالی ٤٦٩ یاخود ٤٧٠ پیشی‌زاین لە دایك‌بووەو لە سالی ٣٩٩ واتە لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا محاکەمە کراوەو بە ژەهر نووشتن کۆچی دوایی کردووە ٠ باوکی سوکرات بەیەکەرتاشیکی شاری ئەسینا بوو دابکیشی مامانی دەکرد ، واتە لە خیزانەکی هەژارو دەستکورت بوو ٠

سوکرات ژباوە لەو سەردەمەی کە شاری ئەسینا پەرەی دەسەندو گەشە دەبووەو هەموو چەشنە هونەرو موسیقاو ئەدەب گەش دەبووە ، هەروها لەم سەردەمەدا شانوگەری‌یەکانی ئەسخیلوی‌و یورپیدس‌و سوفوکلیسی پیشکەش دەکران‌و پەرستگاو پەیکەرو هونەری نیگارکیشی شارەکەیان ڕازاندبووە وەك جوانترین پایتەختی جیهانی زەمانی خۆی ٠

سوکرات وەك باس دەکری ، مروڤەکی کورت‌و قەڵەوو چاو دەر پەریوو لووت پان‌و شەکل ناشیرین بوو ، بەڵام خاوەن عەقلیکی خودایی مەزن‌بوو ، هەر وەها سوکرات مروڤەکی ئازاد دلیرو بەجەرگ‌و بەتوانابوو ، لە لاویتی‌دا بەسۆز ودلگەرم‌بوو بەڵام هەمیشە پەنای بۆ عەقلە مەزنەکەی دەبرد لە هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی ژیان‌دا ٠ وەك سەربازەکی نیشتمان‌پەروەرو ئازا بەشداری کرد لە شەرری پۆتیدیا ٤٣١-٤٣٠ پ ، ولە ئابلوقەدانی شاری ساموس ٤٢٢ پ٠زداو لە کوژران رزگاری‌بوو ٠ سوکرات سەربازەکی نموونە بوو لە ئازایی، دلیری ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوتابی شەررهات گەرایەوە بۆ ئەسینا وویڵ‌بوو بە دوای لاوەکان تا بزانی بلەی زانست‌و فەلسەفە گەیشتووەتە کوێ ؟؟ لە تەمەنی ٤٠ ساڵی‌دا کە لە هەموو چەشنە زانست‌و زانیاری زەمانی خۆی «فیزیك، جوگرافیا ، کانزاو گیان‌لەبەرو ڕێزمان ٠٠٠٠ » پلەی خۆی بەرزکردبووە ، ژنی هێناو ٣ سێ کوری بوو ٠ دەلێن سوکرات دوو ژنی هەبوو ، بەڵام شتەکی یەقین‌و ڕاستی لەم بارەوە تاکید نەبووە ٠

لە پیری‌دا ، سوکرات هەڵبژێرا بو ئەندامیتی ئەنجومەنی پیران کە لە ٥٠٠ کەس پێك‌هاتبوو ٠ لێرە سوکرات وەك سیاسی‌و مروڤەکی سەربەست‌و ئازا ناودار بوو ، بیروڕا وارهاب‌و ترس یەك تۆز لە ریگای بیروڕاو ئاکاری « اخلاقی» لای‌ئەدا ، بەڵکو هەردەم ئامادەبوو ڕووبەڕووی زولم‌و زور وارهاب بوەستێ دیموکراتی یەکان‌و ئوروستوکراتی‌یەکان دەیان‌وبست زاڵ‌ببن بەسەر هەموو سووچەکی ژیان ، بەڵام سوکرات هیرشی بەسەریانا بردو ڕەسوای کردن لە بەردەم خەڵکا ، دیموکراتی - بەکان هەموو شتیان بە ژمارەو زۆری دەپێوێ ،واتە هەموو کەس یەکسان بوو لە لایان‌و گوی یان نەئەدا بە بیروڕاو هەڵویستی ڕاست‌و مروڤی بەتواناو بێ‌توانا یەك‌بوو لە لایان٠٠٠ واتە قەدرو نرخی بیلمەت زیرەکیان لە لا نەبوو ، واتە دیموکراتی‌یەکانی ئەوسا ناوو کردەوەیان بەکیان نەدەگرتەوە ٠

● ماویەتی ●

Institut Kurde de Paris

به درێژایی مێژوو فارسه‌ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌کان

ژایه‌تی گه‌لی کوردیان کردوه

ئیسماعیل خانی شکاك «سمکۆ»

جلال ملا حسن خوشناو

دوای دانانی ڕه‌گه‌زپه‌رستی فارسی (عبدالله طهماسبی) به‌والی ئازربایجان ده‌ستده‌کات به پیلانگێڕان بۆ له‌ناوبردنی قاره‌مانی کوردستانی ئێران سمکۆ له‌سه‌ر داخوازی ئاغایانی له‌تاران ...

والی ئازربایجان له یه‌کم هه‌نگاودا ئامه‌یرك بۆ سمکۆ ده‌نێرێ به هۆی سه‌رهه‌نگ (عباس خان) له دواییدا داوای دیده‌نی سمکۆ ده‌کات، له یه‌کێ له کوێستانه‌کانی نزیك شاری شنۆ ، له‌و دیده‌نی‌یه دڵسۆزی‌و ڕێزی ئاغایانی تارانی پێ ده‌گه‌ینێ‌و داوای لێده‌کات که بگه‌ڕێته‌وه سه‌ر شوێن‌و جێگای خۆی .

پاش گه‌ڕانه‌وه‌ی سمکۆ بۆ جێگای خۆی والی ئازربایجان داوا له سمکۆ ده‌کات که بێته شنۆ بۆ دیده‌نی میری له‌شکر .

سمکۆ بۆ دیده‌نی میری له‌شکر ده‌چێته شاری شنۆ له‌گه‌ڵ چه‌ند سه‌ڕۆك هۆزی تری کورد . کاتێ سمکۆ‌و هه‌فاله‌کانی ده‌گه‌نه شاری شنۆیێ فارسه ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌کان سه‌رباز‌ێکیان ده‌نێرن بۆ لای سمکۆ ، پێی ده‌ڵێن ئه‌مڕۆ میری له‌شکر نایه‌ت ، به‌یانی زوو ده‌گاته شاری شنۆیێ . به‌م جۆره سمکۆ‌و هه‌فاله‌کانی ده‌مێنه‌وه بۆ به‌یانی .

فارسه ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌کان به نه‌هێنی سه‌رای شنۆیێ پر له سه‌رباز ده‌که‌ن بۆ جێبه‌جێکردنی پیلانه گلاوه‌که‌یان له پێشوازی کردنی سمکۆی قاره‌مان‌و هه‌فاله‌کانی .

ڕۆژی دوایێ سه‌رله‌به‌یانی سمکۆ‌و هه‌فاله‌کانی ده‌چن بۆ دیده‌نی میری له‌شکر له‌ناو سه‌رای شنۆیێ له‌ناکاوا دایانده‌گرنه به‌ر ڕێژنه‌ی گوللە‌و شه‌ستیر له ئه‌نجامدا چه‌ند قاره‌مانێك شه‌هیدو بریندار ده‌کرێن به ده‌ستی چه‌په‌ڵی فارسه ڕه‌گه‌زپه‌رست‌و ڤاشسته بێ‌ئابروو‌ه‌کان له به‌ڕواری ١٩٣٠/٦/٢٢ .

ناوی چه‌ند شه‌هیدێك :ـ

١ ـ ئیسماعیل خانی شکاك (سمکۆ) .

٢ ـ خورشید صادق ئاغای هه‌رکی .

٣ ـ مروان ئاغای گه‌ردی .

٤ ـ محه‌مه‌دئه‌مین ئاغای گه‌ردی .

٥ ـ عبدالله هه‌رکی پیاوی خورشید ئاغایه‌و به عبدالله چایچی به‌ناوبانگه .

ناوی چه‌ند بریندارێك :ـ

١ ـ فه‌تاح ئاغای هه‌رکی

٢ ـ ئیسماعیل خورشید ئاغای هه‌رکی .

٣ ـ نعمت ئاغای هه‌رکی .

٤ ـ کریم‌خان ئاغای خه‌یلانی .

٥ ـ بابه‌که عیسی به‌کری شکاك .

٦ ـ فه‌رخه‌ی هه‌رکی .

٧ ـ عزیز بێبوی هه‌رکی .

ده‌قی ڕووداوه‌که به سێران

لێدایێ لێدایێ لێدایێ شه‌ره‌کا قه‌ومی له شنۆیێ وێران برا چ مه‌زنه ، ئه‌ورۆ ئه‌مڕێ تارانێ هاتی‌یه بۆ قوماندارى شنۆیێ له نۆێژی مه‌غریبێ به ئوتومبیلا ئاغاوۆ عه‌سکه‌ران خۆ هینا بنه .

بابی خه‌سرۆ به‌سێ ده‌نگا گاز دکا بابێ فه‌یسه‌ل ئه‌ورۆکه ده‌ست هه‌رینه جوابه‌کی ببه‌ن عه‌شیری عه‌بدۆیا ئه‌ورو هاتمه کوشتنێ دانێن شونا من خه‌سرۆ زارویه ئاغاوۆ جێ‌منه لێدایێ محته‌به‌ری ڕه‌به‌نی گولێزاری نه‌مایێ مراری‌ێ ڕه‌به‌نی ، نۆێژی مه‌غریبێ ده‌نگی سێ تیران‌و مه‌ته‌ڵۆزان ئاگر به‌ردا وێ دنیایێ که‌سی خێرخواز نه‌بو جوابه‌کی ببا عه‌شیری عه‌بدۆیا پاشی بابێ خه‌سرۆ تۆوێ عه‌گیدان له مه‌قه‌لیا لێ‌که‌س نه‌ما له دنیایێ ئه‌زێ ده‌حه‌یفا کوشتنێ بابێ خه‌سرۆ نیمه شایی‌و گوفنده له‌ناو عه‌جه‌مێ ....

لێدایێ لێدایێ لێدایێ محته‌به‌ری ڕه‌به‌نی گولیزاری نه‌مایێ مراری‌ێ دێرانی ده‌ستی بابێ خه‌سرۆ ناگری داری سێ‌تیری پاکه‌تێ بافیته ناوێ ، له نۆێژی مه‌غریبێ ده‌نگی سێ تیران‌و مه‌ته‌ڵۆزان ئاگر به‌ردا وێ دنیایێ که‌سی خێرخوازنه‌بوو جوابه‌کی ببا سواری عدۆیا پاشی بابێ خه‌سرۆ بابێ فه‌یسه‌ل تۆوێ عه‌گیدان له‌مه قه‌لیا مێرچاك نه‌مان ئاغاو له دنیایێ . ئه‌زێ ده‌حه‌یفا کوشتنێ بابێ خه‌سرۆ بابێ فه‌یسه‌ل نیمه ئه‌ورۆ شایی‌و گوفنده له‌ناو عه‌جه‌ما ....

لێدایێ لێدایێ لێدایێ ئه‌ورۆشه‌ره‌کا قه‌ومی له شنۆیێ وێران برا له ده‌شتی‌دا ئه‌ورو ئه‌مڕێ تارانێ هاتی‌یه بۆ قوماندارى شنۆیێ له نۆێژی مه‌غریبێ به ئوتومبیلا ئاغاوۆ عه‌سکه‌ران خۆ هینا بنا ، ئه‌زێ ده‌حه‌یفا کوشتنێ بابێ خه‌سرۆ بابێ فه‌یسه‌ل نیمه ، مێر چاك هاتنه کوشتنێ ده‌بۆسێدا .

لێدایێ لێدایێ لێدایێ شه‌ره‌کا قه‌ومی له سه‌رای شنۆیێ وا به‌ده‌رگه‌یه سه‌حه‌رێ زوو له شکرێ بابێ خه‌سرۆ له‌گه‌ڵ بابێ فه‌یسه‌ل ڕاوه‌ستا له شنۆیێ واغاوۆ به‌ڕێزه‌یه .

سمایل ئاغا به‌سێ ده‌نگا گاز دکا خورشید بابێ فه‌یسه‌ل ئه‌ورو ده‌ست هه‌لینانه‌کێ بکه ئه‌ورو هاتی‌یه فه‌رمانێ سه‌رێ من‌و ته‌یه ..

تێ‌بینی

١ ـ ئه‌م لاوکه له لایه‌ن هونه‌رمه‌ندی خوا لێخۆش بوو (کاوێس ئاغا) ووتراوه ،منیش له کاسێت وه‌زم‌گرتوه .

په‌راوێزو فه‌رهه‌نگۆك :

١ ـ محته‌به‌ر : خێزانی جه‌وهه‌ر ئاغای شکاکه ، جه‌وهه‌ر ئاغا برای سمکۆیه فارسه ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌کان له ته‌ورێز شه‌هیدیان کردوه .

٢ ـ گولیزار : کیژێ جه‌وهه‌ر ئاغایه .

٣ ـ مراری : خێزانی خورشید ئاغایه .

٤ ـ مه‌ته‌ڵۆز : ڕه‌شاش .

٥ ـ عه‌بدۆی : تیره‌یکه له هۆزی شکاك که سمکۆ له مه‌مان تیره‌یه ..

سه‌رچاوه‌کان :

١ ـ کورد ڕمزی قزاز .

٢ ـ مجید نوره‌دین ئاغا هه‌رکی ته‌مه‌نی ٥٣ ساله .

٣ ـ بایزید صادق شکاك ته‌مه‌نی ٥٥ ساله .

ئافره‌ت‌و خێزان

ئافره‌ت وکه‌له‌پوور

د. کوردستانی موکریانی

یه‌کێك له پێوانه‌کانی باری که‌سیه‌تی ئه‌ته‌وه‌و ڕاده‌ی بووژانه‌وه‌ی بۆ که‌له‌پووردە‌گه‌ڕێته‌وه‌و بایه‌خدان به ئافره‌ت له به‌رهه‌می که‌له‌پووری‌دا نیشانه‌ی پێشکه‌وتنی ئه‌م میلله‌ته‌یه . ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ له بڕێتی ئه‌وه‌ی بۆ پێش خستنی خۆی‌بیری ده‌ره‌وه بخوازێت‌و ناواخنی بیری خۆمانی بکات‌پێویسته به پێچه‌وانه بیر له که‌له‌پووری خۆی هه‌ڵبێنجێ‌و بۆ ڕۆشنبیری‌و که‌ڵچه‌ری ئه‌مڕۆی سوودی لێ‌وه‌رگرێت

ئێمه له بڕێتی ئه‌وه‌ی بیری ڕۆمان‌و چیرۆك‌و شانۆگه‌ری له بێکه‌نه بخوازیێ‌و لاساییان بکه‌ینه‌وه ، با ئاوڕێك له ڕابوردووی خۆمان بده‌ینه‌وه‌و پشتمان پێوه‌ی ئه‌ستوور بێت‌و به به‌ردی بناخه‌ی ئه‌مڕۆمانی دابنێین ، چونکه تێکسته کۆنه‌کانمان پڕن له بیری ده‌وله‌مه‌ندی هۆشیارانه که له‌نێو داستان‌و چیرۆك‌و هۆنراوه‌و نه‌خش‌و نیگارو ئاینه‌وه خۆیان نواندووه‌و ده‌نگی ئافره‌تیان تێدا به‌رزبۆته‌وه . با له‌سه‌ر شانۆ له‌پاڵ نواندنی مه‌م‌وزین‌و مه‌مێ ئالان‌و شیرین‌وفه‌رهادو خه‌ج‌وسیامه‌ندو لاس‌وخه‌زال‌و ده‌یان کێشه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی هاوچه‌رخانه‌ی دی بخه‌ینه‌ڕوو سه‌رده‌مانه بیان‌نوێنین‌و ڕۆلی ئافره‌ت‌و ته‌نگ‌وچه‌له‌مه‌ی به‌دیارخه‌ین‌و له‌چاره‌سه‌ری بگه‌ڕێین . ده‌با تابلۆی هۆنه‌رمه‌نده ـ کانمان به‌م ڕووداوو به‌سه‌رهاتانه برازێنه‌وه‌و به ڕه‌نگه‌کانیان وه‌نه‌بێ هه‌ر وێنه‌ی ڕووکه‌شی ده‌ره‌وه‌ی ئافره‌ت به ئاڵ‌و والایی بکێشن‌و هه‌ست‌و ده‌ڕوونی ده‌رنه‌برن ، به‌ڵکو ده‌بێ وێنه‌کانیان ده‌نگدار‌ێن .

ئه‌گه‌ر ویستمان له به‌ڵگه‌یه‌ك‌و گه‌واهی‌نامه‌یه‌کی ڕه‌سه‌ن بگه‌ڕێین ، که جیاوازی که‌سیه‌تی ئه‌ته‌وایه‌تی نێوان چه‌ند کۆمه‌ڵێك پێشان‌بدات ، ئه‌م بروانامه‌یه‌و گه‌واهی‌نامه له جیاوازی باری ئافره‌ت له‌نێو کۆمه‌ڵه‌و یاسایانی ئه‌و کۆمه‌ڵانه‌دا پێشانی ده‌درێن، بۆ وێنه له‌نێو لیسته‌ی پاشایانی سۆمه‌ری‌دا چاومان به‌ناوی ژنێك ده‌که‌وێت (کوربار) ، که له شاری کیش له نێوه‌ڕاستی هه‌زاره‌ی سێ‌ی پێش زایین‌دا فه‌رمان ڕه‌واسی کردووه‌و په‌کێك بووه له ئه‌ندامانی گه‌ڵ‌و هه‌روا ناوی (بریگ میداشۆ)ی ئافره‌تیشمان وه‌کو فه‌رمان ڕه‌وایه‌کێك به‌رچاوده‌که‌وێت .

ئافره‌ت له کۆمه‌ڵگه‌ی سۆمه‌ری‌دا پله‌یه‌کی باشی هه‌بووه‌و ئه‌ندامێکی کاریگه‌ری سه‌ربه‌ست‌بووه‌و مافی خاوه‌نیه‌تی‌و کارکردنی سه‌ربه‌ستی هه‌بووه‌و له‌گه‌ڵ هاوسه‌ریشی‌دا هاوبه‌شی لێپرسراوی کردووه‌و ده‌نگی به‌شداربوون‌و نه‌بوونی ئه‌ندامانی دی خێزانه‌که‌یان له‌نێو مالی خۆی‌دا هه‌بووه . ئه‌م جۆره باره‌ی ئافره‌ت گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌ی نرخداری مرۆڤه جا له هه‌ر چ کاتێك‌و شوێنێکدا بێت .

له دێر زه‌مانه‌وه بایه‌خێکی زۆر به ئافره‌ت دراوه‌و ئه‌وه‌ش له‌و تێروانینه هاتووه ، که سه‌رچاوه‌ی پیت‌و به‌ره‌که‌ته بۆ وێنه په‌رستنی (خوای دایك) له ناوچه‌ی کوردەواری‌دا به کۆنترین په‌رستن ده‌ژمێردرێت‌و پاشماوه دۆزراوه‌کانی گوندی (چه‌رمۆ) ، که ده‌که‌وێته نێزیك چه‌مچه‌ماڵه‌وه له‌ڕای ڕۆژهه‌ڵاتی که‌رکووکه‌وه گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌ی ئه‌م جۆره په‌رستنه‌ن‌و کرده‌وه‌ی زاوزێ‌بوون ، له‌ڕای مرۆڤی ئه‌وسا هۆیه‌که‌ی هێز ڕوون نه‌بووبۆوه‌و به پیشه‌ی ژن له قه‌ڵه‌م دراوه‌و بۆیه له سه‌ره‌تادا ئه‌و خوایانه‌ی بۆ ئافره‌تیان‌کردووه به زه‌وی ناسراون ، چونکه پیت‌و به‌ره‌مه‌می خاك‌وخۆڵ جۆرێکن له هاتنه دنیاوه‌و بۆ به‌ره‌هه‌م‌هێنانێکی تازه هه‌ر وه‌کو ژن .

بۆ زانینی باری ئافره‌ت له سه‌رده‌مانی کۆنه‌وه تا ئه‌مڕۆ پێویسته ئاوڕێك له‌و که‌وه‌ستانه بده‌ینه‌وه ، که ده‌بنه سه‌رچاوه‌ی لێکۆڵینه‌وه له‌و باسه گرنگه‌ی ، که کۆمه‌ڵی ئێمه پێویستیکی زۆری پێیه‌تی ، که‌ره‌سته‌کانیش په‌یکه‌ری خوایانی کۆن‌و ئه‌فسانه‌و داستان‌و چیرۆکی کورت‌و په‌ندو نیگاری جۆراو جۆر ده‌گرنه‌وه ، که له به‌شه‌کانی داهاتوودا هه‌وڵ ده‌ده‌م بابه‌تانه یه‌ك یه‌ك شوێنی ئافره‌تیان تێدا ده‌ست نیشان بکه‌م .

ماویه‌تی

شۆڕشی ته‌موز

ئافره‌ت له گێڕاوی ڕواکه‌وتن ڕزگار کرد

نووسینی : سکینه منصور حسن

دوای خۆگرتنی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی ته‌موزو سه‌رکه‌وتنی به‌سه‌ر هه‌موو جۆره هێزه‌کانی دواکه‌وتن، جۆره‌ها کۆڕانکاری له وڵاتدا ئه‌نجام درا ، که بواره‌کانی کۆمه‌ڵایه‌تی‌و شارستانیه‌تی‌و ته‌کنۆلۆجیای گرته‌وه ، بێ‌گومان ئه‌و کۆڕانکاریانه که له ئه‌نجامی هه‌وڵ‌و ته‌قه‌للای هاوڵاتی عێراقی به پیاوو ئافره‌ته‌وه وه‌دی هاتن بوونه هۆی بۆژانه‌وه‌ی لایه‌نه ئابوریه‌کان ، له‌م کۆڕانکاریانه‌دا ده‌وری ئافره‌ت جێگای شانازی بووه. له ڕاستیدا ، پێش شۆڕش ، ئافره‌ت له گێژاوی دواکه‌وتن مابووه‌وه وبه چاوی بێ‌بایه‌خی سه‌یری ئه‌کراو ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ی پێ‌نه‌درا بوو که بتوانێ وه‌ك ئه‌ندامێکی ئه‌م کۆمه‌ڵه خزمه‌تی نیشتمان بکات چونکه تیوره‌کانی کۆنه‌په‌رستی که ئه‌بوایه ئافره‌ت ته‌نیا بۆ کاروباری نێو ماڵ پێ به‌سه‌ر ئه‌قڵێ ئه‌و ساکه‌دا زاڵ بوو بوو ..

به‌ڵام که شۆڕش سه‌رکه‌وت‌و ڕه‌گ‌و ڕیشه‌ی کۆنه‌په‌رستی ده‌رکرد به‌سه‌ر ئه‌م لایه‌نه‌شدا زاڵ‌بووو ئافره‌تی خسته‌ڕه‌و شوێنه‌ی که لایه‌قیه‌تی چونکه هه‌وڵ‌و خه‌باتی ئافره‌ت له پته‌وکردنی ڕێبازی پێشکه‌وتندا هێجی له پیاو که‌متر نیه‌و به‌ڵگه‌شمان بۆ ئه‌م باسه ماوه‌ی سێ ساڵێ شه‌ره دژی ڕژێمی گه‌مژه‌ڵێ خۆپه‌رست له ئێراندا که ئافره‌ت دلێرانه که‌وته مه‌یدانی خه‌باتێکی سه‌خت‌و ، توانی ده‌وری خۆی له‌م بارو زرووفه‌دا بچه‌سپێنێ ...

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ستراتیجیه‌تی شۆڕشی ده‌رباره‌ی ئافره‌ت ستراتیجیه‌تێکی تایبه‌ته‌و له بیرڕاوه‌ڕی نه‌ته‌وه‌یی‌و سوشیالیستی‌و مروڤایه‌تی پارتی به‌عسه‌وه هه‌ڵفوڵاوه که ئافره‌ت له زنجیرو کۆته‌و به‌ندی بیروباوه‌ڕی کۆنه‌په‌رستی ڕزگارکرد که له لایه‌ن ڕژێمه بۆگه‌نه دواکه‌وتوه‌کانی سه‌رده‌می دیکتاتۆریه‌تی به‌سه‌ر وڵاته‌که‌ماندا فه‌رز کرابوو .. به‌ڵام که پارتی سه‌رکرده پارتی به‌عسی سوشیالستی عه‌ره‌ب ڕابه‌رایه‌تی حوکمی عێراقی که‌وته ئه‌ستۆ بێگومان ئه‌م لایه‌نه‌ی فه‌رامۆ نه‌کردو ویستی گۆڕانێکی ته‌واو ده‌رباره‌ی ئافره‌ت به ئه‌نجام بدات‌و ئافره‌ت به هۆیه‌کی سه‌ره‌کی‌ی پێشکه‌وتنی وڵات دابنێ هه‌روه‌ك سه‌ڕۆك صدام حسینی به‌ڕێز ده‌ڵێ :ـ

ڕزگارکردنی ئافره‌ت له کۆت‌و زنجیری کۆنه‌په‌رستی که له‌سه‌ر ده‌مه‌کانی ڕه‌شی کۆنه‌په‌رستی به‌سه‌ریادا فه‌رزکرابوو ئامانجێکی مه‌لبه‌ندی‌ی سه‌رکردایه‌تی‌ی پارت‌و شورشه‌و ئافره‌ت که نێوه‌ی کۆمه‌ڵه ئه‌گه‌ر هوشیارو زاناو زیره‌ك نه‌بێ بێگومان کۆمه‌ڵێش دواکه‌وتو ژێر ده‌سته ده‌بێ) که‌وانا ڕزگار بوونی ئافره‌ت له نه‌رێتی کۆن له ئامانجه جه‌وهه‌ریه‌کانی پارتی به‌عسه .

بایه‌خ دانی سه‌رکردایه‌تی‌ی پارت‌و شورش به ئافره‌ت‌و ده‌وری پڕ له شانازی‌ی ئافره‌ت‌و دابین کردنی مافه‌کانی مانای ڕێزلێنانی ئافره‌ته که له ماوه‌ی ته‌مه‌نی شورشداو به‌تایبه‌تی له ماوه‌ی جه‌نگدا ته‌واو توانای ئافره‌تی دووپات کرده‌وه .. وه ئافره‌تانمان له هه‌موو بواره‌کانی خزمه‌تگوزاری‌و پێشکه‌وتنی وڵاتدا نکۆڵی ده‌وریان ناکرێت که له میانی کاری پزیشکی‌و ئه‌ندازیارێنی‌و کاروباری ئابوری‌و فێرکردن‌و ، کارگه‌و بنکه‌پیشه‌سازیه‌کاندا ئه‌نجامی داوه... له مانه‌ش زیاتر مافی ده‌نگدان له هه‌ڵبژاردنا وه هه‌روه‌ها مافی خۆهه‌ڵبژاردنیا بۆ ئه‌ندامایه‌تی‌ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمان‌و ئه‌نجومه‌نی یاسادانان‌و ڕاپه‌راندن ... جگه له مه‌شق‌پێ‌کردن له‌سه‌رچه‌ك‌و هاوبه‌شی کردن له سوپای میللی‌و تیمار ـ کردنی بریندارە‌کانی شه‌ری قادسیه‌ی صدام ... له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا وایکه‌و ئیش‌و کاروباری ماڵه‌وه به‌ڕێوه ئه‌بات ...له هه‌موو جیهانا ئازایه‌تی و زیره‌کی ئافره‌ت عیراق ده‌نگێ دایه‌وه .

ڕیانی ڕابواردن وخه‌یاڵی فراوان

منداڵ‌و یاری هاوده‌می‌یه‌کن ، کاتێك قۆناغی منالیه‌تیت بیر ده‌که‌وێته‌وه ،وێنه‌ی ئه‌و یاری‌و هاوڕێ‌و ئه‌و شوێنه کۆنانه‌ی یاریت‌تێدا ده‌کرد ، دێته‌وه یادت ..

هه‌روه‌ها یاری ده‌وڕێکی گرنگی له ژیانی منداڵ‌و پێ‌گه‌یاندنی ده‌نوێنێ‌و کارێکی گه‌وره ده‌کاته سه‌ر پله‌و قۆناغی په‌روه‌رده‌کردن‌و لێکۆڵینه‌وه‌ی که‌له‌پور ، که به به‌کێك له قۆناغه‌کانی ته‌مه‌ن ده‌ژمێردرێت ، که‌وا مرۆڤ تێیدا تێده‌په‌ڕێت‌و تا دوا ژیانی‌دا له بیری ناچێته‌وه‌و هه‌میشه به سۆزه‌وه باسی ده‌کاو ئه‌یگێڕێته‌وه یاری منداڵ له‌و وڵاتانه‌ی شت‌و مه‌کی یاری کردن به‌رهه‌م ده‌هێنن ده‌که‌وێنه ژێر مواسه‌فات‌و لێکۆڵینه‌وه‌و پێوانه‌یه‌کی تایبه‌تی‌یه‌وه‌و قه‌ده‌غه‌ی ئه‌و یاری‌یانه ده‌که‌ن که‌وا گۆشه‌کانی تیژن یاخود که‌ره‌سته‌ی ڕه‌ق‌و لاستیکی بریندارکه‌ر دروست‌کرا بێ ئه‌ویش بۆ دابین‌کردنی ساغ‌و سه‌لامه‌تی منداڵان به تایبه‌تی هه‌موو کاتێکیان هه‌ر به یاری کردن ده‌به‌نه سه‌روپێوه‌ی خه‌ریك‌ده‌بن‌و هه‌میشه ئه‌و یاری‌یانه وه‌به‌رهه‌م ده‌هێنن‌و هانی به‌رهه‌م هێنانی ده‌ده‌ن که‌وا له که‌رسته‌ی لاستیکی ئه‌رم دروست‌کرابێ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا زوو ناشکێن‌و منداڵ به ئاره‌زووو به په‌رۆشه‌وه یاری پێ‌ده‌کات .

بازاریش پڕه له هه‌موو چه‌شنه بارێکی منداڵانه‌ی هه‌مو جۆرو له هه‌موو ڕۆژێکدا کارگه‌کان هه‌زاره‌ها هه‌مه جۆری یاری ده‌خه‌نه بازار هه‌روه‌ها پیشانگاکانمان به جۆرێکی وا یاری‌یه‌کان ده‌خه‌نه به‌رچاو سه‌رنجی منداڵان ڕابکێشێت‌و باوك‌و دایکیان له به‌رده‌م ئه‌و پێشانگانه ڕاده‌وه‌ستێنن .

× یاری منداڵ زوو ده‌شکێت‌و ته‌مه‌نی زۆر کورته‌و ده‌ڤه‌وێت ئه‌مه‌ش وا له منداڵ ده‌کات که له سه‌ر کڕینی یاری هه‌مه چه‌شنه به‌رده‌وام بێت ئه‌گه‌ر بێتو هه‌موو ڕۆژێك یاری تازه بخرێته بازاره‌کانی ئه‌مه وا له منداڵ ده‌کات سه‌رنجی ڕابکێشێت ، ئه‌مه‌ش ئاره‌زووی شت وه‌رگرتن (التملك) له لای زیاتر ده‌کات‌و هه‌ر یاری‌یه‌کی نوێ‌ی به‌رچاو بکه‌وێت ، بیکڕێت ، هه‌روه‌ها یاری‌کڕین نوێ‌ی به‌رچاو بکه‌وێت، بیکڕێت ، هه‌روه‌ها یاری‌کڕین بارێکی گرانه به سه‌ر شانی دایك‌و باوك ، بێ‌گومان .. باوك‌و دایك ده‌یانه‌وێ ئاره‌زووی جگه‌رگۆشه‌کانیان ڕازی بکه‌ن‌و دڵیان نه‌شکێنن ..

ئێمه ناچارین ئاره‌زوویان دابنێین بکه‌ین به‌ڵام ده‌توانین سنووری بۆ ئه‌م ئاره‌زووه دابنێین له ڕێگه‌ی هه‌ڵبژاردنی ئه‌م یاری‌یانه که لێپرسینه‌وه‌یه‌کی په‌ره‌وه‌رده‌یی گه‌وره‌یه کار ده‌کاته سه‌ر پێ‌گه‌یشتنی منداڵ ، هه‌روه‌ها ده‌بێ ته‌مه‌نی منداڵه‌که له‌گه‌ڵ چه‌شنی یاری‌یه‌که بگونجێت، منداڵی یه‌ك ساڵی پێویستی به‌و که‌ره‌ستانه هه‌یه که‌وا ڕه‌نگاو ڕه‌نگ‌و نه‌رم‌و نۆڵ‌بن بۆ ئه‌وه‌ی ئازاری نه‌دات‌و هه‌میشه ددان‌و ماسۆڵکه‌کانی ده‌ستی‌و جوڵانه‌وه‌ی په‌نجه بچکۆله‌کانی به‌هێز بکات ، هه‌روه‌ها یاری به نرخه‌که‌ی هه‌ڵناسه‌نگێنرێت له‌وانه‌یه بچووك بێ به‌ڵام هه‌رزانیش بێ‌و سوودێکی گه‌وره‌ی هه‌بێ بۆ پێویستی ته‌مه‌نی منداڵ ، له‌وه‌ش گرنگتر منداڵ مه‌شقی پێ‌ده‌کرێت‌و ڕاده‌مێنرێ چۆن یاری‌یه‌که به کاربهێنێ چونکه سه‌رنه‌که‌وتن له به‌کارهێنانی وای لێده‌کات توڕه بێ‌و بیشکێنێ‌و پشت‌گوێ بخات به تایبه‌تی خێر ده‌کرێت‌و مه‌شقی‌پێ ده‌کرێت بۆ نموونه له کاتی پێکهاتنی ووشه‌کان له پیتی جیا جیا یاخود وێنه‌ی ئاژه‌ڵه‌کان‌و شێوه جۆر به جۆره‌کان که‌وا به شێوه‌ی پارچه پارچه‌یه‌و به‌کخستنه‌وه‌یان که له دواییدا ده‌بێته تابلۆیه‌کی ته‌واو بۆ منداڵ .

لێره‌دا خوشك‌و براو باوك هۆیه‌کی سه‌ره‌کین له فێرکردنی منداڵ بۆ ئه‌وه‌ی منداڵ بتوانێ شته‌کان شی‌بکاته‌وه‌و پێکیان ببه‌ستێته‌وه ئه‌مه‌ش که‌مه که‌مه پێش ده‌خرێت‌و په‌ره‌ده‌سێنێت وه‌کو باری سێ‌گۆشه‌کان ئه‌ویش ده‌بێ له‌گه‌ڵ ته‌مه‌نی منداڵ‌و تێ‌گه‌یشتن بگونجێت ، منداڵیش په‌یوه‌ندی به یاری‌یه‌که‌یه‌وه په‌یدا ده‌کاو خۆی پێوه خه‌ریك ده‌کات، هه‌ر چه‌ند بتوانێ زیاتر شاره‌زای ناوه‌ڕۆکی یاری‌یه‌که‌ی ببێت‌و بزانێ چی ده‌که‌یه‌نێ ، په‌یوه‌ندی به‌و یاری‌یه زیاتر ده‌بێ‌و حه‌زده‌کا هه‌میشه پێوه‌ی ڕابوێری .

سمیره محمد علی
ئامادەی کردووه

Institut kurde de paris

«هاوکاری» لە دەزگای گشتی خانووبەرە

ئەوەی کە لە هەمووشتێ لەبەغدای جواندا بەبەرچاوەوە بێت ئەو خانوە گەورەو بالاخانە جۆربەجۆرانەیە کە لەم ماوەی دواییەدا بە پێی پێشکەوتنی ژیان لەهەموو زەمینەیەکدا درووست کرانو ئەمەش بەگوێرەی گونجان بوو لەگەل ئەوپێشکەوتنی شارستانیەتی نوێیە بەجۆرێك کە ئەم جۆرە خانوانە بتوانن لە رووی تەندروستیو ئابووریو پەیوەندی کۆمەلایەتییەوە کەلك بەخش بن ٠

ذکریات محمد

ئەوەی سەرنجی راکێشام پێش چەند رۆژێ مەزات کردنی کۆمەلە خانوی نیشتەجێی بوو کە چۆن هاوولاتیان تێکڕژاون بۆ ئەوەی بەشداری مەزات کردنەکە بکەنو تا دەستەیە ژوری خۆشو بێدەنگو کۆکیان دەسکەوێ ٠

لێرەدا بەکاربەدەستێکی دەزگای گشتی خانوو بەرە گەیشتم بۆ ئەوەی ئاگاداری پرۆژە نیشتەجی یەکانمان بکاتو تێمان بگەیەنی کە دەزگاکە لەم کارەدا چ دەورێکی هەیە ٠

ـ وتی : دەوری دەزگای گشتی خانووبەرە چارەسەرکردنی گیروگرفتی خانووبەرەیە ٠ لەگەل ئەوەشدا کە چاودێری ئەوەی کە سەرەتابەکی راستەقینەیی بۆدانانی بنەرەتەکانی سەرلەنوێ درووستکردنی کەرتی خانووبەرە لەماوەی بیست تردا واتە تا ساڵی (٢٠٠٠) ٠٠ لێرەدا ئەوتەقەللا بەردەوامانەی کە شانبەشانی کاری ستراتیژی گونجاو بەپێی بەپیرەوچوونی خواستی خانووبەرە بوونو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکەوە لەرۆژی ئەو ستراتیژیە گەلی جۆر خانووبەرەی لە شارو دیهاتەکاندا گرتەوە کە بووە هۆی پەیداکردنی خانوو بۆ هاوولاتیان ٠

دەزگای کشتی خانووبەرە لە ناوچەی سەروو ناوەراستو خوارو سێ مەنشەئەی هەیە کە کاریان راپەراندنی پرۆژەکانی خانووبەرەیە ٠٠ ئەمە بێجگە لە مەنشەئەی گشتی خانووی دیهاتی کە راپەراندنی خانوبەرەی دیهاتی یەکانە ٠

● ئەو پرۆژانە چین کە تەواوبوون ؟

● بە پێی رێدانانی بەرێز سەرەکی ئەرمانده صدام حسین دەزگاکە بە هاریکاری لەگەل بەرێوەبەرێتی یەکانی تر لەشاری صدام بەشی زۆری کاری پرۆژەی نیشتەجێی تەواوکردووە لەمەش دوو هەزار شوقەی نیشتەجێیە بەو خواستە ویستراوانەی کە هەنو کاریش هەرئەکرێ بۆ تەواوکردنی پرۆژە گەورەکە ٠

هەروەها پرۆژەشی هەن تەواوبوون بەسەر هاوولاتیاندا دابەش کراون ٠ ٠ لە زەیونە (٢٠٣٧) شوقەو لە سیدیە (٢٤٠٠) شوقەو لە شاری صدام (١٦٣٠) شوقە تەواوکراونو دابەش کراون٠

● لەپارێزگاکانی سەرو پرۆژەی خانووبەرە هەیە ؟

● لە هەمو پارێزگاکاندا هەیە ٠٠ لە سلێمانی (٣٧٢) شوقە تەواوبوونو دابەشی کراونو لە هەولێر (٥٥٢) شوقەو لە دهۆك (٤٢٤) شوقەو لە کەرکوك (١٢٠) شوقەو (٢٥٢) شوقەش خەریکن تەواونەبنو بەشی زۆری ئەمخانوانەش سێ نهۆمن ٠

● ئەتوانی باسی پرۆژەی ژمارە (١٠)ی کەراده مریەممان بۆ بکەین ؟

● پرۆژەی ژمارە (١٠)ی کەراده مریەم بەگەورەترین پرۆژە دانەنرێ کە دەزگاکەمان چاودێری ئەکات و بریتیە لە (٢٣٠٠) شوقەو راستیەکەشی رووبەکی شارستانی جوان بۆ بەغدا پەیدائەکات و کە لەسەرپانتایی (٣٦٠) هەزار مەتری چوارگۆشەیی درووستکراونو پرۆژەیەکی نایابی ولات ئەبێو ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ هونەریو کریکارانی عیراق کە لە کاتی شەردا راپەراندنو پرۆژەکە لە (٣٤) بالاخانەو دوو جۆرە شوقە پێکدێ یەکەمیان (١٠٢) مەتری چوارگۆشەییو دووەمیان (١١٧) مەتری چوارگۆشەییەو هەروەها خانووبەرەی رۆشنبیریش هەن وەك دایەنگەو باخچەی ساوایانو دوو قوتابخانەی ناوەندی کچانو کوران و مەموو شتێکی پێویستیان هەیە ٠

● نایا مەرجی تایبەتی بۆ دابەش کردنی شوقەکان هەیە ؟

● مەرجی دەستنیشان کراو هەن بەسەر ئەوانەدا کە لە کەرتی سۆشیالیستیو تێکەلاونو ئەمەش بەپێی حسابی قەرزوەرگرتنە ـ یان بان لە بانکی عەقاری قەرزکردنەو ئەم جۆرە مەرجانەش مولکایەتی زەوی یان خانووەکە وای لێ دێ بەشی میری بەسەرەوە نامێنێ و ئەمەش بە پێی ساڵی خزمەتو ژمارەی خێزانو مانگانەکەی ٠

سەرکەوتن هەمیشە بۆ گەلی عێراقە

هێمن اسماعیل

دوای گۆربەگۆر کردنی رژێمی شای بۆگەنو چۆلبوونی ئێران لە کەسێك ، کە بەرژەوەندی سەهێونیزمو ئیمپریالیزمەکانی لەبەر چاوبێ ، ناچار ئیمپریالیزمی جیهانی دوای گەرانێکی زۆر بەدوای یەکێکی لەبار بۆ ئەم جۆرە کارە گرنگانە ، لە خومەینی زیاتر کەسێکی وای دەستنەکەوت ، کە لەلایەکەوە بە رووێکی ئایینی خۆی پیشان بدا کە ئیمامو خەلیفەیە ، لە لایەکی تریش کاروباری ئێران بگرێتە دەست ٠

خومەینی هەر لە یەکەم رۆژەوە تاکو ئەمرۆش خۆی بە خزمەتکارێکی وەفادارو ئەمین داناوە بۆ ئیمپریالیزمی جیهانیو بە هیچ جۆرێك دلێ نەشکاندوون ، کاتێ کە سەیری عیراقیان ئەکرد ، وا وەکو تیشك بەرەو پێشکەوتن ئەچێت لە ژێر سایەی رژێمێکی پێشکەوتووخوازو لێدەشاوەیی سەرەکی فەرمانده صدام حسێندا ئەمە هەموو کاتێك دلە خوورتەی ئەخستە دلیان ، بۆیە خومەینیان هاندا کە رووبەرووی ئەم پێشکەوتنە بوەستێو ببێتە کۆسپێك لە رێگای پێشکەوتنو سەربەستی ، بۆیە هەر لە یەکەم رۆژانیەوە کەوتە هەرەشە لە عێراقو بە بەشێکی لە خاکی ئێران دانا ، هەر بەمە نەوەستا بەلکو کەوتە تۆپباران کردنی شارە سنووریەکانو فرۆکە جەنگاوەرەکانی شوێنە ئاومدانەکانی سنووریان بۆردومان دەکرد ناچار سوپاو گەلی عیراق شانبەشان بەرپێچی ئەم هێرشە نارەوایەی خومەینی ، کە بەیارمەتیو پارەی ئیمپریالیستەکان ئەکرێت ، دایەوەو بە ماوەیەکی کەم سوپای قارەمانی عێراق ، شارەکانی لە مەترسی خومەینیەکان دوورخستەوەو کارێکی وایان پێکردن کە با بە دەوارە شرەی نەکردبێ ناشکراو رووبەرووی عێراقیەکان هیچ کاتێك چاویان لە خاکی ئێرانو نەیانوبستوە کە ئازار بە گەلانی ئێران بگەیێنن ، بۆیە کاتێك کە سەرکردایەتی شۆرش بریاریدا بە گەرانەوەی سوپای عێراق لەناو خاکی ئێران ، وەکو هیوایێكو ئامانجێك بۆ وەستاندنی شەر ، بەلام خومەینیەکان ئەم کارە رەوایەیان بەبێ هێزی لە قەلەم داو ، بۆیە کەوتنە هێرش کردنە سەر سنووری عیراق ، بەلام کاتێ کە عیراقیەکان بە کوردو عەرەبەوە کەوتنە بەرپەچ دانەوەی ئەم هێرشانەو ووردو خاشی کردنو تەنها لاشەو چەکو تفاقی جەنگی فارسەکان لە مەیدانی جەنگ بەجێما ، دوای شکاندنی یەك لە دوای یەکی هێرشە نارەواکانی خومەینی بۆسەر بەسرەو میسانو مەندەلی ئەمجارە فارسە رەگەزپەرستەکان ویستیان بەختی رەشی خۆیان لە چیایە رەنگینەکانی کوردوستان تاقی بکەنەوە ، دوای سەرکوت کردنی هێرشەکەی حاجی ئۆمەرانو شکست هێنانی فارسەکان لەسەر لوتکە بەرزەکان ، ئەمجارە رووبان وەرگێرا ناوچەی پێنجوین ، بەلام بەرازی گەورە لە ناو چیاو دۆلەکان بریندار بووو کەوت ، ئەوەی لێیان کوژرا ، کوژرا ، ئەوانی تریش بە بریندارییو سەرشۆری بۆ ئاغاکانیان لە قەمو تاران گەرانەوە ٠

بەلێ ، گەلێك کە بڕوای بە خۆیو سوپاو سەرکردایەتیەکەی هەبێتو بە بیروباوەڕەوە بەرگری لە نیشتمان بکات هەرگیزاو هەرگیز سەرکەوتن هەر لایەنگیری ئەبێو دەشتو زەلکاوەکانی باشووری وولاتو چیایە بەرزەکانو دۆلە رەنگینەکانی کوردوستان ، شانبەشانی یەك بوونە گۆرستان بۆ دوژمنانی عێراقو ، ئازایەتی عێراقیەکانو لە خۆبووردنیان هەموو کاتێك نیشانەیەکن لە چاوی دوژمن ئەچەقنو ئەبێتە شکستیان ٠

ب هلکەفتنا روژا شەهیدی

میهرەجانەکا گوتارێ و هوزانێ بۆ پێشەنگاها پێك ئینان ل دهوکێ

ـ ل ئێقاریا پێنج شەمبی ـ رێکەفتا ١ـ١٢ـ١٩٨٣ و ل هولا ئێکەتیا ئافرەتا ل قەژاسیمبلێ میهرەجانەکا مەزن بۆ گوتار خوندنێ و هوزانێ هاتە گرێدان ب چاف درێریا بەرێز قەیمقامێ قەزایێ ٠

د ڤێ میهرەجانێ دا یا کو ل دەم ژمێر چوارێ ئێڤاری دەست پێ کری هژمارەکا گەنج و پێشەنگا گوتار و هەلبەست خواندن تێدا بەحسێ مەزنیا شەهیدی دکرن و بەحسێ سەرکەتنێت لەشکەرێ مە یێ قەهرەمان دژی فارسی و هەر وەسا سوز و پەیمانێت خۆ تێدا دیار د کرن بۆ سەروکێ فەرمانده صدام حسێنی ، ئو ل بەری دەست پێ کرنا میهرەجانێ هندەك ژ کچێن طلائع سرووداً نیشتیمانی گوت و هەلبەژ ل بەری هنگی ژی هەمی رابونە ڤە دەقیقەکێ ل سەر روحا شەهیدا ئەوێت کو خوبنا خۆ دبەر بەرەڤانیا ئاخا خۆدا رێژین ، ئو ئەو گوتار و هەلبەستێت هاتینە خویندن ب هەر دوو زمانا بون یێ کوردی و عەرەبی ٠ ئو ل دوماهیا وێ ئاهەنگا مەزن یا کو هژمارەکا بەرپسیارا تێدا ئامادەبوین خەلات هاتنە بەلافکرن ل سەر وان طلائعا بێت کو بابێت وان بان برایێت وانا هاتینە شەهید کرن ٠ چونکو هەر وەکو سەروکێ قوماندار صدام حسێنی گوتی : شەهید ژ مە خرا مەرد ترن ٠٠٠

رمضان عیسی
لەقی دهوك

لەبەر رۆشنایی کۆڕە فراوانەی سەرەکی گشتی نەقابەکانی وولات لە هەولێر ٠

کادیرە نەقابی یەکان لەهەولێر رای خۆیان دەردەبڕن

ناظم دلبەند لە لقی هەولێرەوە ایوب بەرزنجی وێنەکانی گرتووە

● لەو ماوەی دوایی دابەرێز احمد محسن علوان سەرەکی نووسینگەی تەنفیزی یەکێتی نەقابەکانی عیراقهاتە پارێزگای هەولێر ولەسەر داواکاری یەکێتی نەقابەکانی هەولێر کۆڕێکی فراوانی بۆ کریکاران ریکخست بە ئامادەبوونی سەرەك فەرمانگەکانو سەرەك نەقابە لقی یەکانو هەموو کادیرە نەقابەکان ٠٠٠

بەرێزی دوانێکی داو باسی دەوری کارێگەری ئەمرۆی چینی کریکارانی کرد کە پێویستە لەسەریان دەورێکی گرنگ بگێڕن بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە پیرۆزەی لە سەرشانیانە بەجێی بهێنن کە ئەویش زیادکردنی بەرهەمە ٠٠

سەرەڕای گەلێك راسپاردەی تر کە پەیوەندە بە بەینی کریکارو فەرمانگەوە لەبەر رۆشنایی ئەم کۆڕە فراوانەدا رای سەرەكو هەندێك لە ئەندامانی نووسینگەی تەنفیزی یەکێتی نەقابەکانی هەولێرمان وەرگرت ٠٠٠

ـ بەرێز فیصل مصطفی پیرداود سەرەکی یەکێتی نەقابەکانی هەولێر وتی :ـ

ئاشکرایە کە گەلی عیراق وا بەرەو چوار ساڵ دەچێ لە شەڕێکی دژواردایە لەگەل داوودەستەی خومەینی بەکرێ گیراو ٠٠٠ بێ پەروا ئەم رژێمە ملهوڕە شارو لادێکانمانی بۆمباباران کردو منالو پیرو ئافرەتی تێدا کوشت ٠٠٠ ئەم گەلە چاونەترسەی ئێمەش بەمە رازی نابێ ٠٠٠ ئەوەتا لە هەموو بەرەکانی جەنگدا ئەم رژێمە ناپەسەندە بە سەرشۆڕی دەگێڕێتەوە ٠٠٠ بێ گومان چینی کریکاریش لە عیراقدا بەشێکە لەم گەلە قوربانیداوەو شەهید بووەو بەپێی دەلیم دەبێ هەموو بەرژە وەندی یەکی شەخسی بەلابدرێ ، چونکە ئێمە ئیمرۆ لە جەنگداینو زیاتر زیادکردن بکەن ، چونکە بە هەموو جۆرێك رژێمی خومەینی بەکرێ گیراو دەیەوێ خاڵێکی ڕەش لە سەر شەهیدی لە رێی ئەم ئاواتە پیرۆزەدا بەخشیوەو دەیبەخشێ ، چونکە مادام ئێمە لە وولاتێك دەژین عەموو پێداویستیکی ژیانمی بۆ دابین کردووین دەبێ خەباتی بۆ بکەین ٠٠

ـ بەرێز عمر محمد میکائیل ئەمینی رۆشنبیریو راگەیاندن لە یەکێتی نەقابەکانی هەولێر رایەکی هەبوو لەسەر ووتە بەنرخەکەی یەکێتی نەقابەکانی وولات وتی :ـ

سەرەڕای ئەو هەوڵو نەقەلایەی کە چینی کریکاران دەیدات بۆ ئەوەی هەمیشە بەرهەم زیاد بکاتو دوانەکەوێ لەو کاروانە پڕ لە خەباتەی ئەمڕۆ کە وولاتەکەمان پێیدا دەڕوات بەتایبەت کە لە جەنگێکی دژواردایین دژی رژێمی خومەینی بەکرێگیراو ، بەمەرجێك ئەو فەرمانگانەی کە کریکار لێی ئیش دەکات هاوکاری لەگەل لیژنە نەقابی یەکان بکات ، بەلام نەك لەسەر بناغەیەکی بەرژەوەندی کارو شەخسی چونکە ئەمڕۆ لە هەموو قۆناغەکان ناسکترە دەبێ هەموو گەل دەور بگێڕێو هەلوێستی دیارو ئاشکرا بێ تاکو ئەو ئەرکەی لەسەر شانمانە بەجێی بهێنین ٠٠٠

نەقابەکانی کریکارانی هەولێر لەم رووەوە وتی :ـ

لە بارودۆخی ئەمڕۆماندا وەك هەفال احمد محسن علوان سەرەکی یەکێتی نەقابەکانی کریکارانی هەولێر وتی ، زیاتر دەستو برد بکەنو زۆرانبازی لە سەر بەرهەم زیادکردن بکەن ، چونکە ئەوەشدا هەمیشە چینی کریکاران لە پێشەوەی ئەم کاروانە پیرۆزەدا بووەو وەکو سەروکێ قوماندار صدام حسێنی گوتی : شەهید ژ مە خرا مەرد ترن ٠٠٠ لەگەل ئەوەشدا هەمیشە چینی کریکاران لە پێشەوەی ئەم کاروانە پیرۆزەدا بووەو

Institut Kurde de Paris

کتێبی هاوکاری

شیعری شارستانیەتی جگەر خوێن

نووسینی : دکتۆر ئۆردیخانی جەلیل لە لایەن (دوکتور عیزەدین مستەفا رەسول)موە
ئامادەکراوەو خراوەتە سەر ئزمانی ئەدەبی و تیپی کوردیی عیراق و پەراوێزی بۆ نووسراوە ..

هۆنراوەی باژێرڤانی جگەر خوێن(١)

لە هەموو نیشتماندا ناوی سەرفرازی و هونەری جگەر خوێن باسێکی مەزن و سەرەیە نیشتمانیش لای شاعیر لە ڕووناکی چاو شیرینترە .

شاعیری بەناوو دەنگ کوردستان باش شارەزابە . ئاگاداری سروشتی یەتی ، بان و دەشتی گەڕاوە ، بەچەم و کەندو ئاوی کەوسەری شاد بووە .

جگەر خوێن تەنیا چیاو بان و مێرگ و کانیی کوردستانی ڕەنگینی لەبەر چاوەو بیر لەوە ئەکاتەوە وولاتی کورد ، ئەو بووکە جاهێلە ، سەر ڕەنگینە ، هەر کەس ببینێ حەیرانی ئەبێ . بەووتنی شاعیر (کوردستان تاجی سەری سەلاحەدینی کوردە .)

دیمەنی ڕۆژە لە «بورجی ئاسمانا» (جووتە بڕۆی وەك کەوانی ڕۆستەمی زاڵن) جووتە زوڵفی تیری قارەمانێتی یە ، ڕووی ئاگری ناوبۆستانە ، جووتە چاوی ئەو بووکە جوان و ، بەوەوە وەك هەر دوو داری هۆرمزینە ، جووتە لێوی شیرینی وەك دیوانی شیعری نەمری گەلی کورد حاجی قادرن ، بەڵام زمانەکەی وەك بەندێکی هونەری ئەحمەدی خانی یە ، چەناگەی چیای جوودی یە . شاعیر بەم جۆرە یەکە یەکە بەدەوی (واتە - جوانی)و پەسەندی کوردستان ئەو بووکە ڕەنگینە نیشان ئەدات .

گەلی کورد بەنیشان و نان و خوێن لەڕابووردووا ، دەستی ئەو بووکە جوانە نەخشینەی گرتووە ، شیربایی داوەو هێناوێتی یەماڵەوە .

پرچ و پێو قۆڵو بازنی ئەو بووکە نازدارە هەموو لەخەنە گیراوە . «هەمو سوورن لەڕەنگی ئەرخەوانن» شاعیر بەدڵێکی شکستەوە ئەونووسێ . ئەوە دوو سەد ساڵە گەلی کورد بەو بووکە نازدارەی خۆی شاد نەبووەو تەتەی چەك دەنگی لاو ، دەنگی باوك ، برا ، مامو ئامۆزا ، ئەوانەی بە میر خاسی و قارەمانێتی لەبێناوی ئەو بووکە نازکەدا گیانیان بەخشیوە ، ئەو دەنگە گەبشتوەتە ئاسمان :

ژلۆزان تاب ژاازن تەف ب خەنجەر
دهاتن هەف ل مەیدانێ بەرانی
ب تالانو ب کوشتنی ، هەم بسۆتن
مە ، کۆنێ ، شەڕ ل سەر سنگێ تەدانێ
ئەمیرو بەگلەرو پاشاو ئاغا
کرنو یران سەراوو برجو خانی
لە ئالێکی تەدەنگو جەنگو هالان
لە ئالێکی سەدایی غەوسێ سانی
هەمێ بونە مریدو شێخو سۆفی
بهەشتینە ، چ کن ناف و نیشانی(٣)

جگەر خوێن لەناو ئەو هۆنراوەی خۆیدا «شام شەکرە ، وولات شیرینترە » لەگەل ئەو بووکە جوانەدا . لەگەل نیشتمانی ئازیزی ، خۆیدا ئەدوێ و دەردی دلی خۆی بۆ ئەو ئەلئەرێژێ ، چونکە (ئەودەمە) گەلی تێکۆشەر هێشتا هوشیار نەبۆتەوەو لاوی کورد ، (وەك شێرو پلنگ) قورگی یەك ئەگرن ، بەڵام پلنگ ، ڕێوی لەمەیدان ، ڕاونا «ئەوا لەبەر ئەمەیە کە ئەو بووکە هەمیشە جوانەی ئێمە هاتۆتەوە سەر خۆی .

جگەر خوێن گومانی خۆی ئابڕێ و باوەڕی وایە ، کە ڕۆژێك دێ ، ئەو بووکەش ڕۆژێکی بەختەوەری هەیەو لەجیاتی سەرپۆشی ڕەش شاشکی پیرۆزی کەتان بدا بەسەردا .

جگەر خوێن لەهۆنراوەکانی خۆیدا بەدەنگێکی زوڵاڵ باسی ئازایەتی و وولات ئەکات و ئەو ئازایەتی یە لەیەك بوونی میللەتی تێکۆشەرداو لەبەرەو پێش چوونی ئەودا ئەبینێ . باری ژیانی وولات کاری خۆی ئەکاتە سەر جگەر خوێن و گیانی شاعیرانەی باری گرانی گەل زۆر دلی ئازار داوەو شاعیر گەلێ جار لەخۆی و لەهاوەڵو هۆگری خۆی ، لەبراو پس مامو لە دوژمنیش ئەپرسێ «چی یە؟ کوردستان گولستانە» . جگەر خوێن خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە ئەداتەوە ڕاستە تەنگانەو نایەکی نیشتمان دڵی ئازار داوە . بەڵام پڕ بەدڵ نیشانی ئەدا کە کوردستان وولاتی کوردانە «دەرەبەگستان» نی یە ئەو باخو گوڵەی تیدایە بۆ گەل «گولستانەو»و نابێ بەخارستانو جێگەی دڕکو دال .

نیشتمان لە دڵی جگەر خوێنا گەلێك بەنرخە شاعیر ئەنووسێ :

جامەك ژ چراڤا کانی یەك وولاتێ خوە
نادم ب ناڤا ژەمزەم حەیاتو کەوسەر
هیمەك ژ کەڤرین ژنارو لاتێن خوە
نادەم ب ئەنماسو یاقووت ، ژێرو گەوهەر
کەچو بووك وژنو پیرێن کوردستان
نادم ب حورو سوروشتێن بە هەشتی بەکسەر(٤)

جگەر خوێن بەڕەنگێکی زۆر ڕۆشنو دیار ، بەتەواوی هێزی خامەی شاعیرانەی بە جوانیی کوردستانا هەڵئەدا ، پەسندیی بوونی ئەکاتو پێویستی خۆی بەرامبەر بەو سروشتە نیشان ئەدا .

زیاد لەم شیعرانە ، جگەر خوێن هۆنراوەی تریشی دەربارەی نیشتمان نووسیوە . هۆنراوەی

بڕوانە ل ٧

بەڵێ لە زۆر جێدا مامۆستا کەریم شێخانی کەوتۆتە ئەو بارەوە کە دەستو قاچ بەستراوەکەی تێکەوتووە .. چون .. مامۆستا شێخانی (وەك خۆی لە پێشەکیی ڕۆمانەکەدا) گوتوویە :

«لە وەرگێڕاندا هەوڵی ئەوەم داوە کە ڕستە ـ کە بخوێنمەوەو ئینجا تێکڕا بیکەم بە کوردی ..» تەقەلاکەی بۆ ئەوە بووە کە دەربڕین و وشە عەرەبی و داڕشتنە عەرەبی یەکە بکات بە کوردی ، لەبەر ئەوە قاچو دەستی (خەیاڵو زمانی پاراویی خۆیی) بەو کۆتانە بەستۆتەوە ، کە دەبوایە لە بری ئەوە ، سەر لەنوێ ئەرکی داڕشتنەوەی وشەو دەربڕینە عەرەبی یەکانی بکردایە بە ئەرکی سەرەکی خۆی و جارێکی تر ئەو ڕۆمانەی بە عەرەبی لەبەر دەستیدا بووە ، بە کوردی بینووسیباوەو پێشکەشی کتێبخانەو خوێنەری کوردی بکردبا . ئەم بارە ناهەمواره وای کردووە کە « رشاقە »ی هونەری لە وەرگێڕراوەکەدا بەفوتێو لە زۆر لایەن و جێدا تووشی وشکی و گێڕی ببێ .. بڕوانە ئەم نموونانەی وا دێن ، کە تێکەڵێکن لە هەڵەی وەرگێڕان و لە هەڵەی هونەری :

١ ـ لاپەڕە ٤٥ ـ صفحە ٢٠ی « الاخوه الاعداء » :

« والارض تستیقظ علی الخیوط الاولی للشمس » .

« زەویش بە یەکەم تیشکی خۆرەوە کەوتبووە باوەشك دان » جگە لەوەی « تستیقظ » واتە «بێدار دەبێتەوە » یان « لەخەو بەئاگا ـ دێتەوە » بە هەڵە لە لای مامۆستا بووە بە « باوەشك دان » ! جگە لەوە، بڕوانە « الخیوط الاولی للشمس » کە دەربڕینێکە بە ـ مەجاز ـ لە عەرەبی دا ڕۆشتووەو لەنگی ی تیادا نی یە لە کوردیەکەدا وشە بە وشە کراوە بە ـ یەکەم تیشکی خۆر ـ ! کە هەر هیچ هونەرکاری و جوانی یەکی تیادا نی یەو مامۆستا خۆیشی لەمن چاکتر شارەزایەکە دەبوایە بیگوتبا :

« لەگەل تاریك و ڕووندا » یان « لەگەل کازێوەدا » یان « بەرەبەیانێکی زوو »

٢ ـ ص٢٣ ـ ل٤٨ : «وهذه الحیاة اللینه صنعت من الزهد والتفکیر ... »

« .. .. لە خواناسی بیرکردنەوەی دروست کردبوو . »

لە هەمان لاپەڕەدا جارێکی تریش دەڵێ : « لامارس فیه الزهد والتفکیر »

« تا بیرکەمەوەو خوا پەرستی بکەم » !!

لێرەدا ئەگەر چاو لەو هەلە زەقە بپۆشین کە ـ تفکیر ـ واتە ـ تۆبەکاری ـ و ـ پەشیمانی لە خراپەکاری ـ لە لای مامۆستا دووجار کراوەبە ـ بیرکردنەوە ـ ! ڕاستە بەزمانی بازاڕی ـ جمعە ـ دەکرێ بە ـ جوعمە ـ و ـ تسلیم ـ دەکرێ بە ـ تەسمیل ـ و ـ طفل ـ بە تولف ـ بەڵام ئایا بۆچی ـ تکفیر ـ ببێ بە تفکیر ـ !!

٣ ـ ص٢٤ ـ ل٤٩ : یاناروس فی یوم من الایام» ـ « ومع ذلك انفجر الاب » بەڵام لەگەل ئەوەشدا ڕۆژێك باوە یانارۆس ـ تەقاندی » .

ئایا چی ی تەقاند ؟؟ هیچ ! دەبوایە « انفجر » نەبوایە بە « تەقاندی » ، هەر هیچ نەبوایە بیگوتبا « تەقیەوە » ڕاستریش وایە بڵێ «داخی دڵی ی هەڵڕشت» .

٤ ـ لەگەڵ جێدا ـ زهد ـی کردووە بە ـ وەرگێڕرانێکی ـ حەرفی ـیەو لەگەل ئەوەشدا هەر کەوتوتە هەڵەوە ، ـ پەمەیی ـ واتە ـ وردی ـ لەعەرەبی یەکەدا سیفەتە بۆ ـ زەردەخەنەکە ـ (کە لای مامۆستا بووە بە پێکەنین) ، کەچی ـ پەمەیی ـ لە کوردیەکەدا بووە بە سیفەت بۆ ـ سەرلەبەیانی ـ .

ڕەخنەو لیکولینەوە

. یەکێ لە ڕەخنەجیهانیەکان دەڵێ : «نەکراوەو ناکرێ بەرهەمێکی وەرگێڕراوی وشە بۆ وشەو دێڕ بۆ دێڕ ـ سەرکەوتووچاك دەربچێ ، چونکە وەك ئەوە وایە دەستو قاچی زەلامێك ببەستینەوەو بەسەر پەتێکی باریکدا بیپەڕێنینەوە، کە ڕەنگە هەوڵێکی زۆر بدات و نەهێڵی بکەوێنە خوارێ و بپەڕێتەوە ، بەڵام بەهیچ جۆرێ چاوەڕێی جوانکاری و هەڵبەزو دابەزی هونەری و لەش سووکی ی لێ ناکرێ!» .

بەهات حسیب قەرەداغی

باڕاوێ بەم «براکوژی» یەدا بگێڕینەوە

٧ ـ ص٣٢ ـ ل ٥٧ : « .. .. یسمع منذ الصباح الباکر اصوات استیقاظ القریه » ـ «بەو بەیانی یە زووە تەماشای لەخەو هەڵسانی خەلکی دێ یەکەی دەکرد » .

ڕاستە دەڵێین وەرگێڕانی وشە بۆ وشە شتێکی چاك نی یە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ : « یسمع اصوات» بکرێ بە «تەماشاکردن » !!

٨ ـ هەندێ وشەو دەربڕین زۆر بە سەیری کراون بە کوردی وەکو : مغریات ـ خەڵەتاوی یەکان . ثقه شخصیه ـ بڕوایەکی کەسێتی

هذا مستحیل ـ ئەمە باوەڕناکرێت .

مخجله ـ شەرماوەرەکان .

« هذا یخجلنی » ـ «ئاخر ئەمە وام لێ دەکات تەریق ببمەوەو هەست بە شەرمەزاری بکەم » !!

لە داڕشتنە عەرەبی یەکەدا تەنها دوو وشەیە کە چی لەکوردیەکەدا بووە بە (نێ) وشەو هەندێ پاش گرو پێشگریش !! بۆ ؟ بۆ دەبێ وابێ ؟ ئایا نەدەکرا مامۆستا شێخانی بیگوتبا :

« شەرمم لێدێ » یان «شەرمم بە خۆم دێ » یان ـ « پێم عەیبە » ـ « پێم شوورەیی یە »!! ؟

بەم چەند نموونەیە وا دەست لە « براکوژی » ! هەڵدەگرین و بەهیوام دڵی مامۆستا شێخانیمان لێ نەپەنجێ و سەرنجەکانمان مایەی سوودۆ کەلك بێت بۆ بەرهەمەکانی داهاتووی .

دەستکاری کردن و فلکلۆری کوردیدا گوناهەك مەزنە

حەجی جعفر

چ ل سەر لاپەڕێت گۆڤار و ڕۆژنامە چ د ناف لاپەڕێت کتێب و پەرتوکادا چ ل کۆرانکەها و چ ل ـ دەستکاهێت ڕۆشنبیری . ل هەمی دەم و جها ، پاراستنا فلکلۆرێ کوردی ژ دەستکاریا نارەوا ب کارەك پیرۆز و باش هاتیە دانان .

ل سەرفێ گوتنێ د . نورالدین زازا نفیس یە :

[ئەگەر ژ ئیرو ب شوندا ئەم گوهە نەدین فلکلۆرا خوە وێ وندا ببە و هەرە(١)]

ڕاستە گەلی خوێندفانان پیتڤی یە ئەم فلکلۆرا خوە دانیتە جهەکێ بلند و پیرۆز دوورپیت ژهەمی دەستکاریەکا ناپاك ، داکو باش و خراب ل مە تێك نەچیت و سەرێ وەریسی ل مە ووندا نەبیت ، ب تایبەتی نهۆ فلکلۆرێ کوردی بۆیە بناغەیەك موکم بۆ زمان و ئەتنوکرافیاو مێژووا کوردان ...(٢)

مەبەستا مە ژفێ گوتنا سەری ئەوە کو چیرۆکەك فلکلۆری ب ناف و دەنگ د کتێبا (من الفکر والقلب) یاکو سالا ١٩٧٢ ز ژ لایێ د. محمد سعید رمضان البواطی فە هاتیە بلافەکرن ، ئەف چیرۆکە بنافێ (الوعل) تێدا هاتیە .

هەژ لاپەڕێ ٢٤٤ ـ ٢٥٨ بۆ فێ چیرۆکی تەرخان کریە(٣) بەلێ ئەف چیرۆکە چەوا هاتیە !!چەوا نقیسی یە!! هەتا کیدەرێ ئەمانەتا عیلمی و زانینێ تێدا هاتیە ؟! دەمێ خوێندەفان فێ چیرۆکی د خوینیت و پێدا چیتە خارێ دێ بۆ خوویا بیت کو ئەف چیرۆکە چیرۆکەك فلکلۆری یە ، ل هەمی ڕەخ و ڕوویێت کوردستانێ بلافەیە ، بگرە ژ لۆرستانێ هەتا دەرسیمێ گوهە ل فێ چیرۆکی بوویە و بۆ یەك تر گێرایە . هەروەسا گەلێك نقیسەفانا جیا جیا ئەف چیرۆکا فلکلۆری نقیس یە و ل چاپدایە(٤) . لێ یا دکتۆر (محمد سعید رمضان البوطی) کری کەسێ نە کریەو کەس نا کەت !! گوناهەك مەزن و بێ غەفراندن کریە ، بەرامبەری فلکلۆرێ کوردی و میللەتێ کورد !! :ـ

١ ـ نافێ چیرۆکێ دانایە (الوعل) یەعنی (نێرێ کیڤی) یان (راوەبەران) . ئەف نافە ل جهێ چ ناف دانایە ؟ ل جهێ نافێ سیابەند و خەجێ!!

بەلێ ئەف چیرۆکە هەر چیروك حەچ و سیابەندابە ، ژ هەمی ڕەخ و ڕوویافە ، ژ نافەڕۆك و ڕووخسارافە ، جا نزانم مەبەستا دکتۆری چ بوویە ناف و نیشانێت چیرۆکێ گوهارتین !! ڕاست بیت یان سوحبەت بیت کارێ وی کری ئارمانجا وێ وندا کرنا (معالمێن) چیرۆکا فلکلۆرێ کوردی یە .

٢ ـ دەمێ خوێندەفان د چیرۆکێدا چیتە خار دێ بینیت کو ڕووداوێت چیرۆکێ (حوادث القصه) فەگوهازتینە ژ جهێ ئەصلی ، شوینا چیایێ سیپانێ ـ خەلات کریە چیایێت جزیرا بۆتان(٥) .

٣ ـ نافێ (سیابەند) ی دانایە (عصام) و نافێ (خەجوکێ) کریە (وفاء) . نزانم سەیدایی چ ماف دایە خوە هەتا فێ دەستکاری بکەت !! یان چ پێتڤی هەندێ دکر کو فان نافا شوینا ئەوان نافا دابنیت ! دیارە ئەو ژی ب عەرەبێ شەمۆی فە داخبار بوویە د ڕومانا (قەلایی دمدم‌دا) !! لێ هەر چ نەبیت عەرەبێ شەمۆ نافێ (خانێ لەپ ـ زێرین) نە کوهارتیە و ووندا نەکریە و (معالم) تێن چیرۆکا کوردی پاك و خۆمالی هێلاینە(٦) .

٤ ـ ژ ناراستێت دکتۆری دبێژیت :

(ئەکەرا گرینا خەجێ (وفاء !) ل چیای ـ دەمێ ڕەفا ـ کەلێت کیڤی دبینیت ـ ژبەر بیرهاتنا پەزێ بابێ وێ بوویە ، وەختێ ئێڤاریا ب فی ڕەنگێ ڕەفا کەلێت کیڤی یا دهاتە بەر گوندی و بەرە و مال دهات ، هەروەسا بیرو هزرا خوەشیا مالا بابێ وێ و ئەو خوەشیا ئەو تێدا خوە ل سینکێ وێ دا ، لەوما ووندك ژ چاڤان بارین !!(٧) .

لێ نزانم دکتۆری بۆ مەبەستا چ ئەف وێنە دایە خەجێ !! خەجێ نە بچیك بوو هەتا ڤان هزرا بکەت ، هەروەسا یا تێر ئاقل و تێگەیشتی بوویە و زانی یە کا بۆچی خوە ل گەل سیابەندی دا دابە ڕەڤاندن ! لێ ئەفە ڕاستە لەوما بریار دابوو کو ڕوح و . جانێ خوە گوری سیابەندی بکەت . فێچا چەوا خوەشیا مالێ دنێ گوری بەژنو بالا وی ناکەت!

بڕوانە ل ٧

سبای

پیرباڵ محمود

سبەی بەزەبری پاییزی دڵڕەق
ئەوەرێ گەڵای نەمامی شەنگت
لالەی سواوت بەرەنگی شەبەق
سیس ئەبێ لەسەر گردی ڕەنگڕەنگت
لەژێر چناران کەوی قەقەقەق
ئەنالێنێ بۆ وێنەی قەشەنگت
وەیشومەی ئاکام بەرەودەشتی زەق
ڕاونانێ سوپای پەپولەو هەنگت
بێ بەشت ئەکا لەنەوجەوانی ،
ئەتخاتە گەرووی خەمی شەوانی !
سبەی ئاسۆت شالووری شاکار
هەڵئەفڕی بەشوێن هۆگری فڕیو
زەویت چۆڵئەبێ ، نەهاودەم ، نەیار
دێنە دیداری ڕووباری هەتیو
دڵداران جوت ، جوت کۆچئەکەن بۆ شار
لەپاش نەمانی بەهاری وەریو
جێی گوڵەمێخەك بڕنەبێ لە خار ،
نەگوڵ ئەمینێ ، نەئاوینگی زیو
ئینجا دالەڕەش کاتی بەیانی
دێ ، سەما ئەکا لە ڕێگەی کانی
سبەی کلاڤەی خەرمانەی خۆزرت
وون ئەبێ لەژێر تارای تەمی ڕەش
لەشکری هەورو گەواڵەی زۆرت
دانەخاپێلوی گەلاوێژی گەش
لەناو ئەشکەوتمی قاوەیی و سۆرت
پاڵ ئەداتەوە وورچی دڵبەغەش
لەجیاتی قازو قولینگ و پۆزت
داگیرت ئەکا پلینگی گەردەش
لەباتی تەیرو تالی بەیانی
پشیلەی کیوی دێتە سەرکانی
سبەی لەسەر ڕووی مێوەی گەییوت
لانەچێ بەنجەی دیدەخومارات
تەلاری هیوای تەمەن نەدییوت
ئەروخێ لەژێر بەفری کۆسارات
ماوین نشینی لەچەم چەقیووت
ئەبێتە لانەی دڕندەو هاراان
لەپەناو پێچی دۆڵی تەزیووت
کۆچەران پۆڵپۆڵ دێنەوە شاران
ئەوسا گورگی دڕ لە دەورەی کانی
ئەسووڕێتەوە تا کوبەیانی !
سبەی پیالەی کۆڕی دڵبەران
ئەهارێ ئەمەی ئەمینێ ، نەبۆ
ئەهاوراز ، ئەنەی ، ئەتەل ئێدەران
ئاهەنگ ئەگێڕن ، ئەژێ ، ئەشەوبۆ
ئەگۆیندەبێژ ، ئەسەماکەران
لەنێرگزجارت ئەکەن هاتوچۆ
ئە (کیوبید) ئەجوان پەرەوەران
ڕائەکشێن لەوێ ، لەسێبەری تۆ
بۆ دڵارامو بۆ ئەوجەوانی
بێچوە تورگی بۆر دێتە سەرکانی !
بەڵام سەرلەنوێ بەهاردێتەوە
ئەڕازێتەوە ، وەکو بوکۆڵان
دووبارە هێرۆت ئەدرەوشێتەوە
لەسەر تۆبەنگی شەنگی گردۆڵان
ئەنیا گیانی من ئەمینێتەوە ،
لە تاریکی دا شێوەی کڵۆڵان
ڕۆژ لەدوای ڕۆژان دێ و دەرزێتەوە
وەك گەڵای زەردی سەر سینەی دۆڵان
لەجیاتی ئێمە کاتی بەیانی
ناخ هەڵئەکێشی بۆ ئەرخەوانی !

شەقلاوە ١٩٥٥

بەیامێك بۆ مەزەهاباد

هۆزمەهاباد
کاتێ مانگ بووم لە ئاسمانی دامێنی تۆ ..
گوڵزاری بووی ،
گوڵەکانت دەم بە خەندە ..
لە چوارچرا یە چۆکدا دەچون بۆ قازی
کە تۆم بینی سینەیەکی
زەردەخەنەی ژینت لە باوەش گرتووە
ووتم . ئۆخەی
مەمەکانی پر لە شیرن
بامنیش بچمە بەر مەمەی
هۆزمەهاباد
تۆ دیمەنێکی پەیامی پەیامبەرانی ئەم جیهانە
لە دەرووندا گەشاوەیە
چەند ساڵە لەژێر ڕەهێڵەی
هێندەی تریش زریانی پشتگیری بکا
هەڵهێنانی ژەنگی شێداری مەحاڵە لەسەر کوڵمەت
هەرتۆ هەمیشە سەربەرزی و
بەسەربەستی دەمێنیەوە

ئیبراهیم عومەر سادیق

Institut Kurde de Paris

له لقی هەولێرەوە

منداڵانی کوردستان بەدیداری سەرەك « صدام حسین » شادبوون٠٠٠

٠٠ ئاڵاو تاراو محمد عبدالقادر ئەو منداڵە ئیسك‌سوكانە بوون كە بە دیداری سەرەك صدام حسین شاد بوون لەگەڵ كۆمەڵانی خەڵكی هەولێر ، ئێمەش ئەو منداڵانەمان بەسەر كردەوە ، یەكەمجار هەموویان بە یەكەوە وتیان ٠٠٠

«ئەڵلا چەند خۆش بوو٠٠ ، سید الرئیس»مان بینی ٠٠ ماچی كردین ٠٠ ئێمەش چەپڵەمان لێداو حەزمان دەكرد هەر ماچمان بكات ٠٠٠

ـ باشە ئێوە لەگەڵ كێ چوو بوون ٠٠؟

● مامە ٠٠ ئێمە لەگەڵ دایە چووین٠٠ خۆش بوو

ـ سەرەكی بەریز چی پێشكەش كردن ٠٠٠

● زۆر ٠٠٠ زۆر مامە ٠٠

ـ باشە كامەتان زیاتر سەرەكتان خۆش دەوێ ٠٠٠

● كردیانە شەڕ ٠٠

ئاڵا ٠٠من زۆر

تارا ٠٠ من لە ئاڵا زیاتر خۆشم ئەوێ

محمد٠٠ (بەگریانەوە)نا ٠٠نا من لە هەمووتان زیاترم خۆش دەوێ ٠٠

ـ یانی هەمووتان سەرەكێ «صدام حسین»تان خۆش‌دەوێ (بەیەكدەنگ) ٠

● بەڵێ٠٠ بەڵێ٠٠

میشا هنگفینی وكویژك

صدیق خالد هروری

كویژكەك هەبوو خوارنا خۆ ئێخستبو سەر هنگفینی ، لچیای دگەڕیا ، قەستا سەر ئاف گیاو كولیلكا دكر ٠

هەر مێشەكا هنگفینی‌دینبا دا چاڤێركەت هەتا دكرە دجهێ وێڤە ، جهێ وێ چدكەڤری با چ دقلوولا دارێ با چ دسەلێشكێ با هۆ سا داخۆ گەهینێتێو هنگفینێ وێ هەمێ خۆت ٠

ئینا ڕۆژەكێ كویژك چوو سەر ئاڤزەهەكێ ، هەر زوپكا دیت مێشەكا هنگفینی هات دادا سەر ئاڤێ ، هەتا تێر ئاف ڤەخواری ڕابوو فڕی ، ئێجا كویژكی ژی چاك لێ نێراو دگەل سەنتا وی كەفتە دویف ٠ هەتا گەهشتە یە دەف زنجكا مێشا لناف ئاقاری ، ئو ئێدی چوو لبەر زنجكێ خۆ ڤەلیساند ٠ نابەینەكێ چاڤێد زێرەڤانێ مێشا ڤێ كەفتن ، هەر دگاڤێدا چوو گۆتە پادشاهێ خۆ ،پادشاهی گۆتێ : هەون بێژنێ ٠٠ ئەوا هەتا نركە وە بسەرێ مە دئینار ژ مە بدەست هەوە دكەفت ئێدی ژنفرو وێڤە هوین ژمە ناخۆن ، مە دەستێد خۆ تێكنابنەو بهەمی شیانێد خۆ ئەم بوونیە ئێك ژەمرا مە تێرا هەر دۆژمنەكی هەیەو هنگفینێ مە تێرا هەر هەڤالەكی مەیە ئێجا ئەم دزانین هوین هەر دۆژمنێد بەرێنەو ئۆ ئەگەر تە خۆ نەڤێت كەرەمكە وەرە هنگفینی بخۆ ! ٠

بەڵێ كویژكی قەت ژێ باوەر نەكر وبستەهە قەستا سەلێشكێ كر ، ئینا هەر دگاڤێدا شلخەك لسەر سەرێ وی نهشت‌و چاڤێد وی تژی ستری‌یێد ژەهرێ كرن ٠ هۆسا مێشێد هنگفینی بگوری‌كرن‌و ئێكەتیا خۆ كویژك كوورەكرو كوشت ٠

هوین وئەڤ هونەرمەندە

رمضان عیسی

ـ هونەرمەندێ بەركەتی٠٠ستران بێژێ دەنگ خوش و ئاواز نازك غانم محمد سیتوـخەلكێ گوندێ ئزیوا شەفیقی یە ل ناڤ دوسكیا ل هەرێمادهوكێ یێ ل وێدەرێ هاتیە سەردنیایێ سالا ١٩٦١ ٠ ٠

ـ ل سالا ١٩٧٠ دەست ب ستران بێژێ یا كری ٠٠

ـ ل سالا ١٩٧٤ ستران یێ ل ئێزگا كوردی ل بەغدا تومارگرین ئو هەتا نهو یێ بەردەوامە ل سەر تومارگرنا ستران ل ئێزگا كوردی ٠

ـ نهە ستران بێژە ل ڕێڤەبەریا جەماوەری ل دهوكێ ٠

ـ نەندامێ نیقابا هونەرمەندایە ل دهوكێ ٠

ـ پشكداری یا كری‌ـ د بەهرا پتر شەهیانا دا نەوێت كو ل دهوكێ و كشت كوردستانێ هاتینە گێران ٠ ئو ل ڤان هەیامێت چویی یشكداری د میهرەجانا ستران كوردی دا كر یا مەلبەندێن گەنجا ل دهوكێ ب دوو سترانێن تەر و نازك ٠

ـ هونەرمەند غانم دبێژیت : هیڤیا من ئەوە كو هونەر ل هەمی جیهانێ بێشی بكەڤیت ٠

هونەر لە هەندەران

ژنو مێردێكی بەختەوەرن بەڵام لە تەمسیلدا شەر دەكەن

ئەكتەری ناسراوی بەریتانیاراشیل واردو مێردەكەی هونەرمەند براین براون لە زنجیرەیەكی تەلەفزیونیدا پێكەوە دەوری سەرەكی دەبینن ناوی زنجیرەكە « باڵندەی‌دڕك »و ئەم ئەكتەرە وتوویەتی بەپێچەوانەی‌تەمسیلەكەوە ، من لەگەڵ مێردەكەم زۆر بەختەوەرم ٠

هونەرمەند سەباح عەبدولرەحمان خۆی دەوری سەرەكی «موكینبوت» لە شانۆگەریەكە دا نوواندو تا رادەیەكیش لە نوواندنەكەیدا سەركەوتنی وەدەستهێنا ٠

بەڵام بە ڕای ئێمە كاك سەباح بە دەرهێنانەكەی بووەستایەو ڕێگای بە ئەكتەرێكی لێهاتووی لە ڕولاوازو كەلەگەت بدابووایە كە لە گەڵ كەسایەتی «موكینبوت» دا باشتر بگونجایە كارەكە ئەنجامی سەركەوتوتری دەبوو بە خۆیشی بە ماندوبوونێكی كەمترو داهێنانێكی پتر دەرهێنانەكەی بە ئەنجام دەگەیاند ٠

پاسەوانەكە [محمود احمد] لە ڕێگای بەهرەی هونەری‌و گونجانی لەشیەوەو نوواندەوەی لە گەڵ كەسایەتی دەوزە كەیدا هەر لە سەرەتاوە چێژو گەرم‌وگوڕی‌یەكی وەبەر شانۆگەریەكە داو لە پارێزەرو مەئمورەكە زیاتر سەرنجی بینەرانی بۆ لای خۆی‌و پەردەی یەكەمی شانۆگەری‌یەكە راكێشا ٠

دەربارەی ژنەكەش [جیهان احمد] ەوە دەڵێین ئەم كچە هونەرمەندە ماوەی چەند ساڵێكە وەكو ئەستێرەیەكی درەوشاوە لە سەر شانۆكانی شاری هەولێر دا مامەلە لە گەڵ دەقێ خۆماڵی‌و جیهانیدا دەكات‌و لە ڕێگای بەشداربوونیشیەوە لەم شانۆیی‌یە سەرەڕای :

١ ـ چاك سەیتەرەنەكردنی لە سەر دەورەكەی‌و خێرایی جوولانەوەكانی‌و نەتووانەوەی لە گەڵ كەسایەتی ژنێكی خیانەتكار لە گەڵ مێردەكەی دا لە ڕووی هەستو ئارەزوو دەربریندا ٠

٢ ـ لە سەر قەرەوێلە كەشدا لە دۆستەكەی نزیك نەدەبووەوەو قاچەكانیش باش بە بەنانیەكە دانەدەپۆشین ئاكو هەندێك واقعیانەتر سەری لە چەند كەلو پەلێكی دیمەنەكەیان زیاتر لە ڕووی ڕاستەقینەوە نزیك دەكردەوە ٠

مێزەكانی عیادەی دكتۆر چ داوودەرمان‌و شووشەی پزیشكی جۆربەجۆریان لەسەر نەبوو ٠ بەڵام ئەو جل‌و بەرگ‌و كەلوپەلە پزیشكیانەی تر كە لە عیادەیەكا خواستراببوونەوەو بەكاریان دەهێنان دیكۆری مەشهەدەكەی بۆ دەوڵەمەند كردبوون ٠

سندووقەكانی لای خاوەن‌كاریش دەبوایە زۆرترو گەورەتر بوونایەو دیكۆری ئەم مەشهەدە دەبوایە جۆری ئیش‌كردنی خاوەن‌كارەكەی بۆ بینەاان ڕوون‌بكردایەتەوە ٠ دەرهێنەر لە پەردەی میری دا نەخشاندنی هێلانەی جاڵجاڵۆكەی بۆ تەعبیركردن لە تەمبەڵی‌و كارنەكردنی فەرمانبەرەكان بەكارهێناوە لەمەشیان زیرەكانە مەبەستی پێكاوە ٠ هەروا دیكۆری لای خواوەندیش جۆرە گونجاندنێكی تیادا بەدی دەكرا ٠

بۆ پێشكەش‌كردنی دەقێكی جیهانی وا دەبوایە ماكیاج بابەخی زیاتری درابوایێو دەمەوچاوو سەروسیمای زۆربەی ئەكتەرەكان بە شێوەی ئاسایی‌یان نەمابوونایەوە بەڵام لە بارەی هەڵبژاردنی جل‌وبەرگەوە جۆرە گونجاندنێك پەیرەوكرابوو ٠

پەراوێزەكان :

(١) فؤاد عبدالرحمن ، پیتر فایس ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٧٧ ئاداری ١٩٨٢٠

(٢) چۆن مۆكینبۆت لە نازارەكانی رزگار دەكرێ ، نووسینی پیتر فایس ، وەرگێرانی عەبدوڵڵا قادر محەمەد ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە ٩ حوزەیرانی ١٩٨٣ ٠

چۆن موكینبوت

لە ئازارەكانی رزگار دەكرێ

مەغدید حاجی ● بەشی دووەم ●

مێردەكەی بشێواندایەو بینەریش قەناعەتی بە فێڵەكەی بهاتایە ٠

٣ ـ لە پەردەی خواوەندیشدا هەندێك جار دەفتەری خێرو شەڕی بەنی ئادەمانی بە بەراوەژوو دەكردەوەو شێوە تۆمارگردنەكەیشی لە ڕووی ڕاستی‌یەوە دوو بوو ٠٠بەڵام سەرەڕای ئەم كەم‌وكوڕیانەش بەشداربوونی لەم شانۆیی‌یەدا هەنگاوێكی سەركەوتو بوو لە ژیانی هونەری دا ٠

لە پەردەی خاوەن‌كار دا بینەر وای هەست نە دەكرد لە بەرامبەر خاوەن كارێكی بورژوای ڕووتێنەری غەزەب لە دەم‌و چاو وەریو وەستاوەو بێزی لێی دەبێتەوە بەڵكو دەورەكە بە شێوەیەكی میكانیكی ڕووت پێش‌كەش دەكرا ٠

بەڵام حەمبالەكە [عمر محمد] بە جوولانەوەیەكی سەركەوتووانە سندووقەكانی دەگواستەوە ٠

لە لای دكتۆر دا دەرهێنەر هەوڵی داوە بە چەند شێوە نوواندن‌و جوولانەوەی كاریكاتێری‌و ئیزافاتی خۆیەوە بنیەر دڵخۆش بكات‌و لە هێڵی سەرەكی مەبەستەكەی دوور بخانەوە ئەم كارەش ئەگەرچی لە ڕووی هونەری‌یەوە جۆرە ڕازاندنەر وەیەكی بۆ دیمەنەكە دروست‌كردوە ، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆكەوە مەبەستی نەپێكاوە ٠٠ دكتۆرەكە [محمد سعید] لە ژێر سێبەری ڕژێمەكەیدا لە ریزی بورژوایەكی ڕووتێنەو دەوەستێت‌و هەڵسوكەوت‌و جوڵانەوەو پەروەردەكەیشی بێشك دەبێ ڕەنگدانەوەی ژێرخانەكە بن جا چاوەڕوان ناكرێت هەروەكو لە شانۆگەریەكە دا دەبینرا وا هەڵس‌وكەوت بكات‌و لاسایی شارلی شاپلن بكاتەوە ! ٠

هەرسێ پیاوەكانی میریش [ابراهیم حكیم ، مؤید فقی ، جلال احمد] بە دوو شێوە جوولانەوەو دەربڕین دەورەكانیان دەنوواند ، شێوەی یەكەمیان لە باری ڕاستەقینەی كاركردن‌و خوورەوشتی فەرمانبەرە لە دەزگایەكی میری ڕژێمی سەرمایەداری دا كە زۆربەی كاتیان بە قسەی‌پووچ‌و خواردن‌و خواردنەوەو ڕابواردن بەسەر دەبەن‌و خەم لە ڕاپەڕاندنی فەرمانەكانی سەرشانیان نا خۆن ٠٠ لە مەشیاندا سەركەوتوو بوون٠

بەڵام لە شێوەی دووەمیاندا دەرهێنەر زیاتر لە پێویست بایەخی بە كۆمیدیا داوە ٠٠

دیكۆرو ماكیاج :

بەندیخانەكە ڕووی لە جەماوەر بوو لە مەیانەدا دەرهێنەر زیرەكانە مامەڵەی لە گەڵ مەبەستەكە دا كردووە بەڵام دەبوایە ئەو زنجیرەی لاقی مۆكینبۆتی پێ بەندكرابوو ئەستوورتر و بەرچاوتر بووایە ٠

لە ماڵەوەشدا لە جیاتی قەرەوێلە كە سیسەمێكی دوو نەفەری دانراباو بە دۆڵابێكی جل‌وبەرگی هەندێك گەورەو چەند كەلو پەلێكی تر دیمەنەكەیان زیاتر لە ڕووی ڕاستەقینەوە نزیك دەكردەوە ٠

مێزەكانی عیادەی دكتۆر چ داوودەرمان‌و شووشەی پزیشكی جۆربەجۆریان لەسەر نەبوو ٠ بەڵام ئەو جل‌و بەرگ‌و كەلوپەلە پزیشكیانەی تر كە لە عیادەیەكا خواستراببوونەوەو بەكاریان دەهێنان دیكۆری مەشهەدەكەی بۆ دەوڵەمەند كردبوون ٠

سندووقەكانی لای خاوەن‌كاریش دەبوایە زۆرترو گەورەتر بوونایەو دیكۆری ئەم مەشهەدە دەبوایە جۆری ئیش‌كردنی خاوەن‌كارەكەی بۆ بینەاان ڕوون‌بكردایەتەوە ٠ دەرهێنەر لە پەردەی میری دا نەخشاندنی هێلانەی جاڵجاڵۆكەی بۆ تەعبیركردن لە تەمبەڵی‌و كارنەكردنی فەرمانبەرەكان بەكارهێناوە لەمەشیان زیرەكانە مەبەستی پێكاوە ٠ هەروا دیكۆری لای خواوەندیش جۆرە گونجاندنێكی تیادا بەدی دەكرا ٠

بۆ پێشكەش‌كردنی دەقێكی جیهانی وا دەبوایە ماكیاج بابەخی زیاتری درابوایێو دەمەوچاوو سەروسیمای زۆربەی ئەكتەرەكان بە شێوەی ئاسایی‌یان نەمابوونایەوە بەڵام لە بارەی هەڵبژاردنی جل‌وبەرگەوە جۆرە گونجاندنێك پەیرەوكرابوو ٠

پەراوێزەكان :

(١) فؤاد عبدالرحمن ، پیتر فایس ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٧٧ ئاداری ١٩٨٢٠

(٢) چۆن مۆكینبۆت لە نازارەكانی رزگار دەكرێ ، نووسینی پیتر فایس ، وەرگێرانی عەبدوڵڵا قادر محەمەد ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە ٩ حوزەیرانی ١٩٨٣ ٠

كتێبی هاوكاری ـ پاشماوە

ئەوتۆكە بەجوانی‌ی نووسین‌و بەخواست‌و وبیری خۆی لەلای خوێنەران ، بەتارەزوو تاسەیەكی گەورەوە وەرئەگێرێن ٠ بۆ نموونە «ئەڤینا وولات» ، «گوتنا وولات» ، «ئەی وولات» ، «وولات پارێزی» ، «وولات دەردی تەنزاوە» ، «دووری لە نووری» ، «ئەڤینداری» وولاتم ، «كوردستانی كوردان»و هونراوانی تر ٠ بەدلێكی زۆر بەگرو بەوەستایەتی‌ی شاعیرانە ، هۆنراوەی قولنگی پەڕشكستی»ی نووسیوە ، ئەم هۆنراوە ئەلێری بەدوای گۆزانی « ئەفدالی زەینەبە »دا وتراوە ئەوی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی زوڵم‌و وێرانی بریوەوەو بەچاوی كوێری هەر لەگەڵ قولنگا ئەدوێ ٠ جگەر خوێنیش قولنگی خۆی كردووە بە هاوەڵی خۆی ، بەڵام قولنگی جگەر خوێن بەتەواوی باڵی شكاوە ٠ وەك بڵێی شاعیر نەیەوێ حالی نەتەوەكەی لەگەڵ ئەو قولنگەدا بەروارد بكات ٠ ئەمە وێنەیەكی (سیمنولیك) ـ واتە (نیشانە نەخشە كێشان یا ڕەمزیە) ـ كە جگەر خوێن باش لە ئۆدەی هاتوە ٠ شاعیری گەلی كورد لەگەڵ ئەو قولنگە تەواو شكستەیەدا قسە ئەكات ٠

(١)ـ ئەم سەرناوە ، هەروەك ناوی كتێبەكەیە ، هەروەها گراوە بەسەر ناو بۆ ئەم فەسڵەی كتێبەكەش ، لێرەدا دەتوانین باژێر قانی بە شارستانی لێك دەینەوە ٠ (ع٠م)

(٢)ـ دیارە ئەمە لەدەم جگەر خوێنی لە دایك بووی تورگیاو ژیاوی سوریاوە دەوترێن ٠ (ع٠م) ٠

(٣)ـ جگەر خوێن ، سەورا ئازادی ٠ دیوانی دووەم ، شام ، ١٩٥٤ ، ل ٤٣ ٠

(٤)ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٥٧ ٠

● ماویەتی ●

جوانكاری ـ پاشماوە

سپی بێ گەرد وایە ، نەمامێكی بچكۆلانەیە پێویستی بە پەروەردەو خۆماندوو كردنێكی تایبەتی‌و بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی هەر بێ گەربمێنێتەوەو ببێتە دارێكی بەردار بۆ نیشتمانەكەی وكۆمەڵەكەی ٠

ـ هەر لەم بارەیەوە مامۆستا (فخریە)ش وتی :ـ

منداڵ جیهانێكی تایبەتی‌یە ، ئەڵبەتە دەبێ مامۆستای ئەم جۆرە قوتابخانانە كە پێش خوێندنی سەرەتایی‌یە ، بتوانێ مامەڵە پێویستی بە زانین‌و خۆشەویستی‌یەكی بێسنوور هەیە ٠٠

ـ دوایی مامۆستا پەخشان خەلیل دەربارەی ڕەفتاری خۆی لەگەڵ منداڵەكانی قوتابخانەكەدا وتی :ـ

من وەكو خوشكێكی گەورەو دایكێكی مبەرەبان لەگەڵیانا ڕەفتار دەكەم ، ئەم جگەر گۆشانە ئەمانەتن لە بن دەستی ئێمە ، ئێمەش دەبێ بە ئەو پەڕی خۆشەویستی‌و هەست‌كردن بە مەسئولیەت لەگەڵیانا هەڵسین‌و دانیشین ٠

ـ لە كۆتاییدا خوشكە كلثوم عادل خورشید وتی :ـ

ئێمە لێرە دەبێ لە باتی دایك‌و باوك لەگەڵ ئەم منداڵانەدا بجوڵێنەوەو لە دڵسۆزیدا دەبێ جێگەی ئەوان بگرینەوە ٠٠

دەستكاری ـ پاشماوە

لێ فنكلۆرێ كوردی وە نەگوتیە و نابێژیت ، هەروەسا ئەو تێكستێت هەتا نهۆ بلاقەبین و هاتینە چاپ‌كرن وە نەگوتیە ٠ هەمی پێكڤە هێز و شبانەكا مەزنتر ددنە خەجێ ، ڕەوشەكا كچەك كورد دەنێ ، هێزا مێرینێ و زیرەكێ و سوارچاكێ ددەنە پال حەجێ ، هەر چەڤە دبێتە ئەكەرا گرینا چاڤێت خەجێ ، دەمێ كەلیێ كیڤی دبینیت كو بۆ خوە كەلوكەكا ژهەمی كەلا ستاندیە ئەوێ ژی هزرا خوە و ملا بابێ خوە گریە ٠ كا چەوا سیابەندی ئەو ژناف دەستێت دوانزە پسمام و برادا ڕەڤاندیە(٨) ٠

شارباژێری ـ پاشماوە

خوێنی گەرمی قولپ‌بداو بیهەژێنێ ٠

● **مەعقوولە ٠٠ ئەی دوا پرۆژەت چیە ؟**

ـ داستانێكی شیعری درێژە ، دەمێكە بەدەستمە ـ وەیەو ئەم كون‌و ئەو كونی پێ‌ئەكەم تا ئەفەوتێ ، زۆر مەبەستمە بخرێتە بەرچاو ، هەرچەندە ، چەند مامۆستایەكی شاعیر تا ئێستا لایان ماوەتەوە ، ڕەزامەندی خۆیانیان پیشان‌داوە ٠٠ داستانەكە درێژەو دوو ئەوەندەی ئەم دیوانەی دواییەم دەرئەچێ٠٠ تۆبەشم كردوە جارێكی تر خۆم كتێب چاپ بكەم ، چونكە ئەم دیوانەی دراییم زۆری ماندووكردم ٠٠ خۆ كەر دەزگایەكی ڕۆشنبیری بەلێنی دامێ بۆ چاپ‌كردنی، من ئامادەم‌و سوپاسیشی ئەكەم ٠ ٠ ٠ هەر لێرەدا ئەبێ ئەوەش هەلنەبڕێرم كە چەبكە شیعری تریشمم هەن كە زوربەیان ئەبینراون‌و ئامادەی هەلێكن ٠٠ !!

٥ ـ دیسان ژ ناراستێت دكتۆری دبێژیت :

(نێری شاخێت خوە ل سیابەندی (عصام !) دان و هاڤێتە د (بئر ،ئ دا) ٠

وەكو دیار و خوویایە كو (بئر) ل جهێ دەشت و شیڤك تێتە كۆلان بۆ مەبەستا ناف‌دانا پەزێ كوندی ، لێ هەنا نهۆ مە كۆم لێ نەبوویە كو (بئرا) ل ناف چیایی بكۆلن و پەزێ كیڤی ئاڤێ ژێ ڤەخۆت ٠ ژبلی هەندێ ژی هەمی تێكستێت ئلكلۆرێ نقیس‌و نە نقیس دبێژن سیابەند ژ زنارا چیایی سیپانێ خەلات ڤەدرسێت دكەڤیتە ددەریا وانێ دا(٩)٠٠٠

٦ ـ تشتێ دی یێ كو دكتۆری (عمدا) كری ئەوە : (پشتی خەجێ (وفاء !) بێ هیڤی بی ژبژگارگرنا سیابەنەی (عصام !) زۆری‌ڤە !) ٠

نزانم ئەڤ دەستكاری‌یە بۆ مەبەستا چ بووە !! ئایا بۆ مەبەستا ئۆلی‌بە ؟ كو دێسلامێدا خوە كوشتن جەراامە و كۆناهە بان ژی تشتەك دی بن پەردی ڤە هەیە !!

هەر چەوا بێت هەنا نهە كەسێ نەگوتبە و چ تێكستێت چاپ‌كری و چاپ نە كری ژی نە گوتیە خەجێ پشتی سیابەندی زڤربە بۆ مال ٠

بەلكی هەمی ل سەر وێ هەندێ‌نە كو پشتی خەجێ بێ هیڤی دبێت ژ ڕژگارگرنا سیابەندی ئەو بخوە ژی خوە د زنارا چیایی سیپانێدا دهاوێتە سەر سینكێ سیابەندێ سلیڤی و سینكێ سپی و لێلان كۆن دبێت ب كەلەمێ داری ڤە و هەر دوو ب چووت دبێنە شەهیدێت ڕێگا ئەڤین و كەفیندارى یا دبێ دەریا وانێ دا ٠

Institut Kurde de Paris

کامەیە مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ؟

مصلح جەلالی

مرۆڤ و مرۆڤایەتی دووناوی زۆر گەورەن کە نادەمەزاد توانیبیتی تا ئەمرۆدەستی کەوتبێ و کۆمەڵێ بۆخۆی و بۆ ڕازگرتنی ئەمدووناوە پێکبهێنی کە ئەویش کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانەو ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە ..

سی و پێنج ساڵ لەوەوبەرلە خولی سێیەمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دان بەمەمافەدا نراو ئەو مرۆڤەی کە لە بازارەکانی جیهاندا وەکاکەڵوپەل دەفرۆشراو خاوەنی هیچ مافێك نەبوو هەستی بەوە کرد کە ئێستە خاوەنی دەفەو کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان پاڵپشتی ئەوەو بەرگری لێدەکات .. بەڵام بەداخەوە کە ئاور لە فەلەستینی داگیرکراوو لەئێرانو سوریاو لیبیاو هەندێ وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی ئەدەینەوە نەبینین ئەم مافە بەتەواوی پێشێل کراوە ..

لە لوبنان کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای کرد کە یاسر عەرەفاتو چوار هەزارفەلەستینی دەبێ بێ ئەوەی دەستیان بۆ بەرنو لتیان بدەن بچێنە دەرەوەی لوبنان .. لە ئێران کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە ئێران کرد کە شەر دژی عیراقی پێشکەونو رابگرێ .. لە ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی گەلان خۆیان بەکوشت دەدەن بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێ لەژێردەستەیی و بەچاوی سوك تەماشاکردنیان ... کە گرینادا یەکێك بوو لەودەوڵەتانە ...

بەڵام زایۆنی بە پشتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بەیارمەتی ڕژێمەخۆفرۆشەکانی سوریاو لیبیاو بێ ئەوەی گوێ بەخواستەکانی کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان بدات بەوپەڕی درندەیی و ناڵەباری یەوە تۆپبارانی فەلەستینیکان دەکات .. ڕژێمی داخلەدڵی ئێران بێ ئەوەی هیچ دڵی بە گەلانی ئێران بسووتێ هەوویانی ڕاپێچی ئەو شەرە کردووە کە بەسەر عیراقی خۆشەویستماندا سەپانی و گەلانی ئێران لەتۆشتن و بڕین و زیندان زیاتر هیچ قازانجێکیان نە لەوڕژێمە داخلەدڵەی ئێران و نە لەوشەرە کردووە کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران بەسەر عیراقی پێشکەوتوخوازدا سەپانی .. بەڵام ئەوەی کە ئەبێ بیزانین ئەوەیە کە تاوانباری هەرەگەورە ئیمپریالیزمی ئەمەریکایەو ئەویشە کەوا لە زایۆنی دەکات بە پشتی ڕژێمی سوریاو لیبیا گوێ نەداتە بانگەوازی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و بە ئاردزووی خۆی بکەوێتە قەلاچۆکردنی فەلەستینییەکان و هەرئەویشە کە هانی ڕژێمی ئێرانی دا کە شەر بەسەر عیراقدا بسەپێنێ و هەوڵدەدات عیراق لە یارمەتیدانی گەلانی جیهان و ناوچەکە دووربخاتەوە . هەر ئیمپریالیزمی ئەمەریکایە کە بنکە ئەتۆمییەکان لە وڵاتاندا چەسپ دەکات و نیازی جەنگێکی وێرانکاری وقەلاچۆکردنی ئادەمیزادی هەیە .. چونکە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا .. واتە مۆنۆپۆڵەکان نایانەوێ کە مرۆڤ هیچ مافێکی هەبێ و هەمیشە ژێردەستەبێ تاکو بەرهەمو ڕەنجی وڵاتان هەموو بۆ خۆیان هەڵبلوشن و .. لام وابێ ڕەنگە کارەساتی نازی یەکانو دادگاکانی نۆرەمبورگمان زۆر لە بیر نەچووبێتەوە کە چییان بە مرۆڤو مرۆڤایەتی و پێشکەوتن کردو ئەوەشمان باش ئەزانین کە سەرکەوتن هەمیشە بۆ میللەتانە .. ئیمپریالیزم و مۆنۆپۆڵەکان چییان لە ڤیتنام پێکرا لەهەموو لایەك هەروایان پێدەکرێ و ڕووڕەشی هەمیشە بۆ ڕژێمی نەزانی ئێران و زایۆنی و سوریاو لیبیایە کە بەزورنای ئەمەریکا هەڵئەپەڕن و بەربوونەتە گیانی گەلانی ناوچەکە بەگشتی و سەرکەوتن هەر بۆ عیراقی مەزنە کە ڕوئەکانی بەدڵ و بە گیان بەرگری لە سەربەستی و پێشکەوتنی دەکەن و سەرکەوتن بۆ گەلی ئەمرو دلێری فەلەستینەو ڕۆژێك هەردەبێ بگەڕێتەوە نیشتمانەزەوت کراوەکەیان .. . لەبەر ئەوە پێویستە هەموو کەسێ ئەوە زۆرباش بزانی کە ڕێزی ناوی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەو خەباتە سەختە گرانەیە کە مرۆڤ پێشی هەموو شتێ دژی ئیمپریالیزم و مۆنۆپۆڵەکان دەیکات .. لەسەرو هەموویانەوە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا کە هەمیشە دژی ئادەمیزادو ناوی مرۆڤ و پێشکەوتنی گەلانەو بەهەموو جۆرێ تالانو بڕۆی گەلانی سەرزەوی ئەکات .

لە وەرزی ڕۆشنبیری دەزگاکماندا

ئێوارە کۆڕێك دەربارەی «تەمەن درێژانی کورد»

رۆژی دووشەممەی رابووردوو تر ، لیژنەی ڕۆشنبیری دەزگاکەمان ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لەهۆلی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا ، ئێوارە کۆڕێکی ساز کرد ، کە تیایدا مامۆستا عبدالستار طاهر شریف باسێکی زانستی دەربارەی « تەمەن درێژانی کورد » پێشکەش کرد .

باسەکەی مامۆستا عبدالستار ، بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە بوو دەربارەی دیاردەی تەمەن درێژی دوایی ئەو نموونانەی کە خاوەن باس لە ناوچەی کوردستانداو لە کۆمەڵی کوردەواری دیونی ، لە تەمەن درێژەکانو باسێکی خەستی تاقی کردنەوەی ژیانیانو گوزەرانی ئەوساو ئیستایان لەڕووی توانای بیرو تەندروستیو لایەنەکانی تری ژیانەوە .

ئەوەی شایانی باسە ، مامۆستای خاوەن باس بەلگەو کەرەستەکانی باسەکەی بەتۆمار کراوی لەرێی فیدیوە پیشان ئامادە بووانداو گفتوگوی لەگەڵ سێ تەمەن درێژدا کرد وەك نموونەو بەلگەی باسەکەی .

کۆڕەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاندو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانو هاوولاتیان ئامادەی بوونو لەکۆتاییدا بەگەرمی گفتوگو لەسەر ئەم باسە کرا ، کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەکەلکەو خاوەن باسی ماوەیەکی زۆرە لەگەڵی هیلاك دەبێتو پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە دەربارەی تەمەن درێژی لە ناو کۆمەڵی کوردەواریداو بەردەوامە لەکەڕانو چاو پێکەوتنی راستەوخۆی تەمەن درێژەکان .

ئەمەو کۆڕەکە لەلایەن برادەر ئاك محمود زامدارەوە پێشکەش کرا

« هاوکاری » لە هاوینەهەواری صلاح الدین دا

- پەردپێدانی گەشتگوزاری بەردەوامە ....
- جەماوەرانی صلاح الدین چەك هەڵدەگرن بۆ پارێزگاری کردن لە وڵات ...
- چڕۆکانی باخچەی ساوایانی « پیرمام » هەمیشەلە گەشانەوەدان ...

جوانکاری لە هاوینەهەواری صلاح الدین ئەرکی سەرشانی لەمووڵایەکە

عبدالوهاب تاڵەبانی
ناظم دلبەند

- جەماوەری ناوچەکە چەك هەڵدەگرن ...

لەو گەڕانو سوڕانەماندا لە بارەگای حزب لە صلاح الدین چاومان بە هەفال جاسم محمد لفتە ڕازگری ڕێکخراوی حزب کەوت دەربارەی بە دەنگەوە هاتنی بێتە دی ... هەتا سەرەڕای جەنگی پیرۆزمان دژی ڕژێمی بەگرێگیراو لە ئاران ، پرۆژەی گەشتگوزاری بەردەوامە ، وەك ئۆتێلێکی گەشتگوزاری کە ١٥٤ هەزار دیناری ئێدەچێ .. سەرەڕای چەند ئۆتێلێکی تر لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە ، بێگومان ئەمەش خزمەتێکی باش دەبەخشێ ... لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ هاوولاتیان زیاتر لە جاران یارمەتیمان بدەن ، چونکە بێ یارمەتی ئەوان ناتوانین کارەکانمان مەبسەر بکەین ...

کە کۆلینەوە ... لە ڕووی یارمەتی دانو پەرەپێدانیش لێپرسراوان دریغی ناکەنو لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی سەرەك صدام حسین بۆ باری گەشتگوزاری توانراوە زۆر لەم پێشنیارانەمان پەروەردەی هونەری منداڵان فەراموش نەکاتو ئەم پیشانگایە هەوڵێکە بۆ هاندانی بەهەروەزان و گەشت کردن بە جیهانی ڕەنگینی منداڵاندا .

قوتابی (ئەسمەهان جلال) یش وتی :-

- هەفتەی دوو ڕۆژ لە گۆڕەپانی قوتابخانەکاماندا ڕائەوەستین و وێنەی چیا سەر بڵندەکانی هەندێزو کۆڕەکو زەوزەك دەکێشین .

قوتابی (مهاباد عبدالله) ش وتی :

- ڕقی گەورەم لە خومەینییە چونکە منداڵانی کوردستانی ئێران دەکوژێ و شەڕمان پێدەفرۆشێ .

قوتابی (ناوات عزیز) یش وتی :

- لە نیگارەکەمدا دەمەوێ بڵێم بە کوردو عەرەبەوە بەرگری لە خاکی عیراقمان دەکەین .

لقی هەولێر

چەك هەڵگرتن لە ناوچەکەدا وتی :-

هەموو کەسێك لە ئێمە دەبێ باوەڕی تەواوی بە عیراقو عیراقیەتی خۆی هەبێت ... بێگومان سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش گەلێك دەسکەوتی بۆ گەلی کوردستان لە ناوچەی کوردستاندا هێناوەتە ئایەوە ، ئەمڕۆش کە بۆ چوار ساڵ ڕژێمی خومەینی بەگرێگیراو بە زۆرە ملی شەڕی هێناوەتە سەر گەلەکەمان پێویستە هەموو لایەکمان بەرگری لە خاکی خۆمان بکەین ... گەلی کوردیش بێشك لەگەڵ عیراقو لەگەڵ فیکرەی صدام حسین دایە بەرگری لە نیشتمانی خۆی دەکات کە عیراقی هەموومانە ... لەگەڵ یەکەمین بانگەوازی چەك هەڵگرتن .. ڕۆڵە کوردەکانی ئەم ناوچەیە ئامادەیی خۆیان دەربڕی و بە ئایینەت هۆزەکانی (خۆشناو ، زرازی ، هەرکی ، گەردی)و هەموو ئەو ئینسانە بە جەرگانەی کە پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی عیراق دەکەنو باوەڕی تەواویان بە یەکسانی کوردو عەرەب هەیە ..

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی مێژوویی پڕ لە سەرفرازییە چونکە ڕژێمی بێ ئەقڵی خومەینی وا دەیەوێ ئەمجارەیان لە خاکی کوردستانەوە بێتە ناو عیراق بەڵام هەحالە .. جا بۆ ئێمە هەموومان نەبیە شەهید لەم ڕێبازە پیرۆزەدا .

- باخچەی ساوایانی « پیرمام » هەمیشە دەگەشێتەوە ..

لە ساحتمانێکی نوێدا ، لە هاوینەهەواری صلاح الدین هەشتا منداڵی بچکۆلانە هەنگاوە سەرەتایان لە مەیدانی فێربوونو پەروەردەدا دەنێن .. هەشتا جگەر گۆشەی جوانکیلە بە جلو بەرگی پاکو کتێبو دەفتەری خوێندنەوە لە پۆلەکانیاندا دانیشتوون گوێ لە مامۆستاکانیان دەگرن .

- خوشکە پەروین فخرالدین دەربارەی ئەرکی وەکو مامۆستایەك قسەی بۆ کردین و وتی :-

منداڵ وەکو لاپەڕەیەکی بروانە ل ٧

جیهانی منداڵان

لە چالاکی یەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردبەش ڕەواندوز

منداڵانی ڕەواندوز وێنەی خۆشەویستی ئەکێشن

لە ١٩٨٣/١٢/١دا بەسەرپەرشتی بەڕێز بەڕێوەبەری ناحیەی ڕەواندوز کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێر بەشی کۆمەڵەی ناوبراو لە ڕەواندوز پیشانگایەکی بۆ نێگاری منداڵان کردەوە .. لەم پیشانگایەدا هەشتا قوتابی لە هەشت قوتابخانەی سەرەتایی یەوە تیا بەشداریان کردبوو ..

منداڵانی ڕەواندوز لە نیگارە جوانیکیلەکانیاندا خۆشەویستی خۆیان بۆ نیشتمان و ڕقی گەورەیان بەرامبەر شەڕفرۆشانی ڕژێمی خومەینی خوێن ڕێژ دەربڕیوە .

مامۆستا زرار محمد سکرتێری بەشی ڕەواندوز وتی :-

- بەهەرەی هونەری لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات بۆیە پێویستە مامۆستای هونەری لەم قۆناخەدا گرنگییەکی تەواو بەم لایەنە بدات ، کۆمەڵەشمان بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە

پۆپەکەم

لەتیف هەلمەت

تۆپەکەم سرکو شەنگە
پڕ لە گوڵی ڕەنگ ڕەنگە
زۆر ئەمەڵدارەو دلسۆز
ژویرم ناکا یەك تۆز
ڕۆژانی هەینیو پشو
وازی دەکەین دوو بە دو
هەڵی دەدەم بۆ ئاسمان
دێتەوە بۆ لام دیسان
دەیبارێزم لە سوژن
لە قەڵبەو دەمە ئاسن
تۆپەکەم خۆشەویستە
چاودێریمی پێویستە
هەر مناڵێ نەکبێ بۆی
بپارێزی تۆپی خۆی
کە گەورە بۆ بە چاکی
کۆشش ناکا بۆ خاکی
ناتوانێ شاری مەزن
بپارێزێ لە دوژمن
من منالێ بەهێزم
تۆپی خۆم دەپارێزم
گەورەشی بووم پاسەوانم
بۆ گەڵو نیشتمانم

هاوکاری

دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء مەیدانی الخلانی تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥

Institut Kurde de Paris